# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤١١)- (٣٩)ی نیسانی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا

ئەوەی کوردستان دەپارێزێت هەڵبژاردن و دیموکراسی نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە خەڵك لەگەڵ نەتەوە و نیشتمان ئاشت بکرێتەوە

هەولێر بەشدار بووە بۆ ئەوەی ئەمریکا و سەرۆکەکەی ڕازی بن کە پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەن

عێراق وەک دەوڵەت سەقامگیر نابێت، ئەگەر کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکات

# کاریزمای بارزانی و ئەزموون و مێژووەکەی وادەکات هەوڵە نیشتمانییەکەی لەم قۆناغە سیاسییە دژوارەدا بەرهەمدار بێت






# بابەتی پێشمەرگە دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق ٢٠٠٥

## ١١٢

بڕگەی (٥)ی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراق بەم جۆرە باسی هێزەکانی هەرێمی کوردستان دەکات:

هەرچی پەیوەندیی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە بە حکوومەتی هەرێمەوە پەیوەستە؛ بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ماددە دەستوورییەدا، چەندان کۆبوونەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا پێک هاتن، ئەمەریکییەکانیش بەشدارییان لە چەندان کۆبوونەوەدا کرد. جەنەڕاڵ دێمیسی، خۆی چەند جاران لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بوو. شاندی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولقادر عوبێدی بوو. لە هەرێمی کوردستانیش من لەگەڵ ستافێکی وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە بووین.

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکاندا، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە دوو فیرقەی چیایی لە هێزەکانی پێشمەرگە دابمەزرێت. ڕێوشوێن و ئامادەکارییەکان لەم بارەیەوە گیرانە بەر، بەڵام لە کۆتاییدا بەغدا پاشگەز بووەوە. خاڵێکی گرنگی کۆبوونەوەکان دەسنیشانکردنی میزانییەی هێزی پێشمەرگە بوو. دوای زنجیرە کۆبوونەوەیەک لە هەولێر و بەغدا سەبارەت بە میزانییەی پێشمەرگە، گەیشتینە ئەم ڕەشنووسە: (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە میزانییە و پشک و چەکدارکردنی پاسەوانانی هەرێمی کوردستان ڕێک کەوتن، وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگری نیشتمانی).

سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکانی پەیوەست بە پێشمەرگە بە شاهیدیی ئەمەریکییەکان، بەغدا پابەندی هیچ ڕێککەوتننامەیەک نەبو و، یەک دیناریش وەک میزانییەی پێشمەرگە سەرف نەکرا؛ یەک پارچە چەک و تەنانەت یەک فیشەکیش بۆ پێشمەرگە ڕەوانە نەکرا. بەوەش نەوەستان، بەڵکوو ئەمەریکییەکانیشیان ڕازی کرد کە ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن. نە عێراق و نە ئەمەریکا هیچیان هاوکاری و یارمەتیی پێشمەرگەیان نەدا.






عەبدولڕەحمان سدیق

## بەرپرسیارێتیمان بەرانبەر ئەو زەوییەی لەسەری دەژین



داليا ئيبراهيم:

## كارەكەم بۆم بووەتە سەرچاوەی داهات و بە هيچ شێوەيەک بير لە كارمەندی ناكەمەوە



لۆرا خەليل:

## شێواز و ستايلی من جياوازە لە هونەرمەندانی ديكە



كازيوە شاهۆ ئەمين:

## بۆ بەشداريكردن لە پاڵەوانێتييەكاندا دەرگا والا كراوە بە ڕووی ياريزاناندا


■ خاوەن ئيمتياز
شەوكەت شێخ يەزدين
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسين
د.هێمن غەنی

■ سياسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێيان فەرهاد
بەهادين جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەليل بلەيی
سەنگەر شنۆيی
مەهدی حاجی ساڵح
كارزان كانەبی
ڕێبين ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارايی:
سلێمان ياسين

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشيدی

■ وێنەگران:
كەمال تاكريی
هاوكار ڕەحمان

بۆ ڕيكلام كردن پەيوەندی بكە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆكسانا - هەولێر
ناونيشان: هەولێر -ڕووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

شازدەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا



ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٢٤ بازنەی گفتۆگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و بەرهەمدار لەسەر پرسی خەڵك و نیشتمان، شازدەیەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، مەحفووز مایی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد و فەرهاد محەمەد) ئامادەی بوون، چەند پرسێکی تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان زۆر بە چڕی تاوتوێ کران و گەنگەشەیان لەسەر کرا و سەرەنجام کۆبوونەوەکە بڕیاری دا کە گفتوگۆی ئەمجارە بە ناونیشانی «هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك خاڵ لەبەر گیران:

- ئاستی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتووەتە ئاستێك کە بواری ئەوە هەبێت، بە ئاشتی و دیالۆگ لە شوێنێکدا ڕابوەستێت و بارودۆخەکە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بۆیە بە هەر دوو دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە چاوەڕێی وەرچەرخانێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت.
- هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەی لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، لە هەمان کاتدا بەشێکە لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق و، هەردووکیشیان پێکەوە لەگەڵ ئەوەی بە فەرمی تەرەفگیری هیچ لایەك ناکەن لە دژی لایەکی دیکە، بەڵام زەحمەتە بتوانن خۆیان لە پریشکی ئەم شەڕ و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییە بەدوور بگرن.
- لەبەر ئەوەی ئەم ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر عێراق و کوردستان هەیە، بڕیار درا، گفتوگۆکە فراوان بکرێت لە گفتوگۆیەکی کوردستانییەوە بۆ گفتوگۆیەکی فراوان لەسەر ئاستی عێراق، بۆ ئەمەش کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بانگهێشتی برایانی سیاسەتمەداری عەرەب بکەین.
- بۆ ئەوەی گفتوگۆکە سنووردار نەبێت بە بەشداربووانی ئامادەبوو، کۆبوونەکە بڕیاری دا، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و تێیدا ڕای پسپۆڕ و سیاسەتمەداران وەربگیرێت، بۆ ئەوەی پێش گفتوگۆکە لەسەر سکرین نمایش بکرێت و پاشان گفتوگۆکە دەستی پێ بکرێت، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی ڕایەڵەك لەگەڵ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و گفتوگۆکە دروست بکەین.

بۆ ئەم گفتوگۆیە کە ڕۆژی ٢١ی نیسان لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو، بازنەی گفتوگۆ ئەم بەڕێزانەی بانگهێشت کردبوو.

- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- د.یەحیا ئەلکوبەیسی، توێژەر لەبارەی ڕەوشی سیاسی لە عێراقدا.
- ئەبو میساق ئەلمەساری، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- حوسێن یەزدانپەنا، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان.
- شێخ سدیق جێگری سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
- د.محەمەد ئیحسان، ئوستاد و توێژەر لە زانکۆی (yale)ی ئەمەریکی.
- د.محەمەد بازیانی، وەزیری پێشووی هەرێمی کوردستان، گوتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی لە کوردستان.
- د.ئەنەس دۆسکی، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی –یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان
- د.شێرزاد زەکەریا،مامۆستای زانکۆ – زاخۆ
- ڕابەر تەلعەت، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی سبەی
- عەبدوڵا ساڵح، سیاسەتمەدار
- گۆران جەلال، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشان.


- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ: شڤان حەمدی، مەحفووز مایی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد.



## ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا

بازنەی گفتوگۆ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێم و نیودەوڵەتیدا»، لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە کردووە، سەبارەت بە پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم گێژاوەی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتییەی کە ئێستا ناوچەکە و تەواوی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە. لەم ڕاپۆرتەدا ڕا و بیروبۆچوونی جیاواز لە پسپۆڕ و ئەکادیمییەکانی کوردستان وەرگیراوە، ئەم ڕاپۆرتە پێش دەستپێکردنی گفتوگۆی بازنەی گفتوگۆ لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووانی بەشداربووی گفتۆگە پیشان درا، بۆ ئەوەی بەشداربووان گفتوگۆی لەسەر بکەن، لە هەمان کاتدا دیدوبۆچوونی ئامادەبووانی گفتوگۆکە بە ڕای تەواوی هەرێمی کوردستان گرێ بدەینەوە.



**د.هلۆڤان حوسنی**

**مامۆستای زانکۆی دهۆک:**

# هەرێمی کوردستان نایەوێت ببێتە بەشێک لەو کێشە و تەنگژانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن

**د. هلۆڤان حوسنی، مامۆستایە لە زانکۆی دهۆك و لەسەر ئەو ململانێیانەی لە ناوچەکە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان، بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی:**

جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان، جوگرافیایەکی داخراوە و بەچەندین وڵات دەورە دراوە و ئەم وڵاتانەش بە درێژایی مێژوو ململانێ و کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی گەشبینییە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی لۆژیکییانەیان بەرانبەر ئەو دەوڵەتانە پیادە کردووە و خۆیان نەکردووەتە لایەن لە کێشە و ناکۆکییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا، یان بە شێوەیەکی دیکە حکومەتی هەرێم نەبووەتە لایەنگری وڵاتێك لە دژی وڵاتیکی دیکە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵی دیپلۆماتی و کەسیی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی دراوسێ هەبێت و دڵنیایان بکاتەوە، لەوەی کە هەرگیز هەرێمی کوردستان نابێتە کێشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو دەوڵەتانە.

لایەنێکی دیکە کە ئێستا وەك سیاسەت پیادەی دەکات، ئەوەیە کە لەسەر ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نەبێتە لایەنگری هیچ لایەك و هاوسەنگی لە نێوان هەموو لایەنەکاندا ڕابگرێت و، هەوڵی داوە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەرێمی کوردستان لەناو ئەو گێژاو و تەنگژەیە پارێزراو بێت.




**بێوار نێروەیی**

**مامۆستای زانكۆی دهۆک:**


# گرنگە هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆی بە حکومەتی فیدراڵیی عێراق گرێ بداتەوە

**بێوار نێروەیی، مامۆستایە لە زانكۆی دهۆك و سەبارەت بەو مەترسی و ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و، ئەو ململانێ و گێژاوەی کە ئێستا ناوچەکەی گرتووەتەوە بەمجۆرە بۆ ڕاپۆرتەکە هاتە ئاخافتن:**

لەگەڵ ئەوەی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدایە و بەپێی دەستووری عێراق کە سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماتی تەنیا سنووردار کراوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و دەوڵەتی فیدراڵی بەرپرسیارە لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ململانێ و کێشە و تەنگژە نێودەوڵەتییەکان دەکات، بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان هەڵوێست و مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئەو تەنگژە و کێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە، هاوکاریی حکومەتی فیدراڵی عێراق بکات و هەڵوێستی خۆی بە هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە گرێ بداتەوە.

هەرێمی کوردستان هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کە دامەزرا، ئەو کات دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتی دیفاکتۆ بوو، لەناو ئەو دەسەڵاتە دیفاکتۆیەش توانیی هەم هەرێمی کوردستان بپارێزێت، هەمیش سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

لە ئێستادا عێراق و هەرێمی کوردستان بەراورد بە لایەنەکانی دیکەی ململانێکان، لە بەرەیەکی بەهێزدا نین، تا بتوانن تەرەفگیریی لایەك بکەن دژی لایەکەی دیکە، بۆیە زۆر گرنگە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە نەدەن، خاکەیان ببێتە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانی ناوچەکە.

جەبار محەمەد
مامۆستای زانکۆی سلێمانی:

# دەبێت حزبە سیاسییەکان دەستبەرداری بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان بن و بیر لە بەرژەوەندیی کوردستان بکەنەوە

**جەبار محەمەد مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و دەربارەی ئەو ڕەوشەی ئێستا عێراق و کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی بۆ ڕاپۆرتەکە خستەڕوو:**

ئێران وەك هێزێکی گەورەی هەرێمی، هەرگیز ئەوەی نەشاردووەتەوە کە بڕوای بە هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئێران بە ئاشکرا دەیەوێت، پەل بهاوێت بۆ دەرەوە و چەندی بۆی دەکرێت، قەوارەی خۆی فراوان بکات و، ناوچەکە بخاتە ژێر هەژموون و باڵادەستیی خۆیەوە، لە بەرانبەریشدا ئەمریکا کە هەتا ئێستاش خۆی بە «سۆپەر پاوەر»ی جیهان دەزانێت، ئەم فراوانخوازییەی ئێرانی قبووڵ نییە و دەیەوێت سنووری بۆ دابنێت، بۆیە چەندین ساڵە ئەم بەریەککەوتنە لەژێر ناو و ناونیشان و بیانووی جۆراوجۆردا بوونی هەیە. هەر بۆ نموونە چەند مانگێك پێش ئێستا ئێران بە موشەکی بالیستیکی هێرشی کردە سەر هەولێر، بەڵام لە بەیاننامەکەیدا وای پیشاندا کە هێرشی کردووەتە سەر بنکەیەکی ئیسرائیلی لەناو هەولێر، کە ئەم بیانووە هیچ بنەمایەکی نەبوو ئەوە بوو لیژنەیەکی باڵا لە بەغداوە هاتن و ڕایانگەیاند، ئەوەی ئێران دەیڵێت، هیچ بنەمایەکی نەبووە.

بۆ ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، زۆر گرنگە پێگە و قەوارەی خۆمان بزانین. ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتێکدا کە پێی دەگوترێت عێراق و ڕێککەوتنێکیشمان بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتەی ئێستا هەیە کە لە بەغدا دەستبەکارە، بۆیە بۆ ئێمە باشترە هەوڵ بدەین ئەو ماف و دەسەڵاتانەی لە دەستووردا هەمانە، سازشی لەسەر نەکەین و پارێزگاری لەو ماف و دەسەڵاتانە بکەین کە لە دەستوورەکەدا دیاری کراون.

خاڵی دووەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك دامەزراوە و دەسەڵاتمان هەیە، وەك «پەرلەمان، حکومەت، دادوەری»، لە ئێستادا ئەم دامەزراوانە بە کۆمەڵێك هۆکار ئاستەنگیان بۆ دروست کراوە و پەرلەمان هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە زۆر گرنگە هەموو پێکەوە بیر لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەینەوە و هەوڵەکان بکەین بە یەك، بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە کارا بکەینەوە، کاراکردنەوەی ئەم دامەزراوانە زۆر گرنگە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و هەروەها پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

خاڵی سێیەم، گرنگە بیر لە داڕشتن و پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەینەوە، کە لە ئێستادا چەند ڕەشنووسی دەستوورمان هەیە و دەکرێت پەرلەمانی داهاتوو لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوە بەو ڕەشنووسانە بکات

و پاشان بیکاته دەستوورێکی باش و بیداتە ڕاپرسی بۆ ئەوەی لەلایەن گەلی کوردستانەوە پەسەند بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە ناوچەیەکداین کە بێلایەنی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان توانیویەتی خۆی لە تەرەفگیری بپارێزیت، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد، بارودۆخی ئەم ناوچەیە زۆر ئاڵۆزە و زۆر جار هەیە ئاراستەی ڕەوتی تەنگژە و ململانێکان فەرزی دەکات و تێوەدەگلێین. ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەوەی دەوڵەت نین، پارێزبەندیی نێودەوڵەتیمان نییە، هەتا ئەگەر هێرشیان کردە سەرمان، ئەوا بێنە دەنگ و غەدرەکەمان لەسەر لابەرن.



بۆ ئێستا دەبێت دوو خاڵ لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئەوەی پێی دەگوترێت جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکان، ئەوا ئەوانە خەریکی کاری ڕۆژانە و دابینکردنی بژێوی خۆیانن، بەڵام دەستەبژێرە سیاسییەکە دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بن، چۆن بەرنامە و پلان بۆ ئەم بارودۆخەی کوردستان دادەڕێژن و کارێك دەکەن کە ئەم قۆناغە تێپەڕێنین. بەداخەوە ئێستا جۆرێك لە پەرتەوازەیی و ساردوسڕیی سیاسەت لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە، هەروەها لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانییش بە جۆرێك لە جۆرەکان ساردوسڕی هەیە، بەڵام ئەم دوو لایەنە سەرەکییە کە خاوەنی مێژوویەکی درێژی خەبات و تێکۆشانن، دەبێت لەوە ئاگادار بن، بەرپرسیاریەتیی ئەم بارودۆخە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی ئەوان، بۆیە زۆر گرنگە دەستبەرداری بەرژەوەندی و تێڕوانینی تەسکی حزبیی خۆیان بن و هەوڵەکان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی تەبایی و یەکڕیزی لە کوردستاندا دروست بکەنەوە.

دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، بە زووترین کات لە کوردستاندا هەڵبژاردن بکرێت و دووبارە پەرلەمانی کوردستان کارا بکەینەوە. ئەم پەرلەمانە دەبێت ببێتە چەتری شەرعییەت و هەموومان پێکەوە کۆبکاتەوە و، بیر لە ڕێکخستنەوەی تەواوی ژێرخانەکانی کوردستان بکەینەوە، بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی بۆ گەلی خۆمان دابین بکەین.



## د.یادگار عەلی

**مامۆستای زانکۆ- گەرمیان:**

# هەڕەشە و ئالنگاریی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان، پەرتەوازەیی سیاسی و نەبوونی یەک گوتاریی حزبەکانە

**یادگار عەلی، مامۆستای زانکۆیە لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا هەرێمی کوردستان پێدا تێدەپەڕێت و کاریگەریی ئەو گێژاوی ململانێیەی لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ڕاپۆرتەکە خستەڕوو:**

ناوچەکە بە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و گێژاوی ململانێیەکی توندی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا تێدەپەڕێت، هەرچۆنێك بێت، دەبێت هەوڵ بدەین خۆمان بپارێزین و نەبینە تەرەفگیری هیچ لایەك، بەڵام پریشکی ئەو گێژاوی ململانێیەمان بەردەکەوێت، هەروەك چۆن لە ڕابردوودا بەرمان کەوتووە.

پێگەی جوگرافیی کوردستان بەو جۆرەیە کە کەوتووەتە نێوان دوو جەمسەری گەورەی ئەم ململانێیە، کە ئەویش هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانە، ئەم دوو دەوڵەتە چەند کێشە و جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوە نەبوون کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم هەرێمە دروست ببێت و، دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ئیرادە و حەز و ویستی ئەوان بووە، هەر بۆیە چەندی بۆیان بکرێت، کار بۆ لاوازکردنی دەسەڵات و دەستکەوتەکانمان دەکەن و دەیانەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان بچووك بکەنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٩ هەوڵەکانی بۆ فراوانخوازی و سەپاندنی هەژموونی خۆی بووە بەسەر تەواوی ناوچەکەدا، لە ئێستاشدا دەبینین ئەم هەژموون و باڵادەستییە هەر لە «عێراق، سووریا، لوبنان، فەلەستین، یەمەن» دەرکەوتووە و، لە زۆر وڵاتانی دیکەی جیهانیش بە شێوازی دیکەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ هەژموونی خۆی سەپاندووە، هەر بۆیە هەر کیان و دەوڵەتێك ملکەچی ئەم ئاراستەیەی سیاسەتی هەژموون سەپاندنەی ئێران نەبێت، ئێران وەك بەربەست سەیری دەکات و هەوڵ دەدات ئەو بەربەست و ئاستەنگانە لە بەردەمی خۆی لابەرێت.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هەوڵی داوە، بە دوور بێت لە سیاسەتی تەرەفگیریی لایەك دژی لایەکی دیکە، بەمەش سیاسەتێکی تا ڕادەیەك سەربەخۆی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناو ئەو تەنگژە و ململانێیانە پیادە کردووە. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هاوسەنگیی خۆی پاراستووە، بەڕاستی لە ڕوانگەی سیاسەتی هەژموون سەپاندنی ئێران، ئەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستانی پێ هەزم ناکرێت، بە ئەزموونیش دەرکەوتووە، ئێران ئەو لایەنانە لە عێراقدا بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، کە ئامادەییان هەیە هەژموون و باڵادەستیی ئێرانی قبووڵ بکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، ئامانجی ئێران ئەوەیە هەرێمی کوردستان بۆ ناو ئەم گێژاوی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییە پەلکێش بکات و، نایەوێت هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە سیاسەت بکات، کە لەگەڵ خواستی ئەو یەك ناگرێتەوە. ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان کە بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێرانە کە بتوانێت ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەری، بۆیە هەر جارەو بیانوویەك بە هەرێمی کوردستان دەگرێت و بە شێوازی جۆراوجۆر هێرش دەکاتە سەری و، لەسەر ئاستی لێژنە باڵاکانی حکومەتی عێراقیش دەرکەوتووە و دانیان پێدا ناوە، کە بیانووەکانی ئێران هیچ بنەمایەکی ڕاستیان تێدا نییە و ئەوەی دەیکات، شەڕفرۆشتنە بە هەرێمی کوردستان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، ئێران بە شێوەی پراکتیکی ناتوانێت و ناوێرێت هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و عێراقیشدا، بۆیە هەوڵ دەدات هێرش بکاتە سەر هەولێر، لەلایەك بۆ ئەوەی بە ئێمە بڵێت « ئەوەتا هێرشتان دەکەینەسەر و ئەمریکاش پشتگیریتان ناکات»، لەلایەکی دیکەش دەیەوێت بەم هێرشانەی تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو و هەر لە سەرەتای

دامەزراندنییەوە هەوڵی داوە، هاوسەنگیی خۆی بپارێزێت و کارێك نەكات كە هەڕەشە بێت بۆ هیچ كام لە وڵاتانی توركیا و ئێران و تەنانەت لەسەر بوونی حزبەكانی ڕۆژهەڵاتیش لە هەرێمی كوردستاندا، حكومەتی هەرێم هەوڵی داوە بە شێوەکی وا ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر كە بیانوو نەدرێتە دەستی ئێران، بۆ ئەوەی هێرش بكاتە سەر هەرێمی كوردستان، بەڵام لە ڕاكێشانی بەرژەوەندی و وەبەرهێنان و كۆمپانیاكانی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ ناو هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە وەك پێویست ئەو هاوسەنگییە ڕابگرێت و وەك دەبینین بوونی كۆمپانیا و بزنێسی توركیا لە هەرێمدا لە هی ئێران زیاترە، بۆیە لەم لایەنەشەوە زۆر گرنگە هەرێمی كوردستان هەوڵ بدات، زیاتر بەرژەوەندی و وەبەرهێنان و بزنێس و كۆمپانیاكانی ئێرانی بهێنێتە هەرێم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو بەرژەوەندییانە هەندێك لە كێشەكان چارەسەر بكرێن.

لە كۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم، كێشە و گرفتی سەرەكی و هەڕەشە و ئالنگاریی گەورە لەسەر هەرێمی كوردستان پەرتەوازەیی سیاسی و هەڵوێستی جیاوازی حزبە سیاسییەكانە، كەوەك ئێستا دەبینین، حزبە سیاسیەكان لەسەر یەك پرسی هەرێم بەرانبەر بەغدا و دەوڵەتانی دەوربەر یەك گوتار نین و، ئەوەشی زۆر خراپە، ئەوەیە كە ئەم پەرتەوازەییە لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشمانیی كوردستانە كە لەسەر هیچ پرسێك گوتارێكی هاوبەش و یەكگرتوویان نییە.

هەر بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەكی نیشتمانیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم كێشە و تەنگژە و ئالنگارییانە بكەین كە ڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان دەبنەوە، ئەوا خاڵی گرنگ ئەوەیە لە ناوخۆی خۆمانەوە دەست پێبكەین و خاڵە لاوازەكانی خۆمان دەستنیشان بكەین و هەوڵ بدەین ئەو لاوازییانە نەمێنێت و ئیرادەیەكی یەكگرتووی بەهێز بێتە ئاراوە و بتوانین بەرنامە و پلانمان هەبێت، هەموو پێكەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە و ئالنگارییانە ببینەوە.

## د.كارزان عومەر

مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی:

# بێلایەنی لە ئاستی ململانێكانی ناوچەكە لەلایەن ئێرانەوە قبووڵ ناكرێت

د.كارزان عومەر، مامۆستایە لە زانكۆی سلێمانی و سەبارەت بە پێگەی جیۆپۆلیتیكی كوردستان و ئەو هەڕەشە و ئالنگارییانەی لەلایەن دەر و دراوسێوە دەكرێتە سەری، بەمجۆرە بیر و بۆچوونەكانی خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەربڕی:

پێگەی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە. ڕاستە هەرێمی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆ نییە و هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام جوگرافییەکەی کە چەند وڵاتی وەك «تورکیا و ئێران و سووریا» بە عێراقەوە گرێ دەداتەوە، گرنگییەکی تایبەتی بەم پێگە جوگرافیایەی داوە، زیاد لەمەش هەرێمی کوردستان جیا لەوەی خاکێکی بەپیتی بۆ کشتوکاڵ هەیە و سرووشتێکی جوانی بۆ گەشتیاری هەیە، لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندە بە کانزا و سەرچاوەی سرووشتی و وزە، ئەمەش وای کردووە کە هێزە هەرێمییەکان چاو ببڕنە هەرێمی کوردستان و هەوڵ بدەن بەرژەوەندییان لەم هەرێمەدا هەبێت.

لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە ئەم هەرێمە دامەزراوە، ئاشکرایە چ هێزێك پشتگیریی ئەم هەرێمە دەکات، کە ئەویش ئەمریکا و ڕۆژئاوایە، هەر ئەم هێزەش وای کردووە، کە ئەم هەرێمە خۆڕاگر بێت و بمێنێتەوە، هەر بۆیەش ئێران هەوڵی داوە بە هەر ڕێگەیەك بۆی دەگونجێت، هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستان فەرز بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی هەژموونیی خۆیەوە.


هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵی داوە، پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران هەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و، ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەندیی بازرگانی و بزنێس لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە و، کۆماری ئیسلامییش بە فەرمی دانی بە هەرێمی کوردستاندا ناوە لە چوارچێوەی عێراقدا، کە ئێستا لە هەولێر و سلێمانی کونسوڵخانەی ئێران هەیە.

بەڵام بە هۆی ئەو هەڵکشانەی شەڕی غەززە لە تەواوی ناوچەکە دروستی کرد، دەبینین هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە تەرەفگیری هیچ لایەك لە لایەنەکانی ئەم تەنگژەیە نەکات، ئەم هەڵوێستە بێلایەنەی هەرێمی کوردستانیش لەوانەیە لە ڕوانگەی سیاسەتی ئێرانەوە بە نەرێنی سەیر بکرێت، هەر بۆیە ئێران هەوڵی داوە لە ڕێگەی هێزە وەکیلەکانی خۆیەوە هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە باشووری لوبنان و سووریا و عێراق هێرش بکاتە سەر ئەو لایەنانەی کە ئێران پێی وایە لەگەڵ هەڵوێستی ئەو یەك ناگرنەوە.

ئەم کێشەیەی ئێستا لە ناو گێژاوی ئەم ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بووە، کێشەیەکی ئەمنی و سیاسی و ئابووریشی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت وەك ئەکادیمی و بێلایەنانە شرۆڤەی بابەتێکی لەو جۆرە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بزانین لە لێدوانی بەرپرسانی لایەنەکان چی بەرانبەری یەکتری دەڵێن، ئەوەی تا ئێستا وەك لێدوانی فەرمی گوێبیستی بووین، ئەوەیە کە لێدوانەکان زۆر ڕوون و شەفاف نین، هەر بۆ نموونە، لە لێدوانە فەرمییەکانی بەرپرسانی هەرێم بەرانبەر بە شەڕی غەززە، تەنیا لێدوانی گشتی دەبیستین، یان باس لەوە دەکرێت ئێران ڕێز لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بگرێت و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەکار نەهێنێت، ئەمانە ئەو پرسانەن کە لە نێوان بەرپرسانی هەرێم و ئێران باسیان لێوە دەکرێت، بەڵام لە سەرووی ئەم لێدوانانە دەبینین، ئێران بە ڕۆکێت هێرش دەکاتە سەر ماڵی بزنێسمانێك لە هەولێر و چەندین کەسیش بوونە قوربانی.



ئاستەنگێکی دیکەی هەرێم لە سیاسەتی بەرانبەر عێراق و دەوروبەر، ئەوەیە کە ئەم هەرێمە ماوەی ١٠ ساڵە تەنگژەیەکی قورسی ئابووری هەیە، ئەم تەنگژە ئابوورییە قورسە تەنگژەیەکی ناوخۆیی و نارەزایی خەڵکی لەناو هەرێمدا دروست کردووە، بێگومان تەنگژەکانی ناوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکان دەبێت. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەو تەنگژە ئابوورییە وردە وردە چارەسەر دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر سکەی خۆی، بەڵام ئەم هەوڵانەش بە ڕاستی وەك پێویست جێگەی دڵخۆشی نین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکێتیی نیشتمانی لە سلێمانی گوتارێکی هەیە و پارتی لە هەولێر گوتارێکی دیکەی هەیە و لە نێوان ئەم دوو حزبە سەرەکییەدا گوتارێکی هاوبەشی یەکگرتوو بوونی نییە.



## کۆڤان حوسێن

**ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی لە زاخۆ:**

# ئێران ئامانجەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوچەکە بە وەکیلەکانی جێبەجێ دەکات

**کۆڤان حوسێن، ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی لە زاخۆ، سەبارەت بەو هەڕەشە و ئالنگاریانەی ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ڕاپۆرتەکە خستەڕوو:**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا سیاسەتێك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا پیادەکات، کە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بپارێزێت، بەڵام لە بەرانبەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی «فراوانخوازی و سەپاندنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا» زیاتر ئەو خەڵکانە بەکار دەهێنێت کە شەڕی بەوەکالەتی بۆ دەکەن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش چەند جار بە ڕاستەوخۆ هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی لەوە دڵنیا بووە کە حکومەتی عێراق کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، بە هەمان شێوەش مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش کردووە، لە ڕێگەی وەکیلەکانییەوە هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان.

ئێمە دەبێت هەموو کات ئەوە لەبەر چاوی خۆمان بگرین، کە ئێمە هەرەمێکین لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ڕاستە عێراق لەم پرسەدا بێلایەن نییە و چاوپۆشی لە ڕەفتار و هێرشەکانی ئێران دەکات بۆ سەر کوردستان، بەڵام ئێمە ڕێگە چارەی دیکەمان نییە و هەر دەبێت لە ڕێگەی دەوڵەتی فیدراڵییەوە هەڵوێستی خۆمان یەك بخەین و بەپێی دەستووریش، سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش وەك دەسەڵاتێکی حەسری دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵییەوە.

ئەوەی جێگەی گەشبینی و خۆشحاڵییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەموو ڕەهەندەکانی ئەم تەنگژە و ململانێیەی لەناوچەکەدا هەیە، لەبەر چاو گیراوە و سەرکردایەتیی سیاسیی ئێمە بە وردبینی مامەڵەی لەگەڵ دەکات و هەوڵی داوە تەرەفگیری هیچ لایەك نەکات لەدژی لایەکی دیکە و تەنیا ئامانجی ئەوە بووە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت.



**د.پێشڕەو عەلی**

**مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی:**

# لەم بارودۆخەی ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت هەرێمی کوردستان مەحکوومە بەوەی هاوسەنگی لە نێوان جەمسەرە دژەکان ڕابگرێت

**د.پێشڕەو عەلی مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بەو هەڕەشە و ئالنگاریانەی ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ڕاپۆرتەکە خستەڕوو:**

خاڵی گرنك کە دەبێت لە دەستپێکدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی نادەوڵەتییە و هەرێمێکین لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، بۆیە لەم واقیعەدا ئێمە ناچار دەبین لە چوارچێوەی عێراقدا خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراقدا و هەروەها لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکانی عێراقیشدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئاستێکی باش هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نالەبارە بگونجێنێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەرتەوازەیی سیاسی و یەك گوتاری لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بوونی نییە، زۆر ئاستەنگ و بەربەست بۆ ئەم خۆگونجاندنە دێتە ئاراوە، هەڵوێستەکان دابەش دەبن بەسەر بەرە دژەکاندا کە ئەو بەرانەش ئاشکران کێن.

لەم بارودۆخە سەخت و دژوارەی ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، ئێمە مەحکوومین بەوەی هاوسەنگیی نێوان جەمسەرە دژەکان ڕابگرین، بەتایبەتی ئێمە وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتی کە سنوورێکی زۆر فراوانمان لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی «ئێران، تورکیا، سوریا» و حکومەتی عێراقیش هەیە. ئەم واقیعە پێویستی بەوە هەیە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان چاو بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە هێز و تواناکان یەك بخەن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ململانێیە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە ئیدارە بدەین و هەرێمی کوردستان ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت.

## د.سەرسام خەلیل عومەر

راگری پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕی لە هەولێر:

# سیاسەتی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئیدارەی بارودۆخەکەی داوە

**د.سەرسام خەلیل عومەر، ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕیی هەولێرە، سەبارەت بە پێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە و عێراق و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی لە ناوچەدا تێدەپەڕن، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستەڕوو:**



ئەگەر بە شێوەیەکی ڕیالیستییانە خوێندنەوەیەك بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتیش نییە، بەڵام جوگرافیای هەرێمی کوردستان پێگەیەکی جیۆپۆلیتیك و جیۆستراتیژی هەیە و لەڕووی ئاسایشی وزەشەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە.

هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە پشتگیریی بڕیاری نێودەوڵەتی و بە دیفاکتۆ دامەزراوە، هەر لە سەرەتاشەوە دەستەبژێری سیاسی لەم هەرێمەدا هەوڵیان داوە، بە شێوەیەکی سەردەمییانە سیاسەت و حوکمڕانی بکەن و خۆیان لەگەڵ باهۆزی سەردەمی سیاسەتی جیهانی بگونجێنن و سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابکێشین.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئەو ئالنگاری و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، ئەوا زیاتر لە ١٠ ساڵە هەرێمی کوردستان لەژێر باری ئالنگاری و هەڕەشە و هێرشی زۆر قورسدایە، لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر گەمارۆی ئابووریی حکومەتی عێراقدا بودجە و مووچەی بڕابوو، بەڵام بە سیاسەتی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێم کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی سەرۆك بارزانی بەڕێوە دەچێت، توانرا ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتاڵ بکرێتەوە و بەسەر تیرۆریستاندا سەرکەوتوو بین، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧ دوای ڕیفراندۆمە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستان، تەنیا ئەوەندەیان پێ ڕەوا نەبینین بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بڵێن «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی»، ئەوە بوو دوای ڕیفراندۆمەکە هێرشیان کردە سەرمان، بەڵام لە سایەی سەرۆك بارزانی کوردستان خۆی ڕاگرت و هەر مایەوە و ئێستا لە میانەی ئەو سیاسەتە لۆژیکانەیە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، توانیویەتی زۆر بە باشی بە بەکارهێنانی هێزی نەرم «Soft Power» هەروەها هێزی زیرەك «Smart Power»، وەرچەرخانی زۆر گەورە لە ژێرخانەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکات و هەمیش توانراوە وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی بهێنێتە ئاراوە و زەمینە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەر دوو حکومەت چارەسەر بکرێن. لە ئێستاشدا کە ئەم ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەی ناوچەکە جۆرێك لە گێژاوی دروست کردووە، بێگومان ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەم لەسەر ئاستی هەرێمی و هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حیسابی بۆ دەکرێت.

سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەو هێرش و ئالنگارییانەی دەکرێنە سەری، دیسان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیاسەتێکی لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو هێرش و ئالنگارییانە کردووە و وای کردووە کوردستان لە شەڕەوە تێوە نەگلێت و هەرێمی کوردستان بپارێزێت.

## د.هاوژین عومەر

مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین:

# خەریکە لێکتێگەیشتنی تەواو لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست دەبێت و گرێ کوێرەی کێشەکان دەکرێنەوە

**د.هاوژین عومەر، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و تایبەتمەندە لە بواری میدیای سیاسی، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو ڕەوشە نالەبارەی ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستە ڕوو:**



دوای هێرشی چەکدارانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و پاشانیش کاردانەوەی توندی ئیسرائیل و دروستبوونی شەڕی غەززە، بە ڕاستی هاوکێشەی ناوچەکە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر و ژوور بوو، بە جۆرێك قۆناغێکی تازەی هێنایە پێشەوە کە پێشتر ناوچەکە بە خۆیەوە نەیبینیوە، هەروەها هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق و ئەوجا ئەو هێرشە چۆن کرا و چۆن ئاگادار کرانەوە، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەمیش هەر وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە هاوکێشەی ئەو ململانێیەی کە ئێستا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئیسرائیل و ئێران ئامادەباشی ئەوەیان هەیە لەسەر خاکی یەکدی ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە؟ ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوە مەزندەی ئەوە دەکرێت چوارچێوەی شەڕەکە زۆر فراوان بێت و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش بگرێتەوە و هیچ دوور نییە پریشکی ئەم شەڕە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە، بەتایبەتی کە ئێران هێزێکی پرۆکسی گەورەی لە عێراق هەیە، بۆیە هیچ دوور نییە لەلایەن ئەو هێزە پرۆکسیانەوە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستانیش.

ئەوەی لەم پرسەدا گرنگە بە بایەخەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نەفەسێکی لۆژیکانە سیاسەت دەکات و هەموو ئامانجی ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە هیچ کێشەیەکەوە نەگلێت، کە مەترسی لەسەر چارەنووسی ئەم هەرێمە دروست بکات. هەر بۆیە ئەگەر ئەم لۆژیك و دووربینییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووایە کە زۆر بە لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ هێرشەکانی ئێران و هەورەها مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی عێراقی کردووە، ئەوا ئێستا بارودۆخێك دروست ببوو کە هیچ دەرفەتێك بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی دیپلۆماتی نەدەما، هەروەها لەگەڵ حکومەتی عێراقیش نەدەگەیشتە ئەو ئاکامەی کە ئێستا خەریکە لێکتێگەیشتنی تەواو لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست دەبێت و گرێ کوێرەی کێشەکان دەکرێنەوە.

بۆیە زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم سیاسەتە لۆژیکانەی بەردەوام بێت و، بە شێوازی گفتوگۆ کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات و، هەروەها هەوڵەکانی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کەناڵی فەرمی دیپلۆماسییەتی عێراق کە وەزارەتی دەرەوەیە سکاڵا لەسەر ئەو هێرش و دەستدرێژییانە تۆمار بکات، کە لەلایەن ئێرانەوە دەکرێنە سەری.



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# عێراق وەک دەوڵەت سەقامگیر نابێت، ئەگەر کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکات

د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەسپێکی گفتوگۆی ئەمجارە «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا» لە پەیڤێکدا زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی گفتوگۆکەی کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هۆکاری سەرەکیی کەڵەکەبوونی کێشەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی تەندروست بۆ گفتوگۆی ڕاشکاوانە و جدی بوونی نییە، ئامادەنین گوێ لە یەکتری بگرین و سازش بۆ یەکتری بکەین بۆ ئەوەی لەخاڵێکدا بگەینە چارەسەرێك و کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، لە درێژەی قسەکانیدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوەکرد» بازنەی گفتوگۆ کە ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەوڵیداوە پلاتفۆرمێکی کراوە بێت بۆ گفتوگۆ لەسەر کۆی کێشەکانی ئەم نیشتمانە بە هەرێمی کوردستان و عێراقیشەوە، مێژوو ئەوەی بۆ سەلماندووین کە عێراق وەك دەوڵەت سەقامگیر نابێت ئەگەر کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکات، بۆیە ئەمڕۆ خۆشحاڵین کە دەبینین لەم گفتوگۆیەدا کەسایەتی و سیاسەتمەداری برایانی عەرەبی عێراقیش لەگەڵمان بەشدارن، ئەمڕۆ ئێمە لە عێراقێکدا دەژین کە خۆمان «هەموو عێراقییەکان» بڕیارمانداوە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، چەمکی فیدڕاڵیش کە مانای یەکگرتنی ئارەزوومەندانەو هاوبەشییە، فەرزی دەکات لەسەرمان هەموو پێکەوە بەجیاوازیی نەتەوە و ئایینە خەمخۆری کێشەکانی نیشتمانیی خۆمان بین»، پاشان دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو.

« بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتۆگۆ ڕاشکاو و جددیە، لەزۆر ڕەهەندەوە شرۆڤەی ئەم پرسە گرنگەیان کرد و پێشنیار و ڕاسپاردەی زۆر گرنگیشیان پێشکەش کردین کە ئەمە جێگەی سوپاس و دەستخۆشییە، لێرەدا من تەنیا ئاماژە بە چوار خاڵ دەکەم کە گرنگە هەڵوەستەیان لەسەر بکەین:

**یەکەم : چەمکی ململانێ**

لە کۆمەڵگەی دیموکراسی ململانێ بەرهەمی جیاوازییەکانی کۆمەڵگەیە، ئەم جیاوازیانە بەرێگەی گفتوگۆ ئیدارە دەدرێن بۆ ئەوەی ئاکامێکی بەرهەمداری لێ بەرهەم بێت و جیاوازییەکان دەبنە میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان و عێراق بە کۆمەڵگە و پارتە سیاسییەکانییەوە، کۆمەڵگەیەکی دیموکراسین و توانای ئەوەمان هەیە وەك خۆی یەکتری قبوڵ بکەین و گوێ لە یەکتری بگرین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی سیاسیی عێراق و کوردستان دەیداتەوە کە بەداخەوە دەبینین « ململانێ سیاسییەکان بە قازانجی خەڵك و کۆمەڵگە تەواو نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەڵك و کۆمەڵگە لەو ململانێ سیاسییە زەرەرمەند بوون»، وەك دەشبینین جیاوازییەکان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە ئاکامی ئەم ململانێیە لەبری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن، دەبینین بۆتە چەمکی زبر و یەکتری ڕەتکردنەوە و نەمانی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان، هەروەها لە ئەنجامدا پێکهاتەکانیش زیانیان پێکەوت!.

**دووەم : ناسنامەی دەوڵەتی فیدڕالی**

زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە داوا لە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکرێت، بگەڕێینەوە بۆ بەغدا و بەغدا ناوەندی چارەسەرکردنی کێشەکانە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی مابوو، کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان چوونە بەغدا بۆ ئەوەی عێراقێك بێتە دامەزراندن و لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی سیستمێکی فیدڕاڵی دابمەزرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەمووان ئاشکرایە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستە گەر بۆ ئەوەی دەستووری ئێستا بنووسرێتەوە، بەڵام ئێستا ئەم ناسنامەیە کە پێویستە بەغدا پایتەختی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق بێت «ونە» نابینرێت، ڕاشکاوانەتر بەغدای دەستوور، بەغدای کۆکەرەوەی هەمووان، بەغدای پایتەختی دەوڵەتی فیدڕاڵی بوونی لەژێر هەژموونی دەوڵەتی ئێرانە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە کێشەمان لەگەڵ ناسنامەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و پایتەختەکەشی هەیە کە بەغدایە.

**سێیەم: دابەشبوون و پەرتەوازەیی هەرێم**

باس لە واقیعی سیاسیی ئێستای هەرێم کوردستان کرا بەوەی دابەش بووە بەسەر دوو زۆن و، دوو زۆنەکەش دابەشبوون بەسەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیادا، بەبۆچوونی من لەم گشتگیریەدا و لە سەیرکردنی ڕووخسار و فەرامۆشکردنی ناوەڕۆك غەدرێك لە هەرێمی کوردستان دەکەین، ئێران و تورکیا بە حوکمی جوگرافیا دراوسێی هەرێمی کوردستان و مەحکومین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، ئێمە ئومێدی ئەوە دەخوازین عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بتوانێت سەروەری خۆی بپارێزێت و پەیوەندیی ئێمەش لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە وەك پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقدا، بەڵام ئێستا ئەمە دروست نەبووە، هەروەها ئێران و تورکیاش وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ وەك یەك نین و جیاوازن، هەروەها پارتە سیاسییە کوردستانییەکانی ئێران و تورکیاش وەك نین و جیاوازن، ئەو هێرش و پەلامارەی کە ئێران دەیکاتە سەر هەرێمی کوردستان و عێراق، قووڵاییەکەی لەناو عێراقدایە، بەڵام تورکیا ئەو قووڵاییەی لەناو عێراقدا نییە و ناشتوانێت ئەوەی ئێران دەیکات، تورکیا بیکات.

**چوارەم: سازشکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی یەکڕیزی لە هەرێمدا.**

لە ساڵی ١٩٦٤ وە لێکترازانێك لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دروستبووە، لەو بەروارەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان سازشی لەگەڵ بەرامبەرەکەی کردووە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم سازشانەی پارتی ئاکامەکەی چی لێ شێن بووە؟

سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ خاوەنی مانفێستی دیموکراسییە لە کوردستان و لە ٢٢ی مارتی ١٩٩١ لە شاری کۆیەوە داوای هەڵبژاردن و دەوڵەتی یاسای کرد بۆ هەرێمی کوردستان، پێش ئەم ڕابەرە هیچ کەسێك لە کوردستاندا داوای هەڵبژاردن و دەوڵەتی یاسای نەکردووە، هەتا ئێستاش لە پێناوی یەکڕیزی سازش پێشکەش دەکات، تەنانەت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم «ئەم کابینەی ئێستا» ٩ مانگ چاوەڕێی حزبەکان بوو بۆ ئەوەی حکومەتێك پێکبهێنرێت هاوپەیمانی بێت و حزبەکانی دیکەش بەشدار بن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستاش ئامادەیە هەموو سازشێک بۆ حزبەکان بەگشتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی بکات، بەمەرجی حزبەکان بێنە پێشەوە و گەرەنتیەك هەبێت کە ئەم سازشە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانە.

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی دەستووری ئێستا بنووسرێتەوە، بەڵام ئێستا ئەم ناسنامەیە کە پێویستە بەغدا پایتەختی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق بێت «ونە» نابینرێت**

**سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ خاوەنی مانفێستی دیموکراسییە لە کوردستان و لە ٢٢ی مارتی ١٩٩١ لە شاری کۆیەوە داوای هەڵبژاردن و دەوڵەتی یاسای کرد بۆ هەرێمی کوردستان**




**د.یەحیا ئەلکوبەیسی**

**توێژەر و سیاسەتمەداری عێراقی:**


# هەوڵێکی سیستماتیکیی فرەلایەن لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە دەدرێت بۆ نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان

د.یەحیا ئەلکوبەیسی، توێژەر و سیاسەتمەدارێکی عێراقییە و ئەندامی «هاوپەیمانیی قەراری عێراقی» یە و تایبەتمەندە بە کاروباری عێراق، هەروەها لە «موقع عربی ٢١» نووسەرە لە سەنتەری دیراساتی ئەلجزیرە و ڕاوێژکارە لە «سەنتەری عێراقی بۆ دیراساتی ستراتیژی» و چەندین توێژینەوەی لە بوارەکانی (ڕەخنەی ئەدەبی، زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵایەتی و یاسا و پەروەردە) بڵاو کردووەتەوە و، یەکێکە لەو دەنگە عێراقییانەی کە داکۆکی لە ناسنامەی هاووڵاتیبوونی عێراقی و سەروەریی خاکەکەی دەکات و، یەکێکە لەو دڵسۆزانەی کە بە جددی کار بۆ پێکەوەژیانی نێوان تەواو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق دەکات و، خاوەنی هەڵوێستی جددیی خۆیەتی و لە هەموو کەناڵە جیاوازەکانی عێراقی و عەرەبی، هەروەها لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و عێراقییەکان زۆر بە ڕاشکاوی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت.، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆش (هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیدا)، زۆر بە ڕاشکاوی بیروبۆچوونەکانی لەسەر ئەم پرسە خستە ڕوو و چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی پێشکەش کردین.

پێش هەموو شت سوپاسی ئەم بانگهێشتەتان دەکەم، بۆ ئەوەی یەکێك بم لەگەڵ ئەم گرووپە بەرێزە کە گفتوگۆ لەسەر پرسێکی هەستیار و ژیاری بکەین کە پەیوەندیدارە بە پرسی «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا».

لەسەر ئەم پرسە کۆمەڵێك بابەت هەیە، کە دەبێت وەك پێشەکییەکی پێویست بیانخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لە سرووشتی ئەو ململانێ ئاڵۆزە تێبگەین، کە ئێستا لە ناوچەکەدا بوونی هەیە و، بە بۆچوونی من ئەم پرسە پەیوەندی بە خودی کوردستانیشەوە هەیە.

ئەگەر لەناو ئەم ململانێ ئاڵۆزەدا سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین خاڵی هەرە لاوازی هەرێمی کوردستان ئەو پەرتەوازییەیە کە لە ناوخۆی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەم پەرتەوازەییە کاریگەریی گەورەی لە جیۆپۆلیتیکی هەرێم دروست کردووە، بێگومان نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتووی سیاسی لەناو هەرێمی کوردستان، کاریگەری لە پەیوەندییەکانی هێز دەبێت، ئەوجا ئەم پەیوەندییە لەگەڵ بەغدا و حکومەتی ناوەندی بێت، یان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو ئەم ململانێ ئاڵۆزەی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئێمە ناتوانین ئەم پێشەکییە فەرامۆش بکەین، کاتێك دەمانەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی زۆر ئاڵۆزە، دەکرێت بڵێم، هیچ بەرچاوڕوونییەك لەو پەیوەندییەدا نابینرێت، ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا نییە سەبارەت بە دەسەڵاتەکان، هەڵوێستێکی هاوبەشیان نییە، بەرانبەر پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەم ئاڵۆزییەش لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەبێت.

پرسێکی دیکەی گرنگ هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانە، ئەم دەوڵەتانە لە هەندێك حاڵەتەدا هەڵوێستێك پیشان دەدەن، بەڵام نازانین ئەم هەڵوێستە بەرانبەر هەموو عێراقە، یان دوو هەڵوێستی جیاوازیان بەرانبەر بە عێراق وەك هەموو و بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بە جۆرێکی دیکە هەیە، ئەمەش پەیوەندیدارە بە هەڵوێستی هەردوو دەوڵەتی (تورکیا و ئێران)، هەر بۆ نموونە، ئێرانییەکان خۆیان بە هاوپەیمانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق دادەنێن، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە ڕەنگدانەوەی لەسەر سرووشتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە، هەروەها سرووشتی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ ئێران، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران هەیە، لەم بارودۆخەشدا ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر سرووشتی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەم ململانێیەدا دەبێت. سەبارەت بە تورکیاش، ئەویش دیسان کۆمەڵێك کێشەی هەیە، تایبەت بە ستراتیژیەتی بەرانبەر بە عێراق، ئەم کێشانەی تورکیاش لەگەڵ عێراق هەیەتی، ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنکەرا دروست دەکات، ئەم بارۆمەترەش لە سرووشتی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا، هەموو کات جۆرێك لە هەڵبەز و دابەزی لە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا لەلایەك دروست کردووە، هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی تورکیا و سلێمانی دروست کردووە.

ئەوجا لە دوای ئەم پێشەکییە، ئەگەر سرووشتی ئەو ململانێیانەی لەبەرچاو بگرین، کە ئێستا لە ناوچەکە ڕوودەدەن، ئەوا دەبینین پریشکی ئەم ململانێیانە هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە. وەك هەموو لایەك دەزانین، ئێران چەندین جار بە بیانوویی جۆراوجۆر هەولێری ڕۆکێتباران کردووە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەو بیانووانەی ئێران هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، بەڵام ئێران لەسەر بنەمای ئەو بیانووانە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، لە بەرانبەریشدا حکومەتی فیدراڵی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە و بەهێزی نەبووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق هەیە.

**هەولێر ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام لە سلێمانی ئاهەنگ بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەگێڕن**

**پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی زۆر ئاڵۆزە، دەکرێت بڵێم، هیچ بەرچاوڕوونییەک لەو پەیوەندییەدا نابینرێت**

**ئێرانییەکان خۆیان بە هاوپەیمانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق دادەنێن، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە ڕەنگدانەوەی لەسەر سرووشتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە**

**پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ ئێران، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران هەیە**

لە پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراقدا، دیسان دووڕوویيەك هەیە، هەر بۆ نموونە لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و عێراقدا، ئێران کێشە نییە و هیچ مەترسییەك دروست ناکات، بەڵام لە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەبینین ئێران کێشە و مەترسییە لە ناوچەکەدا.

لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق سەبارەت بە پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئەمریکا، دوو جۆر هەڵوێست هەیە، هەڵوێستی ئاشکرایان ئەوەیە کە داوا دەکەن هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بچێتە دەرەوە، کە ئەمەیان بێجگە لە چەواشەکاری و پروپاگەندە شتێکی دیکە نییە، ڕاستییەکە ئەوەیە حکومەتی عێراق پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بوونی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق لەسەر داوای حکومەتی عێراقی بووە و، بەسەر عێراقدا فەرز نەکراوە، کە هێزی ئەمریکی لەم وڵاتە بوونی هەبێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لایەنەکانی شیعەی ئەم دوو هەڵوێستە دژ بە یەکیان بەرانبەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەیە؟

سەبارەت بە بوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە خاکی عێراقدا، ئەمەش بووەتە پرسێکی زۆر ئاڵۆز لە نێوان تورکیا و عێراق بەتایبەتی کە پەیوەندیی ئێستای پەکەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق وەك پەیوەندیی پێش ٢٠١٤ نییە، لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە پەکەکە بە ئاشکرا هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی دروست کردووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی تورکیا بۆ لێدانی پەکەکە بۆردومانی هەولێر، یان سلێمانی دەکات؟ ئەمە لە کاتێکدا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی فەرمی پەکەکە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی هەیە، ئەم هێزانەش بە یاسا بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عێراقن لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگریی عێراقدا. هەموو ئەم بارودۆخانە وایان کردووە، کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەتا ڕاددەیەکی زۆر ئاڵۆز بێت.

حاڵەتێکی دیکەی نەرێنی کە مەترسییە بۆ هەرێم، ئەوەیە کە لەناو هەرێمی کوردستان بڕیارێکی یەکگرتوو نییە، ئەمەش نەك تەنیا بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و پەکەکە، بەڵکو بەرانبەر بە هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاش، هەروەها بەرانبەر هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە هەرێمەوە هەیە، هەر بۆ نموونە لە ماوەکانی ڕابردوودا تێبینیی ئەوەمان کردووە کە هەوڵێکی سیستماتیکیی فرەلایەن لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە دەدرێت بۆ نەهێشتنی هەموو دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بەرانبەر ئەم هەوڵانەی دادگای فیدراڵی دەبینین دابەشبوونێك لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان هەیە، هەولێر ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام لەسلێمانی وەك بینیمان ئاهەنگ بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەگێڕن، ئەمەش ئیشکالیەتێکی ڕاستەقینەیە.

تێبینییەکی دیکە لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان هەیە، کە جۆرێکە لە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، لە کاتێکدا لە ماددەکانی ١٢٦ و ١٤٢ی دەستوور هاتووە، چۆن دەستوور هەموار دەکرێتەوە و لە تایبەتمەندییەکانی دادگای فیدراڵی نییە، دەستوور هەموار بکاتەوە، کاری ئەو ئەوەیە کە تەفسیری دەستوور بکات، هەر بۆ نموونە لە ماددەی ١٢٦ی دەستوور هاتووە «لرئيس الجمهورية ومجلس الوزراء مجتمعين أو لخمس (١/ ٥) اعضاء مجلس النواب، اقتراح تعديل الدستور».. بەپێی ئەم ماددەیە هەموارکردنەوەی دەستوور پەیوەندیدارە بە سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و یەك لە سەر پێنجی ئەندامانی پەرلەمان کە داوا بکەن دەستوورەکە هەموار بکرێتەوە، هەروەها ماددەی ١٤٢ دەڵێت: «يشكل مجلس النواب في بداية عمله لجنة من أعضائه تكون ممثلة للمكونات الرئيسية في المجتمع العراقي مهمتها تقديم تقرير إلي مجلس النواب، خلال مدة لا تتجاوز أربعة أشهر، يتضمن توصية بالتعديلات الضرورية التي يمكن إجراؤها على الدستور. وتحل اللجنة بعد البت في مقترحاتها.»، ئەمەش زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، کە هەموارکردنەوەی دەستوور کاری پەرلەمانە کە لیژنەیەك لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق

**ئێران چەندین جار بە بیانووی جۆراوجۆر هەولێری ڕۆکێتباران کردووە و حکومەتی عێراقیش هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە و بەهێزی نەبووە**

**لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و عێراقدا، ئێران کێشە نییە و هیچ مەترسییەك دروست ناکات، بەڵام لە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەبینین ئێران کێشە و مەترسییە لە ناوچەکەدا**

**حکومەتی عێراق پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بوونی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق لەسەر داوای حکومەتی عێراقی بووە و، بەسەر عێراقدا فەرز نەکراوە**

**حاڵەتێکی دیکەی نەرێنی کە مەترسییە بۆ هەرێم، ئەوەیە کە لەناو هەرێمی کوردستان بڕیارێکی یەکگرتوو نییە، ئەمەش نەک تەنیا بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و پەکەکە، بەڵکو بەرانبەر بە هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاش، هەروەها بەرانبەر هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە هەرێمەوە هەیە**



پێکدەهێنێت و پاشان ئەو لیژنەیە ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی ئەو ماددانە هەموار بکاتەوە کە پێویستن، لەم چوارچێوەیەدا و بەپێشێلکردنی ماددەکانی ئەم دەستوورە، من وای دەبینیم، بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی عێراق هەمووی بۆ ئەوەیە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان نەهێڵێت و، ئامانجی ئەوەیە بە بڕیارێك هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەناو هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هەرێم هەیە لەناو ئەو ململانێ ئاڵۆزە فرەلایەنەی هەرێمی و نێودەوڵەتییەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٧ پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، هەموو پێمان وابوو، ئەمریکا هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، بەڵام لەو ساتە مێژووییەدا دەستبەرداری هەرێمی کوردستان بوو و بەجێی هێشت، بەمەش هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە سزای بەکۆمەڵی بەسەردا سەپێندرا. بۆیە لە دوماهیدا دەڵێم: ئەم پەرتەوازییە سیاسییەی ناو هەرێم و نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەناو هەرێمی کوردستان بەرانبەر حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانین هەڵسەنگاندنی دروست، شرۆڤەی ورد بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو ململانێیە ئاڵۆزە بکەین، کە ئێستا لە ناوچەکەدا بوونی هەیە.

**پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، هەموو پێمان وابوو، ئەمریکا هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، بەڵام لەو ساتە مێژووییەدا دەستبەرداری هەرێمی کوردستان بوو**



## ئەبو میساق ئەلمەساری

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر و سیاسەتمەداری عێراقی:

# هەولێر بەشدار بووە بۆ ئەوەی ئەمریکا و سەرۆکەکەی ڕازی بن، پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەن

ئەبو میساق ئەلمەساری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی عێراق و، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسەت هەیە و، بەردەوام لەسەر پرسە هەستیارەکان و ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە قسەی جددی و هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەیە و، بڕوای بەوەیە کێشەکان بە لۆژیك و لێکتێگەیشتن چارەسەر دەکرێت و کاتێك عێراق سەقامگیر دەبێت، کە بتوانرێت کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن و، بە گەشبینییەوە سەیری پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی)دا، کۆمەڵێك زانیاری زۆر هەستیار و بەسوودی خستە ڕوو و دیدوتێڕوانینی خۆی زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسانە بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەربڕی و چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەشی پێشکەش کردین.

سەرەتا ڕێگەم پێبدەن کە سڵاوی برایانم لە مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر و فراکسیۆنی بەدر لە پەرلەمانی عێراق بەم کۆبوونەوە بەرزە بگەیەنم. ئێمە ڕێزێکی گەورەمان بۆ ئەو ناوە گەورەیەی «پارتی» هەیە، کە هەموو کات ئامادەبوونێکی جددی و بەرچاوی هەبووە لە کاروبارەکانی عێراق، ئێمە وەك ڕێکخراوی بەدر پێکەوە ساڵانێکی دوور و درێژ لەگەڵ پارتی دژی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشووی عێراق خەباتمان کردووە و ئێمە دژی هەموو سیاسەتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس بووین بەرانبەر بە کوردستان و هەمووی ڕەت دەکەینەوە و هاوپەیمانین لەگەڵ پارتی بۆ ئەوەی پێکەوە هەنگاو بۆ ئایندەیەکی گەش لە عێراقدا هەڵبگرن.

نازانم ئامادەبووانی ئەم گفتوگۆیە ئەوە دەزانن، یان نە، ئێمە وەك ڕێکخراوی بەدر، لە دەوروبەری هەولێر گۆڕستانمان هەیە و هەولێر ڕۆڵەکانی ئێمەی لە ئامێز گرتووە، بۆیە هەر

کاتێك سەردانی هەولێر بکەین، سورەتی فاتیحە بۆ گیانی ئەو شەهیدانەمان دەخوێنین کە هەولێر و کوردستان لە ئامێزی گرتوون، بۆیە هەولێر و کوردستان لای ئێمە خۆشەویستە و ئێوەی بەڕێزیش خۆشەویستترن.

هەوڵ دەدەم لە ناونیشانی ئەم گفتوگۆیەوە دەروازەیەك دروست بکەم. من وای دەبینم هەڵبژاردنی چەمکی «گێژاو» بۆ ئەناونیشانی گفتوگۆیەك لەم ئاستەدا گونجاو نەبێت. ئەمەش بەو مانایە دەڵێم کە ململانێکان نابنە گێژاو، لەناو گێژاویشەوە دروست نابن، کەواتە با بپرسین: ئایا ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییانە لەکوێوە دروست دەبن، کە کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و پاشانیش وەك شەپۆلێك کاریگەری لەسەر هەموو عێراق دروست دەکات؟

من زۆر جار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لە کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەم گوتووە، کە نەخشەی ململانێکان دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەو زلهێزانەی لەم جیهانەدا خاوەنی ئیمکانیەت و بڕیارن، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکە، هیوادارم ئەمە ڕوون بێت، ئەوجا لەگەڵم هاوڕان، یان نا، گرنگە ئەوەیە ئەم پرسە ڕوون بێت لاتان.

لەناو ئەم نەخشەیەی دەوڵەتە زلهێزەکان بڕیاری لێ دەدەن، کۆمەڵێك ناوچەی نفووز بەرهەم دێت، ئەو ناوچانەی کە نفووزی جیاجیای تێدا دروست دەبێت، بەرژەوەندیی یەکتربڕ و کێشە لە نێوانیان دروست دەبێت و، سەرەنجامیش دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ.

پێموایە ئەمە دەروازەیەکی گونجاوە. من بە ئەزموونی سیاسیی خۆم و بۆ ئەوەی نەچینە ناو قسە و کێشمەکێش و بێینە سەر ئەوەی هۆکارەکان چین و چی لە پشت ئەو ڕووداوانەیە، وەك د. یەحیا ئەلکوبەیسی ئاماژەی پێکرد.

من لە بەغداوە هاتووم بۆ ئەم گفتوگۆیە، بۆ ئەوە نەهاتووم کە باسی هۆکارەکان بکەم، یان هەرێمی کوردستان فێر بکەم ئەم ململانێیانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەولێر خۆی کاراکتەری کاریگەر و بەتوانایە و مێژوویەکی دێرینی لە کاری سیاسیدا هەیە، توانای ئەوەی هەیە کە دیدێکی تایبەت لەسەر کێشەکان دروست بکات و شرۆڤەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکانیش بکات، بۆیە ئەمڕۆ ئێمە لێرە گفتوگۆ دەکەین، هەتا باس لە چارەسەرەکان بکەین.

بە بۆچوونی من چارەسەرەکان و نهێنیی چارەسەرەکان لەوەدایە کە بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ بەغدا، گەڕانەوە بۆ بەغدا وەك حکومەتی فیدراڵی، بۆیە من لەو باوەڕەدام هەولێر بە سیاسەت و سەرکردایەتییەکەیەوە هەوڵی زۆری داوە کە ئەم پرۆسەیە دەست پێبکات و زەمینەیەك بۆ گفتوگۆی مەبەستدار و بە بەرهەم دروست بکات.

من ئەمڕۆ لە بەردەمی ئێوەدا پێشنیاری بۆچوونێکی ڕاشکاوانە و شەفاف دەکەم، لەوانەیە ئەم بۆچوونەش بە شێوەیەکی نەرێنی لەلایەن ئەو لایەنەی خۆمە بە سەرمدا بشکێتەوە. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە و زۆر بە ڕوونیش دەیڵێم: هەولێر بەشدار بووە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرۆکەکەی ڕازی بن، کە پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەن، لە سەردانی ئەمجارەی بۆ ئەمریکا.

لێرەوە ئێمە چی لەم ڕاستییە فێر دەبین، ئەم ڕاستییە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە هەولێر پەناگیر و پشتگوێخراو نییە لە بەشداریکردنی لە چاکسازی، یان لە بەڕێوەبردنی کارەکان وەك بەشێك لە عێراقێکی فیدراڵی، بەپێچەوانەوە هەولێر کارایە و پاڵنەرە بۆ ئەوەی بارودۆخەکان بەرەو باشتر بچن، ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا کە شاندێك یاوەری بووە و نوێنەری هەر دوو حزبی پارتی و یەکێتیشی لەگەڵدا بووە، ئاکامی زۆر باشی هەبووە، نامەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوم، لەبەر ئەوەی تازە سەرۆك وەزیران گەڕاوەتەوە، بەڵام ئاکامە باشەکان دەردەکەون، منیش مەبەستمە زۆر بە ئەرێنی باسی ئەم سەردانە بکەم، لەبەر نزیکم لە سەرچاوەی بڕیار، بە باشی تێدەگەم کە ئەم سەردانە زۆر زۆر سەرکەوتوو بووە.

لێرەدا کە دەڵێم گەڕانەوە بۆ بەغدا، مەبەستم ئەوەیە کە هەولێر هەمیشە بە ڕەشبینی و

**ئێمە ڕێزێکی گەورەمان بۆ ئەو ناوە گەورەیەی «پارتی» هەیە، کە هەموو کات ئامادەبوونێکی جددی و بەرچاوی هەبووە لە کاروبارەکانی عێراق**

**ئێمە وەک ڕێکخراوی بەدر، لە دەوروبەری هەولێر گۆڕستانمان هەیە و هەولێر ڕۆڵەکانی ئێمەی لە ئامێز گرتووە**

**ئەو ناوچانەی کە نفووزی جیاجیای تێدا دروست دەبێت، بەرژەوەندیی یەکتربڕ و کێشە لە نێوانیان دروست دەبێت و، سەرەنجامیش دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ**

**هەولێر بە سیاسەت و سەرکردایەتییەکەیەوە هەوڵی زۆری داوە کە ئەم پرۆسەیە دەست پێبکات و زەمینەیەک بۆ گفتوگۆی مەبەستدار و بە بەرهەم دروست بکات**





**ئەم سەردانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا کە شاندێک یاوەری بووە و نوێنەری هەر دوو حزبی پارتی و یەکێتیشی لەگەڵدا بووە، ئاکامی زۆر باشی هەبووە**

نیگەرانییەوە سەیری بەغدا نەکات، بەو شێوەیە سەیر نەکەن کە نیوەی پەرداخەکە بەتاڵە، بەڵکو بەو جۆرە سەیری بکەن کە نیوەی پەرداخەکە پڕە.

ئێمە زیاتر لە چەند جارێك پێشوازیمان لە شاندەکانی دانوستاندنی پارتی و یەکێتی لە بەغدا کردووە، کە دێنە بەغدا و دەیانەوێت پەیاممان پێبگەیەنن، بەوەی دەبێت بارودۆخی بەغدا نموونەیی بێت و هیچ کێشەیەك نەبێت.

بەڵام من دەڵێم: برایان، تێڕوانینەکانتان لەسەر واقیعێکی دیاریکراوی شیعی بونیاد مەنێن، من خۆم ئێستا کە لەگەڵ ئێوە گفتوگۆ دەکەم، من خۆم ناو واقیعی شیعە گەورەم بووم، پەروەردەی ڕێکخراوێکی دێرینم کە ئەویش «ڕێکخراوی بەدرە»، بۆیە لەناو ئەو واقیعەوە زۆر بە ڕاشکاوانە پێیتان دەڵیم، لەناو لایەنەکانی شیعەی عێراقدا دوو توێژ هەن، کە بریتن لە «شیعەی عەقڵانی و شیعەی چەك»، تا ئەم ساتە ئێمە شکستمان هێناوە لەوەی «شیعەی چەك» بگەیەنینە قەناعەت کە ئەو گرووپانە دەستبەرداری چەکەکانیان بن، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیا و باوەری ڕادیکاڵیی ئەو گرووپانەوە هەیە، بۆیە نەمانتوانیوە وا بکەین، وەك ئێمە چەکەکانیان دابنێن و ڕوو لە ئەقڵانییەت و کاری سیاسی بکەن. ئێمە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ چەکەکانمان وەلانا و دەستمان کرد بە کاری سیاسی، بۆیە داوامان لە شاندەکانی کوردستان هەیە، کە دێنە بەغدا بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن، ڕەچاوی ئەو واقیعەی کۆمەڵگەی شیعە بکەن، ئەمەش بەو واتەی ئەوەی ئەمڕۆ شاندێك دێتە بەغدا و دەیەوێت هەڵوێستێکی هاوبەش دروست بکات، لەسەر ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوویەتە سەر هەولێر، نابێت ئەو شاندە کە دێت، پشت بە قسە و لێدوانی لایەنێکی چەکداری شیعە ببەستێت و هەڵوێستی لەسەر وەربگرێت، دەبێت بزانێت لە بەغدا هێزێکی ئەقڵانیی شیعەش هەیە، دەتوانرێت لەگەڵی دانوستاندن بکرێت و هەڵوێستێکی هاوبەش دروست بکرێت، تەنانەت دەتوانرێت لەگەڵ ئەو هێزە ئەقڵانییە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بکرێت، یان دەکرێت داوایەك پێشکەشی دادگای نێودەوڵەتی بکرێت و لە ئاکامدا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا عێراقیش لە دژی ئەو لێدانە ڕابوەستێت، سەبارەت بەو بۆردومان و هێرشەی کرانە سەر هەولێر، ئێمە سەرکۆنەمان کرد.



بەڕێز قاسم ئەعرەجی کە سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی و پێشتر وەزیری ناوخۆ بووە، یەکێکە لە سەرکردەکانی بەدر، وەك لیژنەی لێکۆڵینەوە هاتە هەولێر و ڕای یەکلاکەرەوەی خۆی ڕاگەیاند، بەوەی ئەو بیانووانەی ئێران ڕاست نین.

بۆیە دەمەوێت بڵێم ئەم پرسە گەورەیە، ئامانجەکانمان گەورەترن، لەوانەیە بمانتوانییبا پێش ئەم گفتوگۆیە بەرنامەیەکی کار ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕوونتر سەیری ئەو واقیعە بکات و قەوارەی کێشەکانی هەرێم دیاری بکات و ئاستی ئیمکانییەت و هاوکاری پیشان بدەین بۆ ئەوەی لە بەغدا کێشەکان چارەسەر بکەین.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بۆچی برایان لەم گفتوگۆیە بۆچوونیان بەوجۆرەیە کە نەرمیی دادگای فیدراڵی و ڕاستکردنەوەی بڕیارەکانی تەنیا لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانە؟ لێرەدا دەخوازم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە یەکەم کەس کە داوای کرد هەرێمێکی دیکە هاوشانی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، شەهیدی میحراب سەید محەمەد باقر حەکیم بوو، خوا لێی ڕازی بێت، بۆیە ئەگەر ئێوەی بەڕێز پێتان وایە حکومەتی فیدراڵی و شیعە دژی هەرێمی کوردستانن، ئەم پرسە بە هیچ شێوەك بوونی نییە، بەڵام من دەڵێم: پێویستە هەرێمی کوردستان بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ شیعە و دادگای فیدراڵی و هەموو لایەنەکان دروست بکات. بەڕێزێك لەم گفتوگۆیە زۆر بە وردی ئەوەی دەستنیشان کرد کە هۆکاری هەموو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی «ململانێی کوردی – کوردی»یە. من دەزانم هەنگاوی ئەقڵانی لە بەرژەوەندیی شیعەیە، بۆیە من دەمەوێت لەسەر ئەم بنەمایە پێشنیارێك بکەم بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان و بە نوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر، بانگهێشتی ئێوەی بەڕێز بکەم کە سەردانی بەغدا بکەن بۆ ئەوەی ئەقڵانییەت تووشی داخوڕان نەبێت و بەردەوام بێت. د.محەمەد ئیحسان ئاماژەی بە هاتنی شاندی سیاسی کرد، بەڵام من پێموایە هاتنی شاندی سیاسی بەو ئاستە بەرهەمدار نابێت، بەڵکو سەردانی وەك ئەمجۆرە دیدارانە واقیعێکی سیاسیی نەرم دروست دەکات.

«رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي* وَيَسِّر لِي أَمْرِي* وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي * يَفْقَهُوا قَوْلِي».

**لە بەغدا هێزێکی ئەقڵانیی شیعەش هەیە، دەتوانرێت لەگەڵی دانوستاندن بکرێت و هەڵوێستێکی هاوبەش دروست بکرێت، تەنانەت دەتوانرێت لەگەڵ ئەو هێزە ئەقڵانییە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بکرێت**




**حوسێن یەزدان پەنا**

سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان PAK:


# ناوەندێکی بڕیاری نێودەوڵەتی نەماوە کە بتوانێت پرسێک یان شەڕێک یەکلایی بکاتەوە و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە

حوسێن یەزدان پەنا سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستانە و جیا لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستانە لە هەمانکاتدا پێشمەرگە و فەرماندەیەکی دیاری کوردستانە و لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، یەکێك بوو لەو فەرماندانەی بەشداری تێکشکاندنی هێزی تیرۆریستانی کردووە و ئەفسانەی داعشی بەتاڵ کردۆتەوە، لە گفتوگۆ ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ « هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەم شێوەیە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» دا، ناونیشانێکی زۆر فراوان و گەورەیە، زۆر زەحمەتە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانین تەواوی ئاست و ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکەین، بۆیە بەناچاری هەر دەبێت سەردێڕەکان بخەینە ڕوو.

بەر لە هەموو شتێ من پێموایە هەموو سیاسەتمەداران، تۆێژەران و میدیاکاران دەبێ ئەوە بزانن کە ئێمە لە چ جیهانێکداین. جیهانی ئێستا ئەو جیهانە نییە کە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٨ ، لیبرال- دیموکراسیی تێدا باڵا

دەست بوو. سیستەمی جیهانیی لەو ماوەیەدا جێی خۆی لە دوو جەمسەرییەوە دابووە، تاک جەمسەری، سەرکەوتنی لیبراڵ- دیموکراسی و سەرهەڵدانی جیهانی تاکجەمسەری لە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین و شکستی کەمپی کۆمۆنیزم دەستی پێکرد. لەماوەی نزیکەی دوو دەیەی جیهانی تاکجەمسەری و سۆپەر پاوەریی ئەمریکادا، سیستەمی جیهانی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو.

بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ و هەڵبژاردنی باراك ئۆباما بۆ سەرۆکی ئەمریکا جیهان بەرە بەرە دەستی کرد بە گەڕانەوە بۆ فرەجەمسەری. دۆکتورینی ئۆباما فاکتەرێکی گرینگی گەشەی خێرا و بەهێزبوونی پێگەی چین و بووژانەوەی ڕووسیا بوو. بۆیە جیهانیی بەرەو ئاراستەیەک برد کە سیستەمی لیبراڵ- دیموکراسی و نەزمی تاکجەمسەریی نەیتوانی بەردەوام بێت. ئیتر لەم قۆناغەوە جەمسەرە گەورەکان بەرەبەرە لە بەرانبەر یەکتردا وەستانەوە. چین بووەوە جەمسەرێکی گەورە لە ئاسیا، ڕووسیا بووەوە جەمسەرێکی گەورە لە ئۆراسیادا و توانیشی لەو جوگرافیایەدا باڵادەست بێت و بەشێکیشی کۆنترۆڵ بکات.

جیهانی ئەمرۆ بەرهەمی ململانێکانی نێوان ئەو جەمسەرانەیە. ئەم ململانێیە بووەتە هۆکاری ئەوەی جیهان ببێتە جیهانێکی ئەنارشیی پڕکێشە و ئاژاوە،کە تیایدا هیچ دەوڵەت و یەکەیەکی سیاسیی ناتوانێت لە چارەنووس و ئایندەی خۆی دڵنیا بێت، ناوەندێکی بڕیاری نێودەوڵەتی نەماوە کە بتوانێت پرسێك یان شەڕێك یەکلایی بکاتەوە و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. لەم جیهانە ئەنارشییەدا هەر دەوڵەتێك هەوڵدەدات خۆی بەهێز و بەهێز و بەهێزتر بکات. هاوکات دەوڵەتان بەگومانەوە لە یەکتر دەڕوانن و چاودێریی جووڵەکانی یەکتر دەکەن.

لێرەوە کاتێك بۆ ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ دەڕوانین کە چەکدارانی حەماس هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، لە گەڵ ئەوەدا کە دەزانین پرسی ئیسرائیل و فەلەستین پرسێکی کۆن و مێژووییە، بەڵام بە دیاریکراوی ئەو ڕووداوە و کاردانەوەی ئیسرائیل، بەرهەم و دەرهاویشتەی ململانێی نێوان جەمسەرە گەورەکانە و، بەرهەمی ئەو جیهانەیە کە هەر دەوڵەتێك دەیەوێت خۆی تێدا بەهێز بێت.

هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر کە بە بڕوای من خاڵێکی وەرچەرخانە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نەزمی جیهانیی،لە ململانێی نێوان حەماس و ئیسرائیل زۆر گەورەتر بوو. ئەوە ڕاستە کە هێرشەکەی حەماس لەلایەن ئێرانەوە ڕێکخرا بوو و تاران پشتگیریی هەمە لایەنەی حەماسی کردووە و تیمە تایبەتەکانی حەماس لە تاران خولی پەروەردەیان دیتبوو، بەڵام دەوری پۆتینی سەرۆکی رووسیا لەم ڕووداوە گەورەیەدا دەبینرێ. ئەوەش لەپێناو دوورخستنەوەی فۆکسی جیهان لەسەر شەڕی ئۆکرانیا بوو. پووتین توانی لە دەرفەتی شەڕی غەززەدا فۆکسی جیهان لەسەر ئۆکرانیاوە بگوازێتەوە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتریش بەهێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق و، پاشان وەڵامدانەوەی ئێران بە لێدانی ئیسرائیل، هێندەی دیکە فۆکسەکە لەسەر ئۆکرانیا لاچوو و زیاتر کەوتەوە سەر ئەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم ململانێیەی نێوان جەمسەرە گەورەکان بە ڕادەیەك فراوان بووە کە بەتەواوەتی کاریگەریی خستووەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕێدایە و لە داهاتووشدا ئاکامەکانی دەبینین، دەرهاویشتەی ئەو ململانێیەیەکە سێ جەمسەری گەورە بەڕێوەی دەبەن کە بریتیین لە: « ئەمریکا و ڕووسیا و چین» .

لەنێو ململانێی ئەم جەمسەرە گەورانەدا، پرسیار ئەوەیە کوردستان چۆن خۆی دەدۆزێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە کە دەبێت سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە ساغ بکەنەوە کە لەسەر چ بنەمایەك سیاسەت دەکەن؟، ئایا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان سیاسەت دەکەن یان لەژێر کاریگەریی شەپۆلە سیاسییە جیهانی و ناوچەییەکاندا؟

**جیهانی ئێستا ئەو جیهانە نییە کە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٨ ، لیبراڵ- دیموکراسیی تێدا باڵا دەست بوو. سیستەمی جیهانیی لەو ماوەیەدا جێی خۆی لە دوو جەمسەرییەوە دابووە**

**جیهانی ئەمرۆ بەرهەمی ململانێکانی نێوان ئەو جەمسەرانەیە. ئەم ململانێیە بووەتە هۆکاری ئەوەی جیهان ببێتە جیهانێکی ئەنارشیی پڕکێشە و ئاژاوە**

**هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر کە بە بڕوای من خاڵێکی وەرچەرخانە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نەزمی جیهانیی،لە ململانێی نێوان حەماس و ئیسرائیل زۆر گەورەتر بوو**

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانییەکان سیاسەتێکی جوانی پیادە کردووە و هەر ئەو سیاسەتەش هەرێمەکەی پاراستووە**

بەو ئەزموونەی لە ساڵی ١٩٩١ ەوە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەمە، لەو ماوەیەدا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان سیاسەتێکی جوانی پیادە کردووە و هەر ئەو سیاسەتەش هەرێمەکەی پاراستووە.

بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەناو ئەم ململانێ و کێشانەدا بێ لایەن بێت؟ بە تێگەیشتنی من ململانێکە هێندە گەورەیە ئەگەر بمانەوێت بێ لایەنیش بین لەوانەیە نەتوانین.

ڕاستە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و هەرێمێکە لەناو دەوڵەتێکی فیدرالیدا ، بەڵام جیهانی ئێستا تەنیا جیهانی ڕۆڵگێڕانی دەوڵەتان نییە، ئەو کێشە و شەڕانەی لە ئارادان، تەنیا شەڕ و کێشەی نێوان دەوڵەتەکان نییە و ئاکتۆریی نادەوڵەتییشیان تێدا بەشدارن. لەم ڕوانگەیەوە هەرێمی کوردستان وەك ئاکتۆرێکی نادەوڵەتیی سەربەخۆ ، دەتوانێت لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سیاسەتی خۆی هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە دۆست و دوژمنی خۆی دیاری بکات. بەم پێودانگە هەرێمی کوردستان دەبێ لە ناو گێژاوی ململانێی ئیقلیمی نێودەوڵەتییەکاندا کە لەوانەیە بە شەڕی گەورە بگات، لە پێشدا دەبێ هەرێم سەرچاوەکانی هەڕەشە و دەرفەتی خۆی بناسێت. چونکە ئەم بارودۆخە جیهانییە بۆ هەرێمی کوردستان هەم هەڕەشەی پێوەیە و هەم دەرفەت. دیارە ئامانجی هەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسیی بەردەوامی و مانەوەیە. هەرێمی کوردستان دەبێ بزانێ کە سەرچاوەی دەرفەتی مانەوە و بەردەوامی و گەشەی لە کوێوەیە. ئەی سەرچاوەکانی هەڕەشەی سەر هەرێم کامانەن و لە کوێوەن؟

بەداخەوە سەرچاوەکانی هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان زۆرن. هەر چوار دەوری هەرێمی کوردستان ئەو دەوڵەتانەن کە نیاز و ڕەفتار و ڕوانگەیان دوژمنانەیان لەسەر هەبوون و بەردەوامیی ئەم کیانە هەیە. خۆ ئەگەر تا ئێستا تەحەممول و تەعامولیان لەگەڵ کردووە هی ئەوەیە کە شتی دیکەیان پێناکرێت، دەنا هیچکام لەو دەوڵەتانە ئامادە نین ڕۆژێك هەبوونی هەرێم یان کیانێکی سیاسیی کوردستانی قبوڵ بکەن. بۆیە سەرچاوەکانی هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زۆر ڕوونن.بەڵام لە نێو جەمسەری هەڕەشەکان و دژبەرانی هەرێمی کوردستاندا لە ئێستا ئێران جڵەوداریەتی و سەرکردایەتی ئەو هەڕەشانە دەکات.

تاران لە کاتێکدا سەرچاوەی سەرەکیی هەڕەشە دژی هەرێمی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان سیاسەتی دژایەتی لە گەڵ ئێرانی نەبووە. بەڵکوو سەرەڕای نیاز و ڕەفتارە دوژمنکارانەکانی ئێران، هەرێمی کوردستان هەر لەسەر سیاسەت و ڕەفتاری مودارا، ددانبەخۆدا گرتن و چاوپۆشین و لێبووردن و چارەسەری کێشەکان بە گفتوگۆ ڕۆیشتووە. بەڵام هەڕەشە و ڕەفتاری دژبەرانەی ئێران بەرەو ئاستێک هەڵکشا کە بە درۆنی خۆکوژی هێرش بێنێتە سەر بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگە و هاژەکی بالیستی چەند جارێك ماڵی هاووڵاتیانی سڤیل لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە ئامانج بگرێت کە لە ئاکامدا چەندین هاووڵاتی سڤیل شەهید و لەناو شەهیدەکاندا کۆرپەی تەمەن ١١ مانگی تێدا بێت. کاتێ دوژمنکاریی ئێران بەم ئاستە گەیشت ئەوا ئەگەر سیاسەتیش ڕێگەی نەدابا، بنەما ئەخلاقییەکان ئەوەی دەخواست کە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان سنوورێك بۆ ئەو دوژمنکاریانە دابنێت و قسە و بڕیاری خۆی ڕابگەیەنێت. ئەو ڕۆکێتە بالیستیانەی ئێران گرتییە هەولێر، بەتەنیا کردەوەیەکی ڕەقی لەشکری نەبوو، بەڵکو پەیامێکی توندی سیاسی و سایکۆلۆژییش بوو دژی هەرێمی کوردستان و هەوڵێك بوو بۆ چاوترساندنی گەلی کوردستان. تاران پێیوا بوو بە ڕۆکێت و درۆن دەتوانێ هەرێمی کوردستان بەچۆکدا بێنێ و ئیرادەی لێ بستێنێت. بەڵام دیتمان کە چۆن هەرێم، خۆڕاگرانە لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئێراندا ڕاوەستاوە و ئیرادە و بەهاکان و بەرژەوەندیی خۆی دەپارێزێت.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان گێژاوی ئەم ململانێ ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە تازەیە

هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و هەرێمێکە لەناو دەوڵەتێکی فیدرالیدا ، بەڵام جیهانی ئێستا تەنیا جیهانی ڕۆڵگێڕانی دەوڵەتان نییە، ئەو کێشە و شەڕانەی لە ئارادان، تەنیا شەڕ و کێشەی نێوان دەوڵەتەکان نییە و ئاکتۆری نادەوڵەتییشیان تێدا بەشدارن

ئەم بارودۆخە جیهانییە بۆ هەرێمی کوردستان هەم هەڕەشەی پێوەیە و هەم دەرفەت. دیارە ئامانجی هەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسیی بەردەوامی و مانەوەیە

بۆ خۆی بکاتە دەرفەت و هەڕەشەکان دوور بخاتەوە و مانەوەی خۆی دەستەبەر بکات، بە ڕووکاری دەرەکییدا دەبێ لە گەڵ ئەو بەرەیە بێت، کە پاراستوویە و دەیپارێزێت. هەرێمی کوردستان بە هیچ لۆژیکێک نابێ نزیک لە بەرەی هەڕەشەکان و دژبەرانی بێت. دیارە لە کاتی کردەیی کردنی ئەم سیاسەت و ستراتیژەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە نێوان سیاسەت و دیپلۆماسی و ڕاگەیاندندا هێندێک سنوور هەن، کە نابێ تێکەڵ بکرێن و بشێوێندرێن. لەم بڕگە هەستیارەی دۆخی کوردستانی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییدا هەرێمی کوردستان، هەروەها دەبێ لەپێناو بەردەوامی و گەشە و قۆستنەوەی دەرفەتەکان و پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەش بکات:

١- چالاکتر کردنی دیپلۆماسی و بەهێز کردنی پێوەندییە هەرێمی و جیهانییەکانی لە پێناو وەدەستهێنانی پاڵپشتیی لە هەرێمی کوردستان.

٢- پەرەپێدانیی پێوەندیی و هاوکاریی ئابووریی هەرێمی و جیهانی.

٣- هاوکاری لە گەڵ ناوەند و دامەزراوە جیهانییەکانی وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا.

٤- کەڵک وەرگرتنی چاکتر و زیاتر لە میدیاکان بۆ ناساندنی ناسنامەی کوردستانی و گەیاندنی پەیامی هاوکاری و ئاشتیخوازانە بە جیهانی دەرەوە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێ بە ڕووکاری دەرەکی و لە بەستێنی جیهانییدا، دەرفەت بۆ خۆی بخولقێنێ و هەڕەشەکان پووچەڵ بکاتەوە، پێویستە ئاستی ناوخۆیی لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و لەشکرییەکانیدا ئامادە بکات و بیکاتە هێزی بەرەنگار بوونەوەی هەڕەشەکان و بەکارهێنانی دەرفەتەکان، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەتوانن هێندێک لەو هەنگاوانە بن:

١- خۆ بواردنی پارتە سیاسییەکان لە ناکۆکیی سیاسی لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی کە ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە و گرێدراوی گشتیی کیانی هەرێمی کوردستانن.

٢- بەهێز کردنی یەکێتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان لەنێوان پارتە سیاسییەکان، چین و توێژەکان و ئایین و ئایینزا جیاوازەکاندا. .

٣-بەربەرەکانێ لەگەڵ گەندەڵی و بەهێزکردنی متمانەی دانیشتووانی کوردستان بە سیستەمی سیاسی و حکوومەت و دەزگای کارگێڕی.

٤- گەڕاندنەوەی دەسمایەی کۆمەڵایەتی و ئەو بەها نەتەوەیی و نیشتمانی و دادپەروەرانە بۆ کۆمەڵگە کە لە ئاکامی کۆمەڵێک قەیراندا، زیانیان پێگەیشتووە و، بووەتە هۆی دابڕانێکی ڕێژەیی لە نێوان خەڵک و سیستەمی سیاسیدا.

٥- پەرەپێدانی ئابووری لە هەموو کەرتەکاندا، کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە خۆماڵییەکان، پێکهێنانی دەرفەتی کاری زۆرتر، هەڵکشاندنی ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتووان، هەروەها کۆتاییهێنان بە قۆناغی کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و ڕۆیشتن بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن.

٦- بەهێز کردنی دامەزراوە لەشکرییەکان بە پەروەردە و بارهێنانی نیشتمانی و ڕاهێنان و چەکدار کردنیان بە چەکی پێشکەوتووی سەردەمیانە.

٧-بە هێزتر کردنی دامەزراوە هەواڵگرییەکانی هەرێم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پلانی تێکدەرانە و دوژمنکارانەی دوژمنانی کوردستان و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و ڕەواندنەوەی هەر جۆرە گومان و دوو دڵیی نێوان دانیشتووان و دامەزراوەکان.

٨- بەربەرەکانێی توند و لێبڕاوانە لەگەڵ پلانی گیرۆدەکردنی لاوانی هەرێمی کوردستان بە مادده هۆشبەرەکان.

٩- پەرەپێدان بە کەرتی کشتو کاڵ و ئاژەڵداری و پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆیی و هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی بەرهەمە خۆماڵییەکانی ئەم دوو کەرتە.

١٠- خاوەندارێتی هەرێمی کوردستان لە دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەهێز کردنی قوولایی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان.

**سەرچاوەکانی هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زۆر ڕوونن.بەڵام لە نێو جەمسەری هەڕەشەکان و دژبەرانی هەرێمی کوردستاندا لە ئێستا ئێران جڵەوداریەتی و سەرکردایەتی ئەو هەڕەشانە دەکات**

**تاران پێیوا بوو بە ڕۆکێت و درۆن دەتوانێ هەرێمی کوردستان بەچۆکدا بێنێ و ئیرادەی لێ بستێنێت. بەڵام دیتمان کە چۆن هەرێم، خۆڕاگرانە لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئێراندا ڕاوەستاوە**



**شێخ سدیق**

جێگری سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان:

# هەرێمی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بۆیە ناتوانرێت ڕاستەهێڵێک بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و ئالنگارییەکان بکەین

شێخ سدیق، جێگری سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستانە و یەکێکە لە تێکۆشەر و سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و، خاوەنی قەڵەمێکی بەبڕشتە و لەناو وتارەکانیدا زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی لەسەر ڕووداوەکان دەخاتەڕوو و بەرژەوەندیی خاك و نیشتمان لەسەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکانەوە سەیر دەکات، لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا « هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکان و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

خۆشحاڵم ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم بەڕێزانە گفتوگۆ لەسەر بابەتێك دەکەین کە چارەنووسی میللەتەکەمانی پێوە بەستراوەتەوە، ئەو پرسە گرنگەش ئەو تەنگژە و هەڕەشانەن کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، یانیش ئەو تەنگژە و هەڕەشانە لەناو هەرێم بوونیان هەیە و ئێمە چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە. ئەگەر ئێمە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا وەك تابلۆیەك سەیر بکەین، ئەوا گومانی تێدا نییە، بە ڕاشکاوی دەبینین کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆی و دەرەکی هەن کە کاریگەرییان هەیە و بوونەتە سەرچاوەی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. سەرەتا لە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە دەست پێدەکەم، بۆ ئەمەش ناچمە ناو مێژووی کۆنی میللەتەکەمان، هەنگاوی

یەکەم کە فاکتەری دەرەکی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە کاریگەری لەسەر کوردستان دروست کرد، سیاسەتی بەریتانیا و فەرەنسا بوو کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی خەلافەتی عوسمانییان ڕووخاند و، توانییان کوردستان لە دوو پارچەوە بکەن بە چوار پارچە.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکی دیکە فاکتەری دەرەکی «ئیقلیمی و نێودەوڵەتی» کاریگەری نەرێنیی لەسەر کوردستان هەبوو، ئەمیش لەمیانەی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق بە بەشداریی جەزائیر و موبارەکەی ئەمریکی لەساڵی ١٩٧٥ دژی شۆڕشی کوردستان، بەمەش کاریگەرییەکی زۆر نەرێنییان لەسەر بارودۆخی کوردستان دروست کرد.

لە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەرین، بۆ یەکەمجار بوو، فاکتەری دەرەکیی نێودەوڵەتی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بارودۆخی کوردستان دروست کرد، لە ڕێگەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بەپێی ئەو بڕیارە لە سەرووی هێڵی ٣٦ ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردستان دروست کرا و، لەم نەوا ئارامەدا بەرەی کوردستانی توانی هەڵبژاردن ئەنجام بدات و لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێن و، ئەمە وای کرد، پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانمان هەبێت، کە دەتوانم بڵێم سەربەخۆییەکی زۆر فراوانمان هەبوو لە پەیوەندی بە دەوڵەتداریدا.

لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس لەلایەن هێزی دەرەکییەوە، دیسان کاریگەری بە هەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان دروست کرد. کاریگەریی ئەرێنی ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ شەرعییەتێکی دەستووریی هەرێمی پێدرا، ئەم شەرعییەتە دەستوورییە بوو بە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دان بەو شەرعییەتدا بنرێت و وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن. کاریگەرییە نەرێنییەکشی ئەوە بوو، ئێمە پێش ٢٠٠٣ دەسەڵاتەکانمان زۆر فراوان بوون، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ وابووین، بەڵام دوای ٢٠٠٣ ناچار کراین، وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مامەڵە بکەین.

لە دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق و دەستپێکردنەوەی پرۆسەیەکی سیاسیی نوێ لە عێراقدا، شیعەی عێراق لە سەرەتادا تا پێکهێنانی کابینە حکوومییەکانیش بڕوایان بە شەراکەتی نیشتمانی هەبوو، بەڵام هەر لەگەڵ وردە وردە جێگە پێی خۆیان قایم کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست، شەراکەتی نیشتمانییان لە عێراقدا کۆتایی پێهێنا، ئێستا لە بەغدا بە زۆرینە و کەمینە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و، چۆن مەبەستیانە وا لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە بڕیار دەردەکەن و دەیانەوێت دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بچووك بکەنەوە.

لەناو ئەم واقیعە تاڵەدا، بەداخەوە لەناوخۆی خۆماندا وەك هەرێم، دابەش بووین و پەرتەوازەین، هەرێمەکەمان بەسەر هەر دوو زۆنی « زەرد و سەوز» دابەش بووە، ئەم دوو زۆنەش بەسەر دوو دەوڵەتی جیاواز کە ئێران و تورکیایە دابەش بووە، ئەم دوو دەوڵەتەش بەسەر ئەو ململانێ نێودەوڵەتییە دابەش بوون، ئەمەش بەو مانایەی ئەو فرەجەمسەرییەی کە لە ئێستای جیهاندا دروست بووەتەوە، هەر جەمسەرێك هەوڵی خۆبەهێزکردن و دووبارە سەپاندنی خۆی دەدات لە دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر ئەم تابلۆیە پێکەوە گرێ بدەینەوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەم فاکتەرانە دەکەین.

لێرەوە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ هەرێمی کوردستان بکەین لە چوارچێوەی ئەو عێراقەی پێی دەڵێن فیدراڵی، ئەوا خودی دەوڵەتی عێراق لەمپەر و ئاستەنگ و هەڕەشەی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات، پشتیان لە شەراکەتی نیشتمانی کرد و پەنایان بۆ چەك برد، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و ویستیان مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر کوردستان دروست بکەن و قەوارەکەی بچووك بکەنەوە و تا ئەم ساتەوەختەش لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە ئەم مەترسییانە بەردەوامن.

**کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆی و دەرەکی هەن کە کاریگەرییان هەیە و بوونەتە سەرچاوەی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

**شیعەی عێراق لە سەرەتادا تا پێکهێنانی کابینە حکوومییەکانیش بڕوایان بە شەراکەتی نیشتمانی هەبوو، بەڵام هەر لەگەڵ وردە وردە جێگە پێی خۆیان قایم کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست، شەراکەتی نیشتمانییان لە عێراقدا کۆتایی پێهێنا**

**ئێستا لە بەغدا بە زۆرینە و کەمینە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و، چۆن مەبەستیانە وا لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە بڕیار دەردەکەن و دەیانەوێت دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بچووک بکەنەوە**

**هەرێمەکەمان بەسەر هەر دوو زۆنی « زەرد و سەوز» دابەش بووە، ئەم دوو زۆنەش بەسەر دوو دەوڵەتی جیاواز کە ئێران و تورکیایە دابەش بووە**



**دەوڵەتی عێراق لەمپەر و ئاستەنگ و هەڕەشەی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات، پشتیان لە شەڕاکەتی نیشتمانی کرد و پەنایان بۆ چەک برد، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و ویستیان مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر کوردستان دروست بکەن**

ئەم دادگای فیدراڵییە لەگەڵ ئەوەی دادگایەکی دەستووری نییە، دەستی بۆ کۆمەڵێك کەیسی کوردستان بردووە، کە ئەسڵەن شەرعییەتی بۆ پەرلەمان و حکومەتی عێراق نەهێشتووەتەوە. ئەو کەیسانەی کە دادگای فیدراڵی لە کوردستاندا دەستی بۆ بردوون، وەك «هەڵوەشانەوەی پەرلەمان، هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بڕینی مووچەی فەرمانبەران»، ئەمانە ئاماژەی ترسناکن، هەروەها لەسەر ئاستی عێراق دەستی بردووە بۆ هەندێك چەمکی دیکە و بە بڕیاری دادگای فیدراڵی چەمکی «جێندەر» قەدەغە کرا، هەروەها دەستیان بۆ یاسای باری کەسێتی بردووە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

لەناو ئەم گێژاوەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا دەبێت هەرێمی کوردستان چی بکات؟

بەداخەوە ئێستا بە قۆناغێکدا گوزەر دەکەین، بە حیساب بەرەو هەڵبژاردن دەچین، کەچی دۆخێك دروست بووە، هەڵبژاردنەکەی خستووەتە دووڕێیانێکەوە واتە «دەکرێت، یان ناکرێت»، ئەگەر کرا، برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری دەکەن، یان نایکەن، بە دڵنیاییەوە ئەگەر بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردن بکرێت، هەڵبژاردنەکە هیچ بەهایەکی نابێت، چونکە دۆخەکە ڕاستەڕێ نابێت.

کێشەیەکی دیکەی ئێمە ئەوەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەستوورمان نییە، هەرێمیك بەبێ بوونی دەستوور خراپە، ئەگەر ئێمە دەستوورمان هەبوایە، دەگەڕاینەوە بۆ دەستوور لەسەر پرسی پەرلەمان، بەڵام لە نەبوونی دەستووردا ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ دادگای فیدراڵی و لەوێ شکات دەکەین، بەوەی ئایا پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی هەیە، یان نییەتی!

سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی بەسەرچووی دەوڵەتی هۆڵەندایە کە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش پیادەی کردووە، کە ئەویش سیاسەتی بەر خۆرە، ئەم سیاسەتە هۆکاری ئەوە بوو دەوڵەتانی عەرەبی بەردەوام لە پاشەکشەدا بوون، ئێستا ئێمە ئەو سیاسەتە ئابوورییە پیادە دەکەین.

بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا جارێکی دیکە دیراسەتی سیاسەتی ئابووریی بەرخۆر بکات و، سیاسەتێکی ئابووری دابڕێژێت کە لەگەڵ هەلومەرج و ژیان و گوزەرانی خەڵکی




کوردستان بگونجێت. هەروەها دەبێت چاو بەو سیاسەتە ئابوورییە بگێڕێتەوە کە ئێستا هەموو شتێکمان داوەتە دەستی کەرتی تایبەت و، ئەم سیاسەتە گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە لەلایەن هەندێك سەرمایەداری مشەخۆرەوە کوردستان هەراج دەکرێت. زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم: بەداخەوە ئێمە سەرمایەداری نیشتمانیمان زۆر کەمە، بۆیە بەتایبەتکردن زیانێکی زۆری لە ئابووریی هەرێمی کوردستان داوە.

هەر بۆیە ئەگەر لە خولی داهاتووی پەرلەماندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە چاو بە کۆی ئەم پرسانەدا نەخشێننەوە، ئەوا پیلانەکان لە چوارچێوەی ئەو ململانێ نێودەوڵەتییانەی لە دژی هەرێمی کوردستانن بەردەوام دەبێت و، بەردەوامیش ئەو پیلانانە ئامانجیان بچووککردنەوەی قەوارە و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ئێمە هەتا ئەم ساتە وەختە وابەستەین بە عێراقەوە و خۆمان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین و هەرێمێکین لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە، بەڵام بەپێی دەستووری عێراق کۆمەڵێك دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان دراوە، کە ئێمە خۆمان دەتوانین بڕیار لەسەر پرسەکانی خۆمان بدەین، بەشێك لە دەسەڵاتەکانیش دەسەڵاتی حەسری فیدراڵیین و حکومەتی فیدراڵی بڕیاریان لەسەر دەدات، بۆیە گرنگە ئێمە لە داهاتوودا پێداگری لەسەر دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆمان بکەین و، ئەو دەسەڵاتانەی خۆمان لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە بەکاربهێنین.

لە دوماهیدا، دێمەوە سەر ئەوەی ئایا هەرێمی کوردستان لەناو کۆی گێژاوی ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییانە چۆن مامەڵە بکات؟ بەڕاستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەتایبەتی واقیعی ئێستای کوردستان وایە کە دوو زۆنی و پەرتەوازەیی سیاسی هەیە، لەمەش خراپتر هەرێمی کوردستان دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا، بۆیە ناتوانرێت ڕاستەهێڵێك بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و ئالنگارییەکان بکەین، ئەمە وای کردووە نەتوانین بە گەشبینییەوە لەم ململانێیانە بڕوانین، بەتایبەتی کە هەتا دێت، گێژاوی ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییانە زیاتر ئاڵۆز دەبێت و لەسەر ئاستی ناوخۆش پەرتەوازەیی و دابەشبوون تا دێت زیاتر دەبێت، ئەمەش وادەکات کاریگەریی نەرێنیی زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بێت.

**ئەم دادگای فیدراڵییە لەگەڵ ئەوەی دادگایەکی دەستووری نییە، دەستی بۆ کۆمەڵێک کەیسی کوردستان بردووە، کە ئەسڵەن شەرعییەتی بۆ پەرلەمان و حکومەتی عێراق نەهێشتووەتەوە**



# هەتا کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر نەکرێت، عێراق نە پێش دەکەوێت و نە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت

**د.محەمەد ئیحسان**

ئوستاد و توێژەر لە زانکۆی (yale)ی ئەمەریکی:

**د.محەمەد ئیحسان ئوستاد و توێژەر لە زانکۆی (yale)ی ئەمەریکی، پشتریش وەزیری مافی مرۆڤ و سەرۆکی دەستەی ناوچەدابڕێنراوەکان بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و، لە ساڵی ٢٠٠٥ خۆی سەرپەرشتیی هێنانەوەی ڕوفاتی بارزانییەکانی ئەنفالکراوی لە بوسەییەوە بۆ کوردستان کردووە و هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ کەناڵی BBC فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەنفالی بارزانییەکان ئامادە کردووە، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیش لە عێراقدا ماوەی چەندین ساڵ لە بەغدا نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و لە پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. بۆ گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا)، زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم ململانێیانە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

ئەمرۆ هەموو جیهان لە ناو کێشە و ململانێدایە و پسپۆڕیی منیش لەسەر تەنگژە نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی زانستییەوە تەنیا لەسەر تەنگژە و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕابوەستین، ئەوا دەبینین پێکەوە کۆمەڵێك تەنگژە و ململانێ بەڕێوە دەچن کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم و بریتین لە:

- لەم ناوچەیەدا تەنگژەیەکی گەورەی ڕادیکاڵیی ئایینی هەیە، کە ئەم تەنگژەیە کەمتر لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.
- تەنگژەی مەزهەبی، ئەم تەنگژەیە ئەگەرچی لە ڕووی ئایینەوە کەمتر پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەری لە سەرمان هەیە.
- تەنگژەی وزە، ئەم تەنگژەیە ئێستا قورگی

ئێمەی گرتووە و بە بیانووی جۆراوجۆر تەنگژەیەکی گەورەیان بۆ دروست کردووین، کە ناتوانین نەوت هەناردەی دەرەوە بکەین.

• تەنگژەی نەتەوەیی، کە ئەمە کرۆکی کێشەی گەلی کوردستانە هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئێستا.

• تەنگژەی نێودەوڵەتی، کە کاریگەریی لەسەر ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش هەیە.

• تەنگژەی هەرێمی لەناوچەکە، ئەم تەنگژەیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر جێگەی مەترسییە، لەبەر ئەوەی هەرەشەکان لەو تەنگژە هەرێمییانەوە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبن.

هەموو ئەم تەنگژانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە جیهان بەرەو وەرچەرخان هەنگاوی ناوە و، لە سۆپەر پاوەری جیهانییەوە گۆڕاوە بۆ سۆپەر پاوەری هەرێمی، لەمەش زیاتر هەندێك تەنگژە و هاوکێشەی کۆنیش کە ئێستا زیندوو کراونەتەوە، ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

لە ئێستای عێراقدا تەنگژەی گەندەڵی هەیە، ئەم تەنگژەیە شیعەی ئەقڵانی و شیعەی چەکدار و سوننە و کوردیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەم تەنگژانە پێکەوە یەخەی کوردستانیان گرتووە.

هەوڵدان بۆ ئامادەکاری بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کۆی ئەم تەنگژانە بکەین، پێش هەموو شت ئەوەیە دەبێت مامەڵە لەگەڵ مێژوو و جوگرافیای خۆمان بکەین، بەداخەوە سیاسەتمەدارانی ئێمە و عێراقییەکانیش ئەم دوو فاکتەرەیان فەرامۆش کردووە، کە یارمەتیدەرێکی باش دەبن، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزینەوە.

پێویستمان بە مێژوو بۆ ئەوەی پەند و وانە لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین، پێویستیشمان بە جوگرافیایە بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان لە ناوچەکە بخوێنینەوە و سوود لە جیۆپۆلیتیکی خۆمان وەربگرین، ئێمە ئەمان نەکردووە.

ئێمە وەك عێراقی (هەموو پێکهاتەکان) بیر لەوە ناکەینەوە، ئێمە هەموومان لەبەردەم تونێلێکی داخراوداین، ئەم پەیامەم ئاراستەی شیعەی ئەقڵانی دەکەم، ئەگەر پێیان وایە حوکمڕانی لە عێراقدا بەم شێوازەی ئێستا لەسەری دەڕوات، بەردەوام دەبێت، ئەوا من دڵنیایان دەکەمەوە، کە بەم شێوازە تاسەر بڕ ناکات، بۆیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەقڵانییەت و بیر لە چارەسەرێکی ئەقڵانی بۆ هەموو کێشەکان بە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵییش بکەنەوە.

هەندێك جار ئێمە باسی ڕۆڵی ئەمریکا دەکەین لە عێراقدا، بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین، کە ئێستا عێراق لە لوتکەی ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی ئەمریکادا نییە و، پاش ئەوەی ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و لە ئەورووپا شەڕ دەستی پێکرد، ئەولەوییەتەکان لە سیاسەتی ئەمریکی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، پشتگیریی ئەمریکاش بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ٥٠ ویلایەتەکەی ئەمریکا نییە، ڕاستە سۆزێك هەیە و پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە بۆ سەرۆك بارزانییە بۆ ئەو خەبات و مێژووەی ئەو هەیەتی.

ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵە من لەناو سیاسەت و سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد و عێراق کاردەکەم. ئەمریکییەکان پێیان خۆشە کورد یەکریز بن، بەڵام ناچنە ناو وردەکاریی ئەوەی چۆن ئەم یەکڕیزییە دروست دەبێت و ئەمەش بە کاری خۆیان نازانن، ئێمە خۆشمان بە هۆی ئەو پەرتەوازی و دابەشبوونەی خۆمان بە ڕاستی دۆستەکانی خۆمانمان لە عێراقیش بێ هیوا کردووە و دۆستەکانمان کەمیان کردووە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران، ئەوە کارێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئێران نفووزی تەواوی لە عێراقدا هەیە و کاریگەری تەواویشی لەسەر کۆی ئەو لایەنە سیاسییانە هەیە کە ئێستا لە عێراقدا حوکمڕانییان بەدەستە، بۆیە من پشتگیریی ئەو بۆچوونە دەکەم و بە پێویستی دەزانم ڕاستەوخۆ گفتوگۆیەکی زۆر جددی و ڕاشکاوانە لەگەڵ ئێران بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئەگەر لەگەڵ ئێران گەیشتینە ڕێککەوتن، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیش دەگەینە

**جیهان بەرەو وەرچەرخان هەنگاوی ناوە و، لە سۆپەر پاوەری جیهانییەوە گۆڕاوە بۆ سۆپەر پاوەری هەرێمی**

**پێویستمان بە مێژووە بۆ ئەوەی پەند و وانە لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین، پێویستیشمان بە جوگرافیایە بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان لە ناوچەکە بخوێنینەوە و سوود لە جیۆپۆلیتیکی خۆمان وەربگرین**

**ئێستا عێراق لە لووتکەی ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی ئەمریکادا نییە و، پاش ئەوەی ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و لە ئەورووپا شەڕ دەستی پێکرد، ئەولەوییەتەکان لە سیاسەتی ئەمریکی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە**

**ئەگەر لەگەڵ ئێران گەیشتینە ڕێککەوتن، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیش دەگەینە ڕێککەوتن و دەتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین**



ڕێککەوتن و دەتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

خاڵی نەرێنی بە دیتنی خۆم کە زۆر مەترسیدارە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ئێمە تووشی بەستەڵەکێکی فیکری بووین، هەموو هەڵوێست و سیاسەتێکمان کاردانەوەیە، بۆیە زۆر گرنگە ئەم کاردانەوە بگۆڕین بۆ سیاسەتێک کە بتوانێت کار بکات، کە بووینە خاوەنی ئەم سیاسەتە متمانە بە خۆمان دەکەین، کە بووین بە خاوەنی متمانە دەتوانین بڕیار بدەین، کە توانیمان بڕیار بدەین، بوێریی ئەوەمان دەبێت شان بدەینە بەر بەرپرسیاریەتی.

ئێمە هەموومان باسی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەکەین. باشە دەپرسم ئایا کێ ئەم کێشانەی بردە لای دادگای فیدراڵی و شکاتی کرد؟ ئایا لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بردیان، یان لایەنێکی کوردی کە خۆی لە تۆ زیاتر بە کوردستانی دەزانێت، هاتووە شکاتی کردووە و بردوویەتیە لای دادگای فیدراڵی؟

ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئێمە کێشە و کەموکورتییەکی گەورەمان لەناو خۆمان هەیە، ئەم کێشەیەش بە کاردانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ یەکتری دابنیشین و پێکەوە گفتوگۆیەکی جددی و ڕاشکاوانە بکەین.

لەناو سیستمە سیاسییەکاندا هاوکێشەیەک هەیە کە بیرمەندی ئەمریکی جوزیف دایناوە و دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردنی هەر تەنگژەیەک، سێ قۆناغبەندی دەکەیت، لە قۆناغی یەکەمدا پلان ئامادە دەکەیت، بۆ ئەوەی هێزێک دروست بکەیت، لە قۆناغی دووەمدا گەشە بە هێزەکە دەکەیت، بۆ ئەوەی بتوانی تەنگژەکەی پێ چارەسەر بکەیت، لە قۆناغی سێیەمدا هەوڵ دەدەیت ئەو چارەسەرە بپارێزیت»، ئەم چارەسەرە ئەگەر ئەقڵانە پارێزگاری لێ بکەیت، دەبێتە سیستەمێکی نێودەوڵەتی بە پێچەوانەوە ئەگەر گوێت پێ نەدا، ئەوا لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر ئێمەش وەک لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان خۆمان لەو سێ قۆناغبەندییە ڕێک نەخەینەوە و گفتوگۆی جددی نەکەین، بۆ ئەوەی کێشەکانمان چارەسەر بکەین و سەرەنجامیش ئەو تەبایی و یەکڕیزییە بپارێزین، ئەوا بمانەوێت، یان نەمانەوێت خۆمان بەرەو شکست و هەڵوەشان دەبەین، سەرەنجامیش هیچ لایەکمان سەرکەوتوو نابین و کێشەکەش لە دەستمان دەردەچێت.

**ئێمە کێشە و کەموکورتییەکی گەورەمان لەناو خۆمان هەیە، ئەم کێشەیەش بە کاردانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ یەکتری دابنیشین و پێکەوە گفتوگۆیەکی جددی و ڕاشکاوانە بکەین**



ئەم پرسە بۆ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا و حکومەتی فیدراڵی هەر بەو شێوەیەیە، ئەگەر بەردەوام پێکەوە گفتوگۆ نەکەین، کێشەکانمان هەر وەك خۆیان دەبن و ناتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. من بۆ ماوەی حەوت ساڵ نوێنەری هەرێمی کوردستان بووم لە بەغدا، ئەو کاتەی من نوێنەر بووم، ٩٥٪ی ئەو کێشانە بوونیان نەبوو، کە ئێستا هەن، نەبوونی ئەم کێشانەی ئێستا لەو سەردەمەدا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی ڕاستگۆیانەمان هەبوو، لەسەر ئەو کێشانەی دروست دەبوون، هەوڵێك هەبوو بۆ ئەوەی بە ڕێگەی بەدواداچوون و گفتوگۆ چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام لە ئێستا و لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، کەموکورتیی زۆرمان هەیە و، نەمانتوانیوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان بەردەوامی بە گفتوگۆکانمان بدەین. لەوانەیە هەرێمی کوردستان مەبەستی بووبێت کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکات، بەڵام گفتوگۆ بە یەك لایەنە نابێت، دەبێت بۆ ڕێگەی جۆراوجۆر بگەڕێین بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بەردەوامییان هەبێت. لە ئێستادا کێشەیەکی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کەڵەکە بوون، بۆیە زۆر پێویستە ئێمە بە دوای دەرچەیەکدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بیکەینە دەروازەیەك کە گفتوگۆیەکی جددی بکەین و بە گفتوگۆ چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، باشترین دەرچەش بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی دەستوور و بە نییەتێکی باش گفتوگۆکان دەست پێبکەینەوە، ئەم گفتوگۆیانە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئێستا هەن، تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگ نین، بەڵکو بۆ هەموو عێراق گرنگە و هەتا کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر نەکرێت، عێراق نە پێش دەکەوێت و نە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت.

**لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، کەموکورتیی زۆرمان هەیە و، نەمانتوانیوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان بەردەوامی بە گفتوگۆکانمان بدەین**

گرنگە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەگەڵ شیعەی ئەقڵانی بگەینە قەناعەتێکی هاوبەش کە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە زۆر پێویستن و، ئایندەی عێراق چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دیاری دەکات و بە پێچەوانەشەوە پشتگوێخستنی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەردوو لامان زەرەرمەند بین.



## د.محەمەد سەید نووری بازیانی

وتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی کوردستان:

# لە ئێستادا هەموو ناوچەکە دەکوڵێت و بە قۆناغێکی پێکدادانی پرۆژەکاندا تێدەپەڕێت، چارەسەریش بۆ ئێمە ئەوەیە «دارەکە لە ناوەڕاستەوە بگرین»

د.محەمەد سەید نووری بازیانی، یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسییە ئیسلامییە دیارەکانی کوردستان و بێجگە لە کاری سیاسی، توێژەرە و چەندین کتێب و توێژینەوەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی و عەرەبی کردووە، لەکابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بووە و ئێستا وتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامییە لە کوردستان، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا) بەمجۆرە بیربۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو:

بۆ ئەم گفتوگۆیە بابەتێکم ئامادەکردووە بە ناونیشانی «حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئالنگارییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان»، لەبەر ئەوەشی لەم گفتوگۆیەدا بەشێك لە بەشداربووان برایانی عەرەبن و لەگەڵمان بەشدارن و ئامادەبووانیش هەموویان لە عەرەبی تێدەگەن و کێشەیان نییە، بۆیە من باسەکەی خۆم بە عەرەبی پێشکەش دەکەم، بۆ ئەوەی مەبەستەکە وەك خۆی بگات، نەك لە کاتی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆدا هەندێك لە بڕگەکان بپچڕێن.

سەرەتا لە ئالنگارییە خودی و ناخۆییەکانەوە دەست پێدەکەم. ئەم ئالنگاریانە دەتوانین بە کورتی لەناو هەندیك خاڵی گەوهەریدا بەمجۆرە پۆلێنیان بکەین:

ا- لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسی.

بە واتایەکی دیکە ئامێری ڕووخێنەر لە ناوخۆدا وەك دەڵێن، ئەمە ترسناکترین هۆکارە کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و ئەزموونە تازەپێگەیشتووەکەی دەکات، کە ئومێد لێی ئەوە بوو کە ببێتە نموونەیەك و پارچەکانی دیکەی کوردستانە بریندارەکەمان شانازی پێوە بکەن، کە ئەم نیشتمانە لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیزمەوە

و دوای پەیمانی سایکس پیکۆ پارچە پارچە کراوە.

ئەم ئامێرە رووخێنەرە لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێش ئەویش شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دەستی پێکردووە.

دەوڵەتانی هەرێمی و هەروەها دەوڵەتانی گەورەش وەك ئەمریكا بەتایبەتی دەستتێوەردانیان لەم تەنگژەیە کرد، بۆ ئەوەی ئەم خوێنڕشتنە رابگیرێت.

بێگومان ئەم شەڕانە پێش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، لەسەر بنەمای «پەرتکە و زاڵ بە»، حکومەتی عێراق زیاتر ئەم تەنگژەیەی فراوانتر دەکرد، لە هەندێك حاڵەتیشدا حکومەتی عێراق رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە شەڕەکاندا گێڕاوە، کە لەم شەڕانەدا گیانی هەزاران لاوی دروێنە کردووە و خێزانی هەر سێ لایەنەکە بە هۆی ئەم شەڕانە دەرکران، یان ناچاربوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەمەش کەلێنێکی گەورەیان لە جەستەی کورد و کوردستاندا دروست کرد.

ب- بەردەوامیی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی، ئێستا دەبینین لەو پەڕی توندیدایە، لایەك بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات، لایەکەی دیکەش خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکات و لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکاندا بانگەشەی ئەوە دەکات، هەڵبژاردنی ١٠ی حوزەیرانی داهاتوو لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبێت.

ج- هەموو دەبینین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابەش بووە بۆ دوو حکوومەت و دوو هەرێم، ئەم دابەشبوونە بەرچاوە و تەنانەت لە بەرگی سەربازیی هێزی هەردوو حزبەکە دیارە کە لە یەکتری جیاوازن.

ح- سەبارەت بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە دەبێت بەبێ ئیحراجی قسەی لەسەر بکرێت، ئەوانیش لەبەریەکهەڵوەشاون و بریتین لە زۆربەی حزبەکانی دیکە کە ئایدیۆلۆژیای «نەتەوەیی و چەپ و ئیسلامی» لەخۆ دەگرن. زۆر بەداخەوە ئەم حزبانە وەك ئۆپۆزسیون لەبری ئەوەی چارەسەری گونجاوی کێشەکان بخەنەڕوو، هەموو کار و هەوڵدانیان ئەوەیە کە بە دوای بۆشایی و کەموکورتییەکانی حکومەتدا بگەڕێن، لە هەمان کاتدا حکومەتیش جددی نیە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، بەتایبەتیش ئەو گەندەڵییە بەربڵاوە کە لەناو شادەماری حکومەتدا هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و بارقورسکردنی شانی هاووڵاتییان لە رێگەی باج و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و خۆراك، هاتنە خوارەوەی داهاتی هاووڵاتیان و بوونی بێکاریی رووپۆشکراو بۆ گەنجی دەرچووی زانکۆکان و هێزی کار. هەموو ئەمانە وای کردووە، ئۆپۆزسیون بەتایبەتی لە کەرتی پەروەدە پەنا بۆ خۆپیشاندان و پەناگیری لە گۆڕەپانەکان و لەبەردەم بینایە حکومییەکان بەرن، پاشانیش پەنابردن بۆ پەکخستنی خوێندن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. هەروەها حزبە ئۆپۆزسیونەکانیش روویان کردە حکومەتی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی لە بەغدا، ئەمە لە کاتێکدا پێیان وابوو حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، بەر لەوەی بەو شێوەیە پەرە بسێنێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی حکومەتی هەرێم لە چاوی حکومەتی فیدراڵی و هاووڵاتییانی کوردستانەوە لاواز دەربکەوێت.

د- دواخستنی کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان کارەساتێکی گەورە بوو. هەروەها بەسەرچوونی تەمەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم و رێکنەکەوتن لەسەر هەموارکردنەوەی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی دەستووری، حکومەتیش بووە حکومەتی کاربەڕێکەر و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش پەك خران. هەموو ئەمانە وایان کرد، لە بری ئەوەی هەرێم بە سەرپەرشتیی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدات، هەرێم ملکەچی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بێت. بەم شێوەیەش هەرێم گرنگترین پایەی یاسایی خۆی لەدەست دا و دەرگاش بۆ دادگای فیدراڵی وەڵا

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دابەش بووە بۆ دوو حکوومەت و دوو هەرێم، ئەم دابەشبوونە بەرچاوە و تەنانەت لە بەرگی سەربازیی هێزی هەردوو حزبەکە دیارە کە لە یەکتری جیاوازن**

**ئەم حزبانە وەک ئۆپۆزسیون لەبری ئەوەی چارەسەری گونجاوی کێشەکان بخەنەڕوو، هەموو کار و هەوڵدانیان ئەوەیە کە بە دوای بۆشایی و کەموکورتییەکانی حکومەتدا بگەڕێن**

**دواخستنی کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان کارەساتێکی گەورە بوو**

**لەبەر ئەوەی کوردستان لاوازترین ئەڵقەیە لە ناوچەکەدا و دەوڵەتی سەربەخۆش نییە، ئەوە وای کردووە، هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران و دەوڵەتانی دیکەش لەسەر خاکی کوردستان کێشەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە**

بوو، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت.

دووەم: ئالنگارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان:

پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی بەهێزی تورکیا و ئێرانە، ئەم دوو دەوڵەتەش تەنگژەی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە و خێر و بەرەکەتێکی زۆریش لەسەر خاکەکەیان هەیە. ئەوجا لەبەر ئەوەی کوردستان لاوازترین ئەڵقەیە لە ناوچەکەدا و دەوڵەتی سەربەخۆش نییە، ئەوە وای کردووە، هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران و دەوڵەتانی دیکەش لەسەر خاکی کوردستان کێشەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

سەنگەر و پرۆژەکان ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەیەکداچوون، تەنگژەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ هەمووان و لەبەرزترین ئاست ڕوون بووەتەوە، بەتایبەتی دوای شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا، شەڕی غەززە، دروستکردنی نەخشەی تازە بۆ ڕێڕەوی وزە کە لەلایەن هەندێك دەوڵەتی عەرەبی وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، ڕەوتی هەرێمی بەرەو ئەوەی ڕێڕەوی ئەو وزەیە سووریا بێت، نەك تورکیا، هەموو ئەمانە ململانێیەکی گەورەیان لە ناوچەکەدا دروست کردووە، بەتایبەتیش تورکیا و ئێران و ئەمریکا، بە نیسبەتی تورکیا بەوجۆرە سەیر دەکرێت، کە توانای ئەوەی هەیە، ئیدارەی هاوسەنگیی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان بکات، بۆیە دەبینین هەوڵ دەدات هێزی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، لە پێناوی ئەوەی ئەم هێزە وەك کارتێکی گوشار لەسەر حکومەتی فیدراڵی بەغدا بەکار بهێنێت.

لەلایەکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی وا دەبینێت، کە کاراکتەری سەرەکییە لە ئیدارەی تەنگژەکان لە ناوچەکەدا، ئەمە سەرباری ململانێی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا و چین و تەنگژەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، بەشێك لەمانەش بەداخەوە لەسەر خاکی کوردستان یەکلایی دەکەنەوە. هەروەها هەوڵێکی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ بە ئامانجگرتنی هێزەکانی تورکیا لە کوردستان، ئەمەش وەك بەشێك لە هەماهەنگی و هەڵوێست، یان وەك بەشێك لە یەکلاکردنەوەی نێودەوڵەتی لە نێوان هێزە گەورەکاندا، ڕوونتر بڵێین، شەڕێکی بەوەکالەت لە ناوچەکەدا هەیە.

ئێران وای دەبینی وەبەرهێنانی کوردستان لە سێکتەری گاز لە ڕێگەی دەوڵەتی ئیماراتەوە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی هەرێم و ئەمەش بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆی سەیر دەکات.لەبەر ئەوە دەبینین کە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق و تورکیادا خەریکە سەرهەڵبدات، بەتایبەتی دوای هەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ وازهێنان لە گازی ئێران، تورکیاش وای دەبینێت کە کوردستان لە ڕێگەی سووریاوە گاز هەنارده بکات، نەك لە ڕێگەی تورکیاوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێم دەستبەرداری تورکیا دەبێت و، لەم حاڵەتەشدا سووریا دەبووژێتەوە و دەیکاتە کاراکتەرێك لە هاوکێشەی هاوسەنگیی ناوچەکە بەتایبەتی کە سووریا لەگەڵ ڕووسیا هاوپەیمانە، بۆیە دەبینین هاوکارییەکی تورکی – ئێرانی هەیە بۆ لەباربردنی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە: چارەسەر چییە بۆ دەرچوون لەم تەنگژانە؟ یان لانیکەم کاریگەرییەکانی چۆن کەم بکەینەوە و کوردستان نەبێتە چوارگۆشەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکان لەم قۆناغە هەستیارەی کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت؟

دەتوانم زۆر بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی ناتوانین ئاماژە بە هەموو چارەسەرەکان بدەین لەم گفتوگۆ کورتەدا کە بە بۆچوونی من بریتین لە:

یەکەم: پتەوکردنی و یەکخستنی ڕیزەکان لە ناوخۆی هەرێمدا، کە وای دەبینم ئەمە مەحاڵ نەبێت. ئەگەر هەست بە مەترسیی ئەم قۆناغە بکەین کە پێیدا تێدەپەڕین، کە داوای هەموومان ئەوەیە دەستبەرداری بیرکردنەوەی تەسکی حزبی بین و بەرەو ئاشتەواییەکی نیشتمانی لەناو هەرێمدا هەنگاو هەڵبگرین و، بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بخەینە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە. من وای دەبینم و یەکریزی و تەبایی لە هەرێمدا بە دوور نازانم. بۆیە پێشنیار دەکەم، بەڕێز کاك مسعود بارزانی دەستپێشخەری ئاشتەوایی لە نێوماڵی کورد بکات، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش بە باشی دەزانم، بەڕێزیان میوانداریی هەموو حزبە کوردستانییەکان بکات، لەسەر

**ئێران وای دەبینی وەبەرهێنانی کوردستان لە سێکتەری گاز لە ڕێگەی دەوڵەتی ئیماراتەوە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی هەرێم و ئەمەش بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆی سەیر دەکات**

**پتەوکردنی و یەکخستنی ڕیزەکان لە ناوخۆی هەرێمدا، کە وای دەبینم ئەمە مەحاڵ نەبێت. ئەگەر هەست بە مەترسیی ئەم قۆناغە بکەین کە پێیدا تێدەپەڕین**

**داوای هەموومان ئەوەیە دەستبەرداری بیرکردنەوەی تەسکی حزبی بین و بەرەو ئاشتەواییەکی نیشتمانی لەناو هەرێمدا هەنگاو هەڵبگرین**

**پێشنیار دەکەم، شاندێکی دانوستاندن لە پسپۆڕان (بەتایبەتی پسپۆڕانی یاسایی کە شارەزان لە دێڕە شاراوەکانی یاسا و سیاسەت) ئامادە بکرێن**

مێـزیَ گفتوگـۆی هاوبـەش و بـە سەرپەرشـتیی ڕاسـتەوخۆی بەڕێزیـان تاوتوێکردنێکـی ڕاشـکاوانە لـە پێنـاوی دەرچـوون لـەو تەنگەژەیـە و زۆر کێشـەی هەڵواسراوی دیکە لـە هەرێمدا تێپەڕێنـن، هەروەهـا بـۆ لێکنزیکردنـەوەی دیدوبۆچوونـەکان و گەیشـتن بـە گوتـار و نەخشـەی کاری هاوبـەش کـە ڕەهەنـدی سـتراتیژی هەبێـت، هەنـگاو بنێـن. بـە دیـدی مـن ئـەوە دەکرێـت، بـەڵام بـە مەرجێـك بـە گیانـی کۆمپرۆمایـز لەسـەر دەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان ڕێکبکـەون.

مـن وای دەبینـم ئەمـە دەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی کەسـایەتیی کاریزمـای کاك مسـعود بارزانـی و ئەزمـوون و مێژووەکـەی و پێگـەی سیاسـی و تەنیـا بـۆ سیاسـییەکان سـنووردار بکرێـت، بەڵکـو دەبێـت بـە هەمـوو پسـپۆڕییەکان موتوربـە بکرێـن، پێشـتریش دەبێت پڕۆژەکـە بـە ئاسـتی ڕەهەندەکانـی دانوسـتاندن و دیراسـەتی کەسـایەتی و ئـەو لایەنانـەی دانوسـتاندیان لەگـەڵ دەکەیـن، ئامـادە کرابێـت.

بـە کورتـی ئێمـە زۆر پێویسـتمان بـە کەسـانی لێهاتـوو هەیـە لـە هونـەری دانوسـتاندندا، خەڵکانێك کـە ئاشـنای دەرەنجامـە یاسـاییەکانن و شـارەزان لـە سیاسـەتدا، کوردسـتانیش لـەو کەسـایەتییە پسـپۆڕانە بێبـەش نییـە و بـە دەیـان هـەن، ئەگـەر دەرفەتیـان بـۆ بڕەخسـێنرێت.

سـێیەم: لـەم قۆناغـە هەسـتیاردا دەبێـت

**بەڕێز کاک مسعود بارزانی تەنیا ڕەمزێکە کە لەناو سەرکردە کۆنەکاندا ماوەتەوە، زۆر کەسیش لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی پشت بەم کەسایەتییە دەبەستن و ئەمە شتێکی شاراوە نییە و هەمووان دەرکی پێدەکەن**



کۆمەڵایەتییەکـەی، وادەکات هەوڵە نیشتمانییەکەی لـەم قۆناغـە سیاسـییە دژوارەدا بەرهەمـدار بێـت. لەبـەر ئـەوەی بەڕێـز کاك مسـعود بارزانـی تەنیـا ڕەمزێکـە کـە لەنـاو سـەرکردە کۆنەکانـدا ماوەتـەوە، زۆر کەسـیش لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و هەرێمـی و نێودەوڵەتـی پشت بـەم کەسایەتییە دەبەسـتن و ئەمـە شـتێکی شـاراوە نییـە و هەمـووان دەرکـی پێدەکـەن.

دووەم: گفتوگۆیەکـی ڕاشـکاو و بونیادنـەر لەگـەڵ حکومەتـی فیدڕاڵـی لـە بەغـدا بکرێـت، چونکـە زۆرێـك لـە کێشـەکانی حکومەتـی هەرێـم چارەسـەری لـە بەغدایـە، لەبـەر ئـەو هۆیانـە پێشـنیار دەکـەم، شـاندێکی دانوسـتاندن لـە پسـپۆڕان (بەتایبەتـی پسـپۆڕانی یاسـایی کـە شـارەزان لـە دێـڕە شـاراوەکانی یاسـا و سیاسـەت) ئامـادە بکرێـن، ناکرێـت ئـەم لێژنانـەی دانوسـتاندن سیاسـەتی هاوسـەنگی لەنێوان دەوڵەتانی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی پیـادە بکەیـن و، دوور بکەوینـەوە لـەوەی ببینـە سـووتەمەنیی ئـەو تەنگژانـەی لـە نێوانیانـدا هەیـە، لەبـەر ئـەوەی لـە ئێسـتادا هەمـوو ناوچەکـە دەکوڵێـت و بـە قۆناغێکـی پێکدادانـی پڕۆژەکانـدا تێدەپەڕێـت، چارەسـەریش بـۆ ئێمـە ئەوەیـە «دارەکـە لـە ناوەڕاسـتەوە بگریـن»، کـە زۆر دەوڵـەت ئێسـتا وای کـردووە، هـەر بۆ نموونـە ئـەوەی تورکیـا کـە تەنگـژەی ڕووسـیا و ئۆکرانیـا کـردی، بـە مەزنـدەی مـن ئەمەشـیان دەکرێـت. دەبێـت ڕۆڵـەکان لەنێـوان خۆمانـدا بەرانبـەر ئێـران و تورکیـا و ئەمریـکا و بەغـدا دابـەش بکەیـن، بەمـەش کوردسـتان بـە سـەلامەتی ڕزگاری دەبێت و، ململانێـکان لەنـاو خاکـی کوردسـتاندا یـەکلا ناکرێتـەوە و کوردسـتان پارێـزراو دەبێـت.

**ئێمە زۆر پێویستمان بە کەسانی لێهاتوو هەیە لە هونەری دانوستاندندا، خەڵکانێک کە ئاشنای دەرەنجامە یاساییەکانن و شارەزان لە سیاسەتدا، کوردستانیش لەو کەسایەتییە پسپۆڕانە بێبەش نییە و بە دەیان هەن، ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێت**



د.ئەنەس دۆسکی

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان:

# هێنانی بەرژەوەندیی وڵاتان بۆ ناو هەرێم فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی هەرێم بپارێزین

د.ئەنەس دۆسکی، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستانە و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و مامۆستای زانکۆش بووە. یەکێکە لەو زانا ئیسلامییانە کە لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵوێست و قسەی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە و، هەمووکات بەرگری لە خاك و نیشتمان وەك فەریزەیەکی ئایینی سەیر دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ _هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا) زۆر بە ڕاشکاوی دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی بەمجۆرە خستەڕوو.

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان «رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّاب»

قسەکردن لەسەر ئەم ناونیشانە (هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی) بەڕاستی لە جێگەی خۆیەتی و گرنگە هەموومان بیر لەوە بکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لەناو ئەم هەموو ململانێ و تەنگژەیەدا چۆن دەتوانێت خۆی بپارێزێت.

جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان دوو جەمسەرییە، ئەگەر ئێمە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان هێزە سیاسییەکانمان یەکڕیز و تەبا بن و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکانەوە، ئەوا ئەم جیۆپۆلیتیکەی کوردستان هێزێك بۆ ئێمە دروست دەکات، بەڵام ئەگەر ئێمە پەرتەوازە بین و هیچ پلان و بەرنامەیەکمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و ئالنگارییەکان نەبێت، ئەوا بەڕاستی ئەمە دەبێتە مەترسییەکی گەورە و ناتوانین تێیانبپەڕێنین و وەك دەڵێن خوا دەزانێت چیمان بەسەر دێت.

لەناو بازنەی هێزی گێژاوی ئەم ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەدا، هەرێمی کوردستان بەراورد بە دەوڵەتانی دەوروبەری و لەڕووی هێزی سەربازییەوە لە هەمووان لاوازترە و بەراورد ناکرێت، بۆیە لەم لایەنەوە هەرێمی کوردستان دەبێت بیر لە بەکارهێنانی هێزی نەرم بکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر وەك نموونە سەیری دەوڵەتێکی وەك قەتەر بکەین، دەبینین ئەم دەوڵەتە بچووکە کە هێزێکی ئەوتۆی سەربازیی نییە، بەڵام فاکتەرێکی گەورەشە لە سیاسەتی ناوچەکەدا و توانیویەتی کە ڕۆڵێکی زۆر باش لەسەر ئاستی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی بگێڕێت، هەرێمی کوردستانیش کە جیۆپۆلیتیکییەی بووەتە ناوبژیوانی نێوان هێزی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، دەتوانێت بە بەکارهێنانی هێزی نەرم خۆی بپارێزێت و، پاراستنی ئەم قەوارەیە و کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیە.

لێرەدا نامەوێت بچمە ناو ئەو وردەکارییەی کە چۆن هەرێمەکەمان بپارێزین، لەبەر ئەوەی بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە پێش من ئاماژەیان پێ کرد، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەم قۆناغە تێپەڕێنین، گرنگە ئێمە بتوانین هاوپەیمانیی سیاسی پێکبهێنین.

سرووشتی سیاسەت بەو جۆرەیە کە هەتا سەر دۆستایەتی و دوژمنایەتی نیە، بەڵکو ئەم دۆستایەتی و دوژمنایەتییە بەرژەوەندییەکان دیاری دەکەن، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە هەرێم خۆی نەخاتە سەنگەری ئالنگاریی هیچ کام لەو هێزانەی لەناو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندان، تەنانەت ناکرێ لەگەڵ عێراقیشدا خۆمان بخەینە سەنگەری ئالنگارییەکان.

زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات، بەرژەوەندیی وڵاتانی دەوربەر و نێودەوڵەتی بهێنێتە ناو کوردستان، هێنانی بەرژەوەندیی وڵاتان بۆ ناو هەرێم فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی هەرێم بپارێزین، هەر بۆ نموونە هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی دروست بوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەشی هەندێك ڕەخنە و تێبینییش لەسەر کۆنتراکتی نەوتی هەیە، بەڵام ئەم لایەنە دەکرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بوونی ئەو کۆمپانیا گەورە جیهانییانە لە کوردستان هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی کوردستان بپارێزرێت، دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو کۆمپانیا جیهانییانە لە کوردستان نەبوونایە، بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر خراپتر دەبوو.

خاڵێکی زۆر هەستیار کە هەڕەشە لە کوردستان دەکات و بەڕێزانی دیکەش ئاماژەیان پێکرد، پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستانە، وەك پەروەردگاریش دەفەرموێت «و لَا تَنَزَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ»، بەڕاستی ئەم پەرتەوازەییە هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات و، ئەگەر هاوپەیمانان هەرێمی کوردستان بەجێ بهێڵن، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە هەرێمی کوردستان نامێنێت، لەوانەیە ئەم پەرتەوازەییە ببێتە هۆکاری ئەوەی هەرێم دابەش بێت بۆ دوو هەرێم، یان هەرێمەکە ئەسڵەن هەر نەمێنێت.


ئەگەر لە ناوماڵی سیاسیی کوردستان یەکڕیزی و یەکگوتاری هەبووایە، ئەمە

**ئەوەی بتوانین ئەم قۆناغە تێپەڕێنین، گرنگە ئێمە بتوانین هاوپەیمانیی سیاسی پێکبهێنین**

**بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە هەرێم خۆی نەخاتە سەنگەری ئالنگاریی هیچ کام لەو هێزانەی لەناو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندان، تەنانەت ناکرێ لەگەڵ عێراقیشدا خۆمان بخەینە سەنگەری ئالنگارییەکان**

**ئەگەر ئەو کۆمپانیا جیهانییانە لە کوردستان نەبوونایە، بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر خراپتر دەبوو**

**ئەگەر لە ناوماڵی سیاسیی کوردستان یەکڕیزی و یەکگوتاری هەبووایە، ئەمە دەبووە سەرچاوەی هێزی ئێمە و دەمانتوانی هەڕەشە و ئالنگارییەکان هەرچەند گەورە بن تێیانپەڕێنین**



**دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پەرتەوازەییە دەرگای دیکەی بە رووی هەڕەشەی زیاتر بۆ سەر هەرێمی کوردستان کردووەتەوە**

دەبووە سەرچاوەی هێزی ئێمە و دەمانتوانی هەڕەشە و ئالنگارییەکان هەرچەند گەورە بن تێیانبپەڕێنین، بەڵام لە ئێستادا لەبەر ئەوەی ئەو یەکڕیزییە نییە، دەبینین دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم پەرتەوازەییە دەرگای دیکەی بە رووی هەڕەشەی زیاتر بۆ سەر هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، یەکێك لەو هەڕەشانەی کە خەریکە ئاسایشی و ئاشتی کۆمەڵایەتیی ئێمە لە ڕیشەوە هەڵدەکێشێت، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە، کە من ناوی لێ دەنێم هێرشی ماددەی هۆشبەر بۆ سەر کوردستان، ئەم هێرشەی ماددەی هۆشبەر کە بەئەنقەست و بە بەرنامە ماددەی هۆشبەر لەم هەرێمە بڵاو دەکرێتەوە و گەنجەکانمان بەم ماددە هۆشبەرانە ئالوودە دەبن، ئامانج لێی ئەوەیە ژێرخانی کۆمەڵایەتیی ئێمە بڕووخێنن.

لەسەر ئاستی عێراق هەندێك جار گوێبیستی بانگەشەی مەزهەبی و نەتەوەیی لە دژی هەرێمی کوردستان دەبین، ئەم بانگەشە مەزهەبی و شۆڤێنییانە بۆ ئەوەیە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵی بە ئاراستەیەکی خراپ بەرن و ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان ئاڵۆز بکەن.

بۆیە گرنگە ڕێگە نەدەین بەم بانگەشانە کە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان بخەنە چوارچێوەی کێشەی نێوان کورد و عەرەب، یان نێوانی کورد و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، بەڕاستی گەلی کورد نەك هەر هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و تەواوی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی کوردستان و عێراق نییە، بەپێچەوانەوە هەموو کات گەلی کورد فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ پێکەوەژیانی نێوان تەواو نەتەوە ئایینە جیاوازەکان و لەسەر ئاستی عێراقیش بڕوای بە برایەتیی کورد وعەرەب هەبووە.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لەدوو پرسی گەورەی جیهانیدا سەرکەوتوو بووە و توانیشی ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا بگێڕێت، یەکەمیان سەرکەوتن بوو لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵێکی گەلێك مەزنی تیدا گێڕا، هەروەها لە پاکی ژێرخانیی کۆمەڵایەتیی کوردستان کە ژێرخانێکە تۆوی تیرۆریستانی تێدا شین نابێت.

دووەمیان کە هەرێمی کوردستان تێیدا سەرکەوتوو بووە، ئەو پێکەوەژیانەی نێوان نەتەوە



و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، کە بووەتە سیمایەکی گەش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە ئێمە لەچەند بوارێکی دیکە کەموکورتیمان هەیە و نەمانتوانییوە وەك پێویست سەرکەوتوو بین، کە ئەوانیش بریتین لەوەی ئێمە تائێستا نەمانتوانیوە بەسەر پەرتەوازەیی سیاسیی ناوخۆ زاڵ بین، هەروەها لەشەڕی دژی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانیش بەڕاستی نەمانتوانییوە کوردستان لەو ماددە هۆشبەرانە پاك بکەینەوە، کە ئەمە هەردووکیان مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

لە دوماهیدا پێشنیاری من ئەوەیە کە هەموو پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە، پێش هەمووشت ببینە خاوەنی گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی و بە یەك ئاراستە بیر لە پاراستنی هەرێمی کوردستان بکەینەوە، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە، مەرج نییە ئێمە تەرەفگیریی هیچ بەرەیەك لەو بەرانە بکەین، کە ئێستا ئەم گێژاوی ململانێیەیان لە ناوچەکەدا دروست کردووە. لێرەدا ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی تورکیا بدەین بەرانبەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، دەبینین تورکیا لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییە، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا بەردەوامە و ئامادەشە ناوبژیوانی بکات بۆ کۆتاییهاتنی شەڕەکە و لەولاشەوە وەك ئەندامێکی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی هاوکاریی ئۆکرانیاشی کردووە، بە پێدانی چەك. ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ئەگەر یەکگرتوو و یەك گوتار بین، دەتوانین نەبینە تەرەفگیری هیچ بەرەیەك و، ببینە ناوبژیوانی نێوان هەموو لایەنەکان و سیاسەتێکی لۆژیکانە پەیڕەو بکەین کە سەرەنجام هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت.

ئێمە دەبێت ئەوە بخەینە بەرچاوی خۆمان کە دەوڵەتان پێش هەموو شت سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، لە کوێ بەرژەوەندییان هەبێت، هەوڵ دەدەن ئەو شوێنە بپارێزن، لە سیاسەتدا عەشق و خۆشەویستی نییە، تەنیا بەرژەوەندی هەیە، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، زۆر گرنگە دەوڵەتان بەرژەوەندییان لە کوردستاندا هەبێت، بوونی بەرژەوەندیی وڵاتان لە وڵاتی ئێمە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین خۆمان بپارێزین.

**هەموو کات گەلی کورد فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ پێکەوەژیانی نێوان تەواو نەتەوە ئایینە جیاوازەکان و لەسەر ئاستی عێراقیش بڕوای بە برایەتیی کورد وعەرەب هەبووە**



**پ.د. شێرزاد زەکەریا**

مامۆستای زانکۆی زاخۆ:

# هەندێ لە هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن، دادگای فیدراڵی جێگەی (کودەتا سەربازییەکان)ی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بگرێتەوە

**پ.د.شێرزاد زەکەریا، ئوستادی مێژووە لە زانکۆی زاخۆ و یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی کە بایەخێکی زۆری بە مێژووی کوردستان و عێراق و ناوچەکە داوە و چەندین توێژینەوە و کتێبی لەسەر ئەم پرسە گرنگە نووسیوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا) بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

پرسی «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نیودەوڵەتیدا»، پرسێکی زۆر گرنگە، ئەوجا بە حوکمی ئەوەی پسپۆریی من مێژووە، ئەگەر هەندێك بگەڕێینەوە بۆ ناو مێژوو، دەتوانین بە پەندوەرگرتن لە مێژوو باشتر دەتوانین لەسەر ئەم پرسە هەستیارە قسە بکەین.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێت، کە هەموو شۆڕشەکانی گەلی کوردستان هەر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران تا دەگاتە شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و شیخ مەحموودی حەفید، هەر هەموویان قوربانیی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوون، تەنانەت بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش هەر لە ئاکامی ململانێی نێودەوڵەتی بەم شێوەیەی ئێستا هاتووەتە دامەزراند و، کوردستانیان بەم دەوڵەتە دروستکراوەوە لکاند، کە عێراقە، بەبێ ئەوەی پرس، یان ڕای ئێمە وەك گەلی کورد وەربگرن، هەر بۆیە لەم دەروازەیەوە دەکرێت بڵێین: هەموو

کات فاکتەری نێودەوڵەتی کاریگەریی زۆر گرنگی لەسەر دۆز و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هەبووە و، ئەو فاکتەرە تا ڕاددەیەکی زۆر ئاراستەکەی دیاری کردووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە خۆمان وەک گەلی کوردستان دەبێت ئامادەکاری بکەین، بەوەی چۆن لەناو ئەم ململانێی نێودەوڵەتییە دەتوانین خۆمان بپارێزین.

بەبۆچوونی من، فاکتەری سەرەکی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم ململانێ ئاڵۆزەدا ئەوەیە کە بیر لەوە بکەینەوە چۆن هاوسەنگیی نێوان ئەو هێزانە ڕابگرین کە ئێستا لەناو ململانێکەدان. بۆ ئەمە دەکرێت سوود لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول وەربگرین کە چۆن جەنابی مستەفا بارزانی توانی تا ڕاددەیەکی زۆر باش هاوسەنگی لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان و ئەمریکاش ڕابگرێت، کە ئەو کات ئەو دوو جەمسەرە گەورەترین ململانێی و شەڕی سارد لە نێوانیان هەبوو. بەڵام لۆژیکی مستەفا بارزانی وای کرد، لەیەک کاتدا پەیوەندییمان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئێران، میسر و...هتد» هەبێت.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان فێر دەکات، کە پێویستە ئێمە سیاسەتێك پیادە بکەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناو ململانێکە بگونجێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سیاسەتە نابێت هێندە ڕەق بێت کە بشکێت، نابێت هێندەش نەرم بێت کە دوژمن لەناوت بەرێت.

ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەو وانەیە فێر دەبین کە دەوڵەتان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و سیاسەت دەکەن. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لەساڵی ١٩٧٥یش شۆڕشی ئەیلوول دیسان بووە قوربانی ململانێی نێودەوڵەتی، ئەمەش دوای ئەوەی ئێران و عێراق لە جەزائیر ڕێککەوتن بە پشتیوانیی ئەمریکا و شۆڕشەکەی ئێمە نسکۆی بەسەردا هات. زۆر جاران ئێمە لەسەر ئەم ڕێککەوتنە دەڵێین: «ئەمریکا خیانەتی لە ئێمە کرد». ئەمە لەوانەیە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە خیانەت لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی پاراستووە لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوە سەیر دەکات.

ئەگەر بێینە سەر ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەیە، بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان دوو دەوڵەتی گەورە بوونەتە دوو جەمسەری ئەم ململانێیە، کاریگەریی ئەم دوو دەوڵەتە (ئەمریکا و ئێران) مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت، گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکە بێنێتەئاراوە و ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت.

دەوڵەتی تورکیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ هەتا ئێستا کەوتووتە قۆناغێکی نوێ، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەم دواییەی تورکیا، کە بینیمان ئەردۆغان پاشەکشەیەکی گەورەی تێدا کرد، لەسەر ئاستی ئەورووپاش کە ئەڵمانیا پشتیوانێکی گەورەی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا بوو، ئێستا دوای ئەوەی پارتی سۆسیال دیموکرات (SPD) لە ئەڵمانیا چووە دەسەڵات، ئەم پارتە لەگەڵ ئاك پارتی بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان کۆك نییە، واتە تورکیا لەسەر ئاستی ئەورووپاش هاوپەیمانییەکی گرنگی لەدەست داوە. ئەم حزبە زیاتر نزیکی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، لە ئایندەدا تورکیا تووشی ئاڵۆزیی زیاتر لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بێت.

پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە هەڵکشان و داکشاندایە، چەندین پرسی گرنگ وەك (پرسی نەوت، ئاو، هەرەشەکانی کەشوهەوا) ئەمانە پرسی زۆر گەورەن لەنێوان ئەو دوو وڵاتە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێستا باس لە «ڕێگەی گەشەپێدان» دەکرێت، ئەم ڕێگەیەش هەمان بیرۆکەی دەستپێکی سەدەی ٢٠ی ئەڵمانیایە کە بە ڕێگەی ئاسنی «بەرلین —بەغدا» ناسرابوو. ئەم پرسە بۆ ئێمەی کوردیش گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا عێراق دەتوانێت ببێ ڕەزامەندیی ئەمریکا ئەم ڕێگەیە دروست بکات؟ یان ئایا ئەمریکا وەك چۆن فەرەنسا و بەریتانیا ڕێگرییان لە دروستکردنی هێڵی ئاسنی «بەرلین- بەغدا»

**هەموو شۆڕشەکانی گەلی کوردستان هەر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران تا دەگاتە شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ مەحموودی حەفید، هەر هەموویان قوربانیی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوون**

**فاکتەری نێودەوڵەتی کاریگەریی زۆر گرنگی لەسەر دۆز و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هەبووە و، ئەو فاکتەرە تا ڕاددەیەکی زۆر ئاراستەکەی دیاری کردووە**

**دەکرێت سوود لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول وەربگرین کە چۆن جەنابی مستەفا بارزانی توانی تا ڕاددەیەکی زۆر باش هاوسەنگی لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان و ئەمریکاش ڕابگرێت**

**پێویستە ئێمە سیاسەتێک پیادە بکەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناو ململانێکە بگونجێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سیاسەتە نابێت هێندە ڕەق بێت کە بشکێت، نابێت هێندەش نەرم بێت کە دوژمن لەناوت بەرێت**

**کاریگەریی ئەم دوو دەوڵەتە (ئەمریکا و ئێران) مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت، گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکە بێنێتەئاراوە و ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە، هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە پراکتیکی هەڵنەگرتووە کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت لە ناوچەکەدا، تەنانەت ئەگەر هێرشیشی کردبێتە سەر بنکەیەکی ئەمریکی و یەک دوو ڕۆکێتی پێوە نابێت، پێشتر ئەمریکای ئاگادار کردووەتەوە**

**ئەمریکا هەموو سیاسەتەکانی تاکتیکن و هەر ئەوەندە دۆستە هەتا کاری پێتە، کە ئیشی پێت نەما، ئیدی دۆستایەتیش کۆتایی دێت**

**ئەم سەردانەی سوودانی بۆ ئەمریکا وەک برادەرانیش باسیان کرد، ئەنجامەکانی لە سەرووی سەرکەوتنیشەوە بووە، چەندین ڕێککەوتنی ئابووری ئیمزا کردووە، کە بریتین لە کڕینی چەک بە گوژمەی (٥٥٠) ملیۆن دۆلار و گرێدانی (١٨) ڕێککەوتن سەبارەت بە پترۆل و گاز**


کرد و نەیانهێشت دروست بکرێت، ڕێگری دەکات؟ بە دیدی من زۆر زەحمەتە پرۆژەکە دروست بکرێت.

سەبارەت بە ئێران کە ئەویش جەمسەرێکی گەورەی ململانێیەکەیە، دەزانین کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە، هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە پراکتیکی هەڵنەگرتووە کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت لە ناوچەکەدا، تەنانەت ئەگەر هێرشیشی کردبێتە سەر بنکەیەکی ئەمریکی و یەك دوو ڕۆکێتی پێوە نابێت، پێشتر ئەمریکای ئاگادار کردووەتەوە، هێرشەکانیش زیاتر بۆ نمایشکردن بووە. یەکێك لەو ڕووداوە مێژووییانەی پێویستە بۆ ئێران سوودی لێ وەربگرین، پرۆسەی «ئێران گێت» بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم پرسە بەوجۆرە بوو، ئەمریکا چەکی دایە ئیسرائیل، ئیسرائیل چەکانی دا بە ئێران، ئێرانیش پارەی دا بە ئیسرائیل، ئیسرائیلیش پارەکەی دایە نیکاراگوا، لە ئێستا ڕەوەندێکی زۆری جوو لە ئێران هەن کە لە وڵاتانی عەرەبی بوونیان نییە، بوونی ئەو ڕەوەندە جووە لە ئێران هەموو کات وەك خاڵێکی پەیوەندی بووە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. بۆیە لەناو خوێندنەوەی ئەم مێژووەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمڕۆ بە کردەیی باشترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئێرانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئێران نەبێت، کێ هەڕەشە لە پاکستان دەکات، یان کێ هەڕەشە لە دەوڵەتانی کەنداو دەکات؟

سەبارەت بە خۆمان وەك هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر جاران خۆمان بە خۆمان دەڵێین، هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە تەنیا هاوپەیمانی ئەمریکاین، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە، هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا لە ناوچەکە ئیسرائیلە، ئیسرائیل مەترسی بکەوێتە سەری هیچ دەوڵەتێك هاوپەیمانی ئەمریکا نییە و، ئەمریکا هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە لەسەر ئیسرائیل دوور بخاتەوە. سەرنج بدەن ئەنوەر سادات ڕێککەوتنی ئاشتیی (کامب دیڤید)ی لەگەڵ ئیسرائیل بە سەرپەرشتیی ئەمریکا ئیمزا کرد. دوای ئەم ڕێککەوتنە ئەمریکا کاری بە سادات نەما و، حوسنی موبارەکی ئامادە کرد بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە و (٣) ڕۆژ پێش ئەوەی خالید ئیسلامبولی، سادات بکوژێت لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١، موبارەك لە ئەمریکا گەڕایەوە. بۆیە ئەمریکا هەموو سیاسەتەکانی تاکتیکن و هەر ئەوەندە دۆستە هەتا کاری پێتە، کە ئیشی پێت نەما، ئیدی دۆستایەتیش کۆتایی دێت.

کێشەی سەرەکیی ئێمە لەگەڵ عێراقە، بۆیە دەبێت زۆر بە وردی عێراق بخوێنینەوە، بەتایبەتی حکومەتی ئێستای عێراق، (حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی)، دەبێت ئەوە بزانین ئەم حکومەتە حکومەتێکی بەهێزە لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەم سەردانەی سوودانی بۆ ئەمریکا وەك برادەرانیش باسیان کرد، ئەنجامەکانی لە سەرووی سەرکەوتنیشەوە بووە، چەندین ڕێککەوتنی ئابووری ئیمزا کردووە، کە بریتین لە کڕینی چەك بە گوژمەی (٥٥٠) ملیۆن دۆلار و گرێدانی (١٨) ڕێککەوتن سەبارەت بە پترۆل و گاز، پێشتریش عێراق ڕێککەوتننامەیەکی بە بڕی هەشت ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای توتالی فەرەنسی واژوو کردبوو، واتە هاتنی ئەم هەموو ڕێککەوتنە، ئەوا لە پراکتیکدا هاتنی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانەیە بۆ عێراق، بۆیە ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە کە هەوڵ بدەین بەرژەوەندیی دەوڵەتان بێنینە کوردستان، ئەگەر فەرەنسا و هۆڵەندا بەرژەوەندییان لە کوردستاندا نەبێت، نایەن کوردستان بپارێزن.

بۆیە ڕێگەی دروست بۆ ئێمە ئەوەیە کە هەموو هەوڵەکانی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ بەغدا کردوومانە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی شیاع سوودانی جێبەجێ بکرێت، ئەو ڕێککەوتنەی ئیمزای لەسەر کراوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداش دەروازەیەکی چارەسەرکردنیان بۆ دەکرێتەوە، بۆیە پێداگریمان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە و خستنەگەڕی هەوڵەکانمان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، دەبێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی



ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

سەبارەت بە کێشەی غەززە و کاریگەریی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە ئەم کێشەیە کاریگەریی لەسەر هەموو ناوچەکە دەبێت، لەوانەش کوردستان.

نەتانیاهوی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕدرێت.

ئیسرائیل درێژە بە هێرشەکانی بۆ سەر غەززە دەدات، لە کۆتاییشدا هەمان سیناریۆی ساڵی ١٩٨٢ی باشووری لوبنان دووبارە دەبێتەوە. کاتێك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین دەرکرا بۆ وڵاتی تونس، لەو کاتە بزووتنەوەی حەماس بە ناچاری و لەژێر فشاری سەربازی و سیاسی لە کەرتی غەززە دەکشێتەوە، ئەمەش بە ڕێگەی وڵاتانی قەتەر و میسر ئەنجام دەدرێت، پێشبینیش دەکرێت پاش غەززە نۆرەی حزبوڵڵا و باشووری لوبنان بێت.

خاڵێکی گرنگ لەبارەی هەڵوێستی (دادگای فیدراڵی)یە، کە چەندین بڕیاری لەسەر ڕەوشی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان دەر کردووە، پێویستە خاڵێك لەبەرچاو بگیرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لە هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن، دادگای فیدراڵی جێگەی (کودەتا سەربازییەکان)ی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بگرێتەوە، وەك دەگوترێت، دەیانەوێت ڕابسپێردرێت بۆ ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ژمارە(١) و هەوڵی زۆر بدرێت بە لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، هەڵبەت ئەمەش دەبێتە هەڵەیەکی گەورە و عێراقیش سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت، چونکە کوردستانێکی بەهێز و ئارام بەرانبەر عێراقی بەهێز و ئارام دێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە.

**ئەو ڕێککەوتنەی ئیمزای لەسەر کراوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداش دەروازەیەکی چارەسەرکردنیان بۆ دەکرێتەوە**

رابەر تەڵعەت، بەڕێوەبەری (ناوەندی لێکۆڵینەوەی سبەی)ـە و یەکێکە لە سیاسەتمەدار و نووسەر و توێژەرە دیارەکانی کوردستان و چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر پرسە سیاسییەکانی کوردستان هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.



رابەر تەڵعەت

بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی سبەی:

# ئەمە ستراتیژیەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە و خۆیان لەسەر ئەم پرسە یەکلایی کردووەتەوە، بەوەی دەبێت ئێران و دەست و پێوەندەکانیان پاشەکشەیان پێ بکرێت

لەسەر ئەم پرسە من هەوڵ دەدەم قسەكانی خۆم بەسەر سێ تەوەردا دابەش بكەم.

تەوەری یەكەم : باسی ئەو داینامیكانە دەكەم كە هەرێمی كوردستان پێوەی مەحكوومە.

تەوەری دووەم: باسی شەڕی بەوەكالەت «Proxy War» دەكەم لە ناوچەكەدا وەك سیاسەتی سەردەست لە ئێستای جیهاندا.

تەوەری سێیەم: باسی شەڕی غەززە و ئیسرائیل دەكەم، وەك توانەوەی بەسەتەڵەكی ئەو ناكۆكیی و ململانێیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە.

١- هەرێمی كوردستان و ئەو داینامیكانەی پێوەی مەحكوومە.

ئێمە دەزانین سێ داینامیكی گرنگ كاریگەرییان لەسەر هەرێمی كوردستان هەیە. داینامیكی یەكەمیان نێودەوڵەتییە، كە وڵاتانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئەمرۆ پشتگیریی هەرێمی كوردستانیان كردووە، بەڵام پشتگیرییەكانیان لە چوارچێوەی عێراقدا بووە، هەر بۆ نموونە یەكێك لە توێژەرەكانی ناوەندی سبەی نامەیەكی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نارد و تێیدا پرسیارێكی كردبوو: بۆچی چارەسەری دوو دەوڵەت بۆ كێشەی فەلەستین پەسەند دەكەن، بەڵام بۆ كێشەی كورد ڕەتی دەكەنەوە؟ وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا كە ئیمزای وەزیرەكەی لەسەرە و لە سایتی سبەیش بڵاومان كردووەتەوە بەمجۆرەیە: «ئێمە پشتگیری لە مافەكانی كورد و هەرێمێكی كوردستانی جێگر و بەهێز لە چوارچێوەی عێراقدا دەكەین».

ڕاگەیانراوەكەی كۆشكی سپی ئەمریكا لە میانەی سەردانەكەی ئەم دواییەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ ئەو وڵاتە هەمان ڕاستی دووبارە دەكاتەوە، ئەگەرچی چووەتە سەر هەندێك وردەكاری كە جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام ڕاشكاوانە پێمان دەڵێت «ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا پشتگیری هەرێمی كوردستانی گەشەسەندوو و سەقامگیر دەكەین».

عێراق وەك دەوڵەت ئێستا لە بارودۆخێكی ئابووریی بەهێزدایە، GDPی عێراق لەناو وڵاتانی كەنداو لە پلەی چوارەمدایە و گەیشتووەتە ٣٥٠ ملیار دۆلار، نرخی نەوتیش هەر بە بەرزی ماوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پارەیەكی هێجگار زۆری دەست دەكەوێت، بۆیە بە تێگەیشتنمان لە سیاسەتی ئێستای جیهانی، دەبێت سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان زۆر باش ئەو سیاسەتە بخوێنێتەوە و واز لە هەموو ڕیسكێك بێنێت و خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕێك بخات و، ڕۆڵی خۆی لە دەستووری عێراقدا چالاك بكاتەوە و، پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەغدا بەهێز بكاتەوە. مافەكانی خۆی كە لە دەستووردا هاتوون، «هەرێمی كوردستان وەك پێگەیەكی دەستووریی ددانپێدانراو» جێگیر بكاتەوە، كە ئەمەمان كرد، دەتوانین بەكاری بهێنین بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ داینامیكی دووەم كە داینامیكی هەرێمییە.

داینامیكی هەرێمی، ستراتیژیەتی ئێران و توركیا بەشێوەیەكی گشتی لەگەڵ هەرێمی كوردستان نییە، لەبەر یەك هۆكار ئەگەر هەموو هۆكارەكانی دیكە وەلا نێین، ئەو دوو دەوڵەتە هەرێمی كوردستان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان خۆشیان كوردیان هەیە. هەر بۆیە ئەگەر نەشتوانن هەرێمی كوردستان لەناو بەرن، ئەوا بە بچووك سەیرت دەكەن و بە بچووك مامەڵەت لەگەڵ دەكەن، دەبێت ئەمان لا ڕوون بێت و قەناعەتیشمان هەبێت، ئەم ستراتیژە لای ئەم دوو دەوڵەتە ناگۆڕێت.

داینامیكی سێیەم، پەیوەندی بە ناوخۆی خۆمانەوە هەیە. لەم ماوەیەی ڕابردوو باڵیۆزی ئیتاڵیامان بینی لە سلێمانی، ئەو دوای سەردانیكردنی كاك بافڵ هەر لەوێوە هاتبوو بۆ لای ئێمەش لە دامەزراوەی لێكۆڵینەوە و میدیایی سبەی» و لێمان پرسی: كاك بافڵ چی دەڵێت لەسەر هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان؟ وتی: «ئەو دەڵێت هەڵبژاردن هەر دەكەین».

پاشان باڵیۆزەكەی ئیتاڵیا پێی گوتین: «من یەك شت لە ئێوە تێ ناگەم، ئێمە لە یەكێتیی ئەورووپا كە دەچینە سەر مێزی گفتوگۆ لە پێناوی خواست و سیاسەت و مافەكانی خۆمان شەڕ دەكەین، بەڵام لە هەمان كاتدا بۆ ئەوەی بگەینە ڕێككەوتنیش ئامادەین كۆمپرۆمایز

**كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئەمرۆ پشتگیریی هەرێمی كوردستانیان كردووە، بەڵام پشتگیرییەكانیان لە چوارچێوەی عێراقدا بووە**

**عێراق وەك دەوڵەت ئێستا لە بارودۆخێكی ئابووریی بەهێزدایە، GDPی عێراق لەناو وڵاتانی كەنداو لە پلەی چوارەمدایە و گەیشتووەتە ٣٥٠ ملیار دۆلار**

**ئەوەی پارتی و یەكێتی لەئێستادا دیكەن، لەبارێردنی ئەو هەلە و ئەو ئەزموونەیە، لەبەر ئەوەی كاتێك ئەم دوو حزبە خۆیان لەناو خۆیاندا ڕێك ناكەون، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بكەن كە ئێران و توركیا لە بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمدا دەستتێوەردان بكەن**

**ساڵێك پێش ئێستا بە چەند برادەری سەركردایەتیی پارتیم گوت: «یەكێتی مەخەنە باوەشی ئێران، یەكێتی بگرنە خۆتان و سیاسەتیان لەگەڵ بكەن، نەك دوژمنداری، چونكە ئێوە بەبێ یەكێتی ناتوانن حوكمڕانی بكەن»**

(سازش) بکەین، بۆیە ئێمە کاتێک دەچینە سەر میزی گفتوگۆ نازانین لە ئاکامدا لەسەر چی ڕێک دەکەوین، بەڵام دەتوانین بڕیارێک بدەین کە هەموومان پێی ڕازی بین»، ئەوجا وتم: با منیش پێت بڵێم کێشەی ئێمە چییە؟ ئێمە ناچینە سەر مێزی گفتوگۆ لەبەر ئەوەی ئاکامەکەی دەزانین، یان دەمانەوێت ئاکامەکەی بەوجۆرە بێت کە خۆمان دەمانەوێت و ئامادەش نین کۆمپرۆمایز (سازش لە پێناوی سازان) بۆ یەکتری بکەین.

ئەمڕۆ لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت، یان نەکرێت، گرنگ نییە، ئەوەی کوردستان دەپارێزێت هەڵبژاردن و دیموکراسی نییە، بەڵکو ئەوەی کوردستان دەپارێزێت، بریتییە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی «Social Contract»، دەبێت لە چوارچێوەی ئەم کۆنتراکت و ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییەدا، سیاسەت و بڕیاربەدەستەکانی کار بۆ وەدیهێنانی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی بکەن و، خەڵک لەگەڵ نیشتمان و هەستی نەتەوەیی و کوردبوون ئاشت بکەنەوە.

لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین کە لە عێراقی دەوڵەمەندا هەیە و لە ئێستادا پشتگیریی نێودەوڵەتی هەیە، دەبێت بزانین چی دەکەین.، بە بڕوای من زۆر گرنگە یاسا ڕۆڵی خۆی هەبێت، کار بۆ سەروەریی یاسا بکەین، دامودەزگای خۆمان بونیاد بنێینەوە، ژێرخانی ئابووریمان بەهێز بکەینەوە. لە کاتێکدا بەڕاستی ئەوەی پارتی و یەکێتی لەئێستادا دیکەن، لەباربردنی ئەو هەلە و ئەو ئەزموونەیە، لەبەر ئەوەی کاتێک ئەم دوو حزبە خۆیان لەناو خۆیاندا ڕێک ناکەون، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەن کە ئێران و تورکیا لە بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمدا دەستتێوەردان بکەن. من ساڵێک پێش ئێستا بە چەند برادەری سەرکردایەتیی پارتیم گوت: «یەکێتی مەخەنە باوەشی ئێران، یەکێتی بگرنە خۆتان و سیاسەتیان لەگەڵ بکەن، نەک دوژمنداری، چونکە ئێوە بەبێ یەکێتی ناتوانن حوکمڕانی بکەن».

٢- لە نێوان ساڵی ٢٠٠٢-٢٠١١ جیهان بە قۆناغێکدا تێپەڕی کە پێیان دەگوت، شەڕی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، یان تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، لە ئێستادا قۆناغی شەڕی تیرۆری نێودەوڵەتی تێپەڕیوە، بەهاری عەرەبی کە ئەنجامەکەی بووە شکستی دەوڵەتی نەتەوەیی «Nation State» بوو، مەبەستم دەوڵەتانی دوای پەیماننامەی سایکس-پیکۆتە لە ١٩١٦، ئێستا ئێمە لە قۆناغی شەڕی بەوەکالەت «Proxy War» دەژین و ئەگەر ناونیشانێک بۆ ئەم ململانێیەی ناوچەکە هەڵبژێرین، ئەوا باشترین ناونیشان بریتییە لە «شەڕی بەوەکالەت»).

ئەم وەکیلانە لە هەموو شوێنێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە، هیچ دوور نییە سبەی لە کوردستانیش دروستیان بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ستراتیژیەتی هێز لە ئێستای جیهاندا لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دانەڕێژراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای گەشەپێدانی هێزی پرۆکسی و شەڕی ناڕاستەوخۆ بونیاد نراوە.

بەڕێز ئەبو میساق باسی ئەوەی کرد، لە عێراقدا شیعەی عەقڵانی و شیعەی چەکدار هەیە، کەواتە شیعەی چەکدار دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و کوردستانیش هەبێت. بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکە مەحکوومە بە شەڕی پرۆکسی و زەحمەتە بتوانین خۆمانی لێ بپارێزین، کەواتە دەبێت ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

٣- خاڵی سێیەم و کۆتایی شەڕی غەززەیە.

شەڕی غەززە، بە دڵنیاییەوە دەبێت کۆتایی بێت و لە ماوەیەکی کورتیشدا کۆتایی پێدێت، بەڵام دەبێت شەڕی غەززە وەک قۆناغێکی جیاکەرەوە تەماشای بکەین و ناوی لێ بنێین «قۆناغی تواندنەوەی بەستەڵەکی ئەو ململانێیە شاراوەیەی کە هەتا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە»، جیهانی دوای شەڕی غەززە ناگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش ئەو شەڕە و، ئەمە ستراتیژیەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە و خۆیان لەسەر ئەم پرسە یەکلایی کردووەتەوە بەوەی دەبێت، ئێران و دەست و پێوەندەکانیان پاشەکشەیان پێ بکرێت، دەبێت ئێران بگەڕێنرێتەوە بۆ هەندێک سنووری خۆی و بەو سنوورانەوە پابەند بێت. ئێران لەم ڕاستییە تێگەیشتووە بۆیە لە گوتاری خۆیدا چەمکێک بەکار دەهێنێت کە ناوی

**ستراتیژیەتی هێز لە ئێستای جیهاندا لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دانەڕێژراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای گەشەپێدانی هێزی پرۆکسی و شەڕی ناڕاستەوخۆ بونیاد نراوە**

**دەبێت شەڕی غەززە وەک قۆناغێکی جیاکەرەوە تەماشای بکەین و ناوی لێ بنێین «قۆناغی تواندنەوەی بەستەڵەکی ئەو ململانێیە شاراوەیەی کە هەتا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە»**

**لە ئێستادا خواستی ئێران ئەوەیە نەکەوێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، لەبەر ئەوەی ئابوورییەکەی زۆر خراپە، باری ناوخۆی شڵەژاوە و داینامیکی هێزەکەشی بەرگەی ئەم شەڕە لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا ناگرێت**

**چارەسەرکردن، گەشەکردن، یان کشانەوەی پرسی کورد لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندی هەیە بەو داینامیک و بارودۆخانەوە کە ئێستا ناوماڵی کورد و ناوچەکە بەگشتی بە دەستییەوە گیرۆدەیە**



لـێ نـاوە «سـەبرگرتنی سـتراتیژی» ئەمـەش بەو مانایـەی ئـەوەی ئێسـتا بەرانبـەری دەکرێت پێویسـتی بـە سـەبرگرتنێکی سـتراتیژی هەیـە. ئەمـەش تەنیـا بـۆ خۆپارێزییـە لـە چوونـە نـاو شـەڕی گـەورەی ئیقلیمـی و بەرەییـدا، کـە ڕەنگـە ئێـران بەرگـەی نەگرێـت.

لـە ئێسـتادا خواسـتی ئێـران ئەوەیـە نەکەوێتـە نـاو ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ، لەبـەر ئـەوەی ئابوورییەکـەی زۆر خراپـە، بـاری ناوخـۆی شـڵەژاوە و داینامیکـی هیزەکەشـی بەرگـەی ئـەم شـەڕە لەگـەڵ ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا ناگرێت. دەیەوێـت پێگـەی خـۆی بـە ڕێگـەی ئـەم هێـزە پرۆکسـییانە لـە ناوچەکـەدا بپارێزێـت و بتوانێـت بـە ڕێگـەی ئـەم پرۆکسـییانە کارتەکانـی خـۆی بـەکار بهێنێـت، ئەمـەش پێمـان دەڵێـت، بارودۆخـی ناوچەکـە، ئـەوەی کـە ئێسـتا هەیـە و ڕوودەدات، ڕەنگـە درێـژە بکێشـێت، مـەرج نییـە هیـچ چارەسـەرێکی نزیـك بـۆ بارودۆخـی ناسـەقامگیریی ناوچەکەمـان لـە ئـارادا هەبێـت، شـەڕەکان بـە فۆرمـی جیاجیـا درێژەیـان دەبێـت، هـەر بۆیـە پێویسـتە ئێمـەش لـە خوێندنـەوە و شـرۆڤەمان بـۆ باردۆخەکـە ئـەم سـێ وێنەیەمـان لەبـەر چـاو بێـت و وەك پەزڵێـك پێکیانـەوە بنێیـن بـۆ ئـەوەی بـە وردی لـە چارەنـووس و بارودۆخـی خۆمـان وەك کـورد لـە ناوچەکـە تێبگەیـن. چارەسـەرکردن، گەشـەکردن، یـان کشـانەوەی پرسـی کـورد لـە دڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، پەیوەنـدی هەیـە بـەو داینامیـك و بارودۆخانـەوە کـە ئێسـتا ناومـاڵی کـورد و ناوچەکـە بەگشـتی بـە دەسـتیەوە گیرۆدەیـە.



**عەبدوڵڵا ساڵح**

سیاسەتمەدار:

# پارتی و یەکێتی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی کوردستان پێویستە بە یەک لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن

**عەبدوڵڵا ساڵح، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دێرینەکانی کوردستان و ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە و، یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانە کە واقیعییانە شرۆڤەی ڕووداوەکان دەکات و دەست دەخاتە سەر هۆکارە سەرەکییەکان. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا»، بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.**

پێش ئەوەی بێمە سەر بابەتی ئەم گفتوگۆیە، دەمەوێت ڕای خۆم لەسەر ئەم گفتوگۆیەی بازنەی گفتوگۆ دەرببڕم، بە حوکمی ئەوەی ساڵانێکی دوور و درێژە کاری سیاسی دەکەم، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی ئەزموونی سیاسیی خۆمدا، گفتوگۆیەك لەم ئاستە بەرزە و بە ئامادەبوونی ئەم هەموو کەسایەتی و پسپۆرانە بەڕێوە بچێت و، تەنیا ئامانجی گفتوگۆکە ئەوە بێت، چۆن چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە و بۆ نمایشکردن نەبێت. لەم چوارچێوەیەدا دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر تەنگژەکان و ئەو هەڕەشە و ئالنگارییانەی لەسەر هەرێمی کوردستان، من دەخوازم لە سەرەتای دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێبکەم. ئاشکرایە کە لەدایکبوونی ئەم هەرێم لەدایکبوونێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو لەدایکبوونێکی قەیسەری بووە، بۆ ئەمەش دوو هۆکار لە بەرچاوی ئێمە بوون:

١- هەڵوێستی نێودەوڵەتی پشتیوان بوو بۆ دامەزراندنی ئەم هەرێمە کە هەرێمی کوردستانە.

٢- هەڵوێستی هەرێمی و وڵاتانی دەوروبەرمان دژی دامەزراندنی ئەم هەرێمە بوون، هەر بۆیە دوای دامەزراندنی هەرێمی کوردستان دەوڵەتانی دەوربەمان دەستیان کرد بە دروستکردنی لیژنەی سێ قۆڵی بۆ ئەوەی پێکەوە دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن. لە یادمە لەو کاتەی ڕەفسنجانی سەرۆکی کۆماری ئێران بوو، لیژنەیەکی سێ قولی لەگەڵ تورکیا و سووریا دامەزرا، ناوی هەرێمی

کوردستانیان وەك ئیسرائیلی دووەم لە قەڵەم دەدا.

ئێمە لەگەڵ ئەم دوو هەڵوێستە دژ بە یەکە مەحکووم بووین بژین، بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند، بە هەوڵی هەرێمی توانییان بارودۆخی ناوخۆی کوردستان بشێوێنن و، توانییان دووبەرەکی لەنێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستان دروست بکەن و شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن، بەمەش هەوڵە هەرێمییەکان توانییان سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر ئێمە وەك نەتەوەی کورد و پشتگیرییە نێودەوڵەتیەکانیش بەدەست بهێنن.

بارودۆخی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان درێژەی کێشا و لایەنی دیکەشی هاتە ناوەوە، هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٩٨ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە ئەو کات خوالێخۆشبوو مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوە بوو، سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلالی بانگهێشتی واشنتۆن کرد و لەوێ لە بینایەی وەزارەتی دەرەوە و بە ئامادەبوونی مادلین ئۆلبرایت، ڕێککەوتنی واشنتۆن بۆ ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی ئیمزا کرا.

دوای دامەزراندنی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ئێمە توانیمان پەرلەمان و حکومەتی خۆمان دابمەزرێنین بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان هەرێمەکە بەڕێوە بەرین. بۆیە ئەو دامەزراوانەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دروستمان کرد، وەك هەرێمەکەمان دامەزراوەی دیفاکتۆن، بێجگە لە هاوکاریی نێودەوڵەتی و ئەو هێزەی پێیان دەگوت «MCC» کە لە زاخۆ بوون بۆ پاراستنی ئێمە، کەسی دیکە هاوکاریی ئێمەی نەکرد. ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە مایەوە هەتا لە ٢٠٠٣ ڕژێمی پێشووی بەعس ڕووخا و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق پەسەند کرا و لە دەستوورەکەدا دان بە هەرێمی کوردستان و تەواوی بڕیار و دەسەڵاتەکانی نرا، بەو مەرجەی ئەو بڕیار و دەسەڵاتانە هاودژی لەگەڵ دەستووری عێراق دروست نەکەن.

کاتێك دەستووری عێراق دانی بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا نا، ئیدی کاتی ئەوە بوو، کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە بکەین، کە پایەکانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا دابمەزرێنین و خۆمان لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێنین، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨ بارودۆخی عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆی مەزهەبی و کوشتن لەسەر ناسنامەی مەزهەبی دەستی پێکرد، ئێمەش خۆمان لەو بارودۆخە نەکردە ساحێب بەوەی هەوڵ بدەین، چۆن هەرێمەکەی خۆمان دەکەین بە بەشێك لە دەوڵەتی فیدراڵی، لەبەرامبەردا شیعەی عێراق کە لە سەرەتا زۆر مەبەستیان بوو هەرێمی دیکە دابمەزرێت، دوای ئەوەی سوننە هەموو شتێکی ڕەت کردەوە و ئەوانیش وردە وردە دەسەڵاتی خۆیان جێگیر کرد و دامەزراوەکانیان بەوجۆرە بونیاد نایەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگونجێن، نەك بونیادنانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا.

ئێمە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا زۆر ماندوو بووین و شەڕی زۆریشمان کرد بۆ ئەوەی مافەکانی خۆمان لەناو ئەو دەستوورە دیاری بکەین، بەڵام بەداخەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە خەمسارد بووین و هیچ شەڕێکمان لەسەر نەکرد، ئەمەش وەك عەرەب کتێبێکیان هەیە کە پێی دەڵێن «ظاهرة صوتیة»، دەستوورەکەی ئێمەش بوو بەو کتێبە و ئەمەش واتە تەنیا بووە دیاردەیەکی دەنگی و هیچی لێ شین نەبوو.

بەداخەوە، ئێمە لە خولی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی عێراق دەمانتوانی زۆر یاسای باش بۆ بونیادنانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا دەربکەین، تەنانەت دەمانتوانی کۆمەڵێك یاسای باشیش بۆ عێراق دەربکەین، بەڵام ئەگەر پرۆژە یاسایەك بهاتایەتە پەرلەمان و پەیوەندی بە دەوڵەتی فیدراڵی، یان پارێزگایەکی عێراقەوە هەبوایە، ئێمە نەك هەر بایەخمان پێ نەدەدا، بگرە نەدەچووینە ناو کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیش.

بەهەر حاڵ ئەو بارودۆخە تێپەڕی و لە ئێستادا هەرێمی کوردستان پێش هەموو شت پێویستی بەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ تەبایی و یەکریزی دروست بکات، ئەم ئەرکەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، دەبێت پارتی بۆ ئەم پرسە قوربانی بدات و ڕۆڵی سەرەکیی تێدا بگێڕێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تێپەڕێنین، پێشنیاری من ئەوەیە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی کوردستان، پارتی و یەکێتی بە یەك لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ڕێژەکەش چۆن دەبێت، بۆ ئێستای کوردستان زۆر گرنگ نییە.

**بە هەوڵی هەرێمی توانییان بارودۆخی ناوخۆی کوردستان بشێوێنن و، توانییان دووبەرەکی لەنێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستان دروست بکەن و شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن**

**ئێمە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا زۆر ماندوو بووین و شەڕی زۆریشمان کرد بۆ ئەوەی مافەکانی خۆمان لەناو ئەو دەستوورە دیاری بکەین، بەڵام بەداخەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە خەمسارد بووین و هیچ شەڕێکمان لەسەر نەکرد**

**لە ئێستادا هەرێمی کوردستان پێش هەموو شت پێویستی بەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ تەبایی و یەکریزی دروست بکات، ئەم ئەرکەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، دەبێت پارتی بۆ ئەم پرسە قوربانی بدات**



## گۆران جەلال

ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

# خاڵی هەرە ترسناک لەسەر هەرێمی کوردستان، واقیعی سیاسیی ناوخۆی خۆمان و پەرتەوازەیی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە داخەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە چارەسەریان بە زەحمەت کەوتووە

گۆران جەلال، ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە و یەکێکە لە تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ و دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ماستەری لەسەر دەستوور هەیە و، لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵویستی بوێرانە و ڕاشکاوی هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا»، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

وەك دەروازەیەك بۆ قسەكردنم لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، ئاماژە بە گوتەیەكی نووسەری ئینگلیزی (ستیڤن هیمیسلی) دەكەم كە لە كتێبی «چوار سەدە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق» ئاماژەی پێكردووە و دەڵێت: «گوتنی ناوی عێراق، بەم شێوەیەی ئێستای ڕەنگە جێگای بێنەوبەردە بێت، چونكە بەكارهێنانی ناوی عێراق بۆ ماوەیەكی وا باو نەبووە، هەروەها هەندێك جار، تا ئاماژە بێت بۆ ناوی وڵاتێك، تەواو جیاوازە لەوەی ئەمڕۆ هەیە. ئەو وڵاتە لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە بەدەست ڕووداوی توندوتیژ و خوێناوییەوە دەناڵێنێت. كێشەكەی عێراق لە پێكەوەگرێدانی سێ ویلایەت لەژێر ناوی دەوڵەتێكی یەكگرتوودایە، كە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای پاوانكاریی ئیستیعماری بەریتانییە بە بێ ڕەچاوكردنی واقیعی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابووری و پێكهاتە نەتەوەیی ئایینی و مەزهەبییەكان، بەبێ گرنگیدان بە مەرجەكانی دیكەی پێكهێنانی دەوڵەت.

بە بۆچوونی من ئەمە دەروازەیەكی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی باسی گرفتەكانی ئێستا بكەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بنەمایانەی لە ماوەی ١٠٣ ساڵی ڕابردوو، كە تەمەنی دەوڵەتی عێراقە و هەمان كێشەكانن كە دووبارە دەبنەوە و كێشەی تازە دەخولقێنن.

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا بە چوار قۆناغی سیاسی و دەوڵەتداریدا تێپەڕیوە، كە بریتین لە:

١- قۆناغی دامەزراندن:

ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٢١ دەستپێدەكات، ئەو كاتەی كە لە كۆنگرەی قاهیرە شا فەیسەڵ وەك پادشا بۆ عێراق دەستنیشان دەكرێ و بەسەر خەڵكی عێراقدا دەسەپێندرێت و، هەتا ساڵی ١٩٥٨ دەخایەنێت.

٢- قۆناغی كۆماری:

ئەمەشیان لە ساڵی ١٩٥٨ هەتا كودەتای بەعسییەكان لە ساڵی ١٩٦٣ دەخایەنێت، كە وەرچەرخانێكی گەورە دروست دەكات، عێراق لە پاشایەتییەوە دەكات بە كۆماری (بە سەرۆكایەتیی عەبدولكەریم قاسم).

٣- قۆناغی حوكمڕانیی بەعسییەكان:

ئەم قۆناغە لە ساڵانی ١٩٦٣ – ٢٠٠٣ درێژەی هەبووە و لەو ماوەیەدا چوار سەرۆك كۆماری هەبووە كە بریتی بوون لە (عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف، ئەحمەد حەسەن بەكر و سەدام حوسێن).

٤-قۆناغی ئازادی، یان عێراقی نوێ:

ئەم قۆناغەش لە دوای ٢٠٠٣ دەستپێدەكات هەتا ئەم ساتەی ئێمە قسەی لەسەر دەكەین. لە ماوەی ٢١ ساڵی ڕابردوو چەندین حكومەتی یەك لەدوای یەك پێكهاتوون، كە بریتی بوون لە حكومەتەكانی (ئەیاد عەلاوی، ئیبراهیم جەعفەری، نووری مالیكی دوو كابینە-، حەیدەر عەبادی، عادل عەبدولمەهدی، مستەفا كازمی و محەمەد شیاع سوودانی).

ئەگەر سەیری ئەم چوار قۆناغە جیاوازەی مێژووی حوكمڕانیی عێراق بكەین، لەناو هەموو حكومەتەكاندا چەندین خاڵی هاوبەش دەبینین، كە لە هەموو حكومەتەكاندا كەمینەی نەتەوەیی، یان ئایینی، حوكمڕانیی كردووە. واتە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ عەرەبی سوننە حوكمڕانی كردووە كە كەمینە بوون، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ عەرەبی شیعە (ئەمانیش ئەگەر ئامارێكی دروست ئەنجام بدرێت و ئەگەر عەرەبی كورد و پێكهاتەكان و عەرەبی سوننە پێكەوە هەژمار بكەین) هەر كەمینەن.

خاڵێكی دیكەی هاوبەش لەهەر چوار قۆناغەدا ئەوەیە كە لە هیچ سەردەمێكدا (بە ئێستاشەوە) دیموكراسییەتی تەواو و ڕاستەقینە بوونی نەبووە و نییە. ڕاستە لە سەردەمی پاشایەتی و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەندێك پەراوێزی دیموكراسی هەبووە، وەك هەڵبژاردن و پێكهێنانی حكومەت و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان، بەڵام دیموكراسییەتی ڕاستەقینە بوونی نەبووە.

لە ماوەی ١٠٣ ساڵی ڕابردوو و تاوەكو ئێستاش لە عێراق بەردەوام جیاوازی و كێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی هەبووە و، بەردەوام نەتەوەی باڵادەست لەسەر حیسابی نەتەوە و ئایینزاكانی دیكە سیاسەتی كردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیەش دەوڵەتی عێراق بە فەرمی شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی تێدا بووە، شەڕی دەرەكیشی كردووە.

**كێشەكەی عێراق لە پێكەوەگرێدانی سێ ویلایەت لەژێر ناوی دەوڵەتێكی یەكگرتوودایە، كە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای پاوانكاریی ئیستیعماری بەریتانییە بە بێ ڕەچاوكردنی واقیعی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابووری و پێكهاتە نەتەوەیی ئایینی و مەزهەبییەكان**

**لە ماوەی ١٠٣ ساڵی ڕابردوو و تاوەكو ئێستاش لە عێراق بەردەوام جیاوازی و كێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی هەبووە و، بەردەوام نەتەوەی باڵادەست لەسەر حیسابی نەتەوە و ئایینزاكانی دیكە سیاسەتی كردووە**

**كێشەی ئێمە تەنیا كێشەیەكی سیاسی، یان مەزهەبی نییە، بەڵكو كێشەی خاكێكی داگیركراوە**

**عەرەبی سوننە داوایان كرد، هەرێمێكی فیدراڵی پێكبهێنن، دادگای فیدراڵی ڕەتی كردەوە و داواكەی بە نادەستووری لەقەڵەم دا. هەرچەندە بەپێی دەستوور داواكە دەستوورییە و ڕەواش بووە**

لە هەر چوار قۆناغەکەی دەوڵەتی عێراق، شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ستەمکاری هەبووە. لە قۆناغی یەکەمدا شۆڕشەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ مەحموودی حەفید، لە قۆناغی کۆماری و بەعسییەکان شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی دوای ساڵی ١٩٧٥ تا دەگاتە ڕاپەڕین، لە قۆناغی چوارەمیشدا کە ئێستا هەموومان دەبینین چۆن چەندین جار(بە ناو و شێوازی جیاواز) هێرش کراوەتە سەر کوردستان و ناوچە سوننەنشینەکان و ئەو کارانەش بەردەوامییان هەیە.

لە هەر چوار قۆناغەکەدا، مافی کورد و خەڵکی کوردستان دەستەبەر نەبووە، واتە بڕوایان بە خاکێك نەبووە کە ناوی کوردستانە، چونکە لە بنەڕەتدا کێشەی ئێمە تەنیا کێشەیەکی سیاسی، یان مەزهەبی نییە، بەڵکو کێشەی خاکێکی داگیرکراوە. ئەمڕۆش کێشەی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق، کێشەی مووچە و بودجە نییە. دووبارەی دەکەمەوە کێشە خاك و چارەنووسی نەتەوەیە، کێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵییە، کە لە دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام وەك بینیمان عەرەبی سوننە داوایان کرد، هەرێمێکی فیدراڵی پێکبهێنن، دادگای فیدراڵی ڕەتی کردەوە و داواکەی بە نادەستووری لەقەڵەم دا. هەرچەندە بەپێی دەستوور داواکە دەستوورییە و ڕەواش بووە، بۆیە بەپێی هەموو لێکدانەوە دەستوورییەکان بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، نادەستوورییە و دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی نادەستووری نییە. ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایانە خوێندنەوەیەك بۆ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوە پێویستمان بەوەیە بۆ بەرچاوڕوونیی خۆمان، واقیعی ئێستای جیهان، ئیقلیم و ناوخۆش لەبەرچاو بگرین:

ئێستا جیهان بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە و سیستمێکی نوێی جیهانی هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەم سیستمە تازەیە لە سەرووبەندی خەملان و دروستبووندایە. لەم سیستمەدا سەروەریی دەوڵەت لاوز دەبێت، کە پێشتر سەروەریی دەوڵەت پرەنسیپی بنەڕەتیی سیستمی جیهانی بوو. ئێستا ئەم سەروەرییە وردە وردە پێشێل دەکرێت، هەروەها شەڕیش یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی ئەم سیستمە (شەڕی ئۆکراین، غەززە)، هەروەها لە ئێستادا هیچ دەوڵەتێك لە زۆربەی جیهان، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەروەرییەکەی لەبەر چاو ناگیرێت، وەك دەبینین ئەمریکا، ڕووسیا، چین، ئێران و تورکیا هەر هەموویان بە کەیفی خۆیان سەروەریی دەوڵەتان پێشێل دەکەن، نموونەش (عێراق، سووریا، یەمەن، لوبنان و...هتد).

بە بینینی ئەو تابلۆ ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، دەبینین کێشەی هەرێمی کوردستان لە زۆر لاوە ئاڵۆزتر بووە. سەرەتا جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان بە چوار دەوڵەت دەورە دراوە، لەگەڵ ئەوەی هەر چواریان لەگەڵ یەکتری کۆمەڵێك کێشەی سیاسی، ئابووری، ئایینی و مێژووییان هەیە، بەڵام هەموویان هەرێمی کوردستان بە تەنێکی نامۆی ناو تابلۆکە دەبینن، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لەسەر هەرێم دروست کردووە، بۆیە ئەگەر ئەم واقیعە وەك خۆی نەبینین، ناتوانین قسە لەسەر ئەو هاوکێشانە بکەین کە ئێستا لە ناوچەکە بوونی هەیە. سەرباری هەموو ئەوانەش، خاڵی هەرە ترسناك لەسەر هەرێمی کوردستان، واقیعی سیاسیی ناوخۆی خۆمان و پەرتەوازەیی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە داخەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە چارەسەریان بە زەحمەت کەوتووە هەر بۆ نموونە:

- ئێمە دیدوبۆچوونێکی نیشتمانیی یەکگرتوومان نییە، واتە ئەوەی هەموومان باوەڕمان پێیەتی، ئێستا بوونی نییە.
- کاریزمای نیشتمانیی یەکگرتوومان نییە، ئەوەی هەمووومان بڕوامان پێی بێت و لە پشتی ڕابوەستین.
- دابەش بووین بەسەر دوو بەرەی هەرێمی جیاواز لە ناوچەکەدا و هەر لایەك بەپێی بەرژەوەندیی حزبیی خۆی و بەسەرچاوەگرتن لە هاوپەیمانییە ئیقلیمییەکانی هەرێمی کوردستان دەجووڵێت.

بۆیە کاتێك ئەم واقیع و ڕاستییانە پێکەوە کۆدەکەینەوە، ئەوجا تێدەگەین کە تەنگژەی هەرێمی کوردستان چەند قورسە. لەناو ئەم واقیعە قورسەدا ئەگەر بۆ چارەسەر بگەڕێین، ئەوا دەبێتە ئەرکی سەرشانمان کە حزبە

**بەپێی هەموو لێکدانەوە دەستوورییەکان بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، نادەستوورییە و دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی نادەستووری نییە**

**ئێستا جیهان بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە و سیستمێکی نوێی جیهانی هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەم سیستمە تازەیە لە سەرووبەندی خەملان و دروستبووندایە. لەم سیستمەدا سەروەریی دەوڵەت لاوز دەبێت، کە پێشتر سەروەریی دەوڵەت پرەنسیپی بنەڕەتیی سیستمی جیهانی بوو**

**دابەش بووین بەسەر دوو بەرەی هەرێمی جیاواز لە ناوچەکەدا و هەر لایەک بەپێی بەرژەوەندیی حزبیی خۆی و بەسەرچاوەگرتن لە هاوپەیمانییە ئیقلیمییەکانی هەرێمی کوردستان دەجووڵێت**

**پێشنیاری من ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکان بە یەک لیستی نیشتمانی لە هەڵبژاردن بەشداری بکەن و پێکەوە پەرلەمان و حکومەتێکی تازە دروست بکەنەوە**

سیاسییەکان هەنگاو هەڵبگرن، لەوانە:

پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی دەست بە دانوستاندن بکەن، لەسەر بنەمای بڕوابوون بە تەنازول و کۆمپرۆمایز بۆ یەکتری. لەمەدا کۆمپرۆمایز زیاتر دەبێت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بێت، بۆ ئەوەی پارتی هاوسەنگی بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان بگێڕێتەوە.

دەبێت بە پەلە چارەسەرێك بۆ کێشەی هەڵبژاردنی کوردستان بدۆزرێتەوە و، پێشنیاری من ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکان بە یەك لیستی نیشتمانی لە هەڵبژاردن بەشداری بکەن و پێکەوە پەرلەمان و حکومەتێکی تازە دروست بکەنەوە، هەتا لە ئاستی هەڕەشە و ئالنگارییەکانی ناوچەکە بێت و هەرێمی کوردستان ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت.

پێویستە حزبە سیاسییەکان هەوڵ بدەن خەڵك ئاشت بکەنەوە و متمانە دروست بکەنەوە، بەڕاستی لە ئێستادا بە هیچ جۆرێك متمانە نەماوە، بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە بگەڕێتەوە و خەڵك لەگەڵ پرسە نیشتمانییەکان ئاشت بکەنەوە، گرنگە حزبە سیاسییەکان ئەم پرسە بە ئەرکێکی نیشتمانی و سەرشانی خۆیان سەیری بکەن و بەرپرسیارانە شانی بدەنە بەر.

لە دوماهیدا بە حوکمی ئەوەی پسپۆڕیی من لەسەر دەستوورە، حەز دەکەم هەڵوەستەیەك لەسەر دەستووری عێراق بکەم.

- دەستووری عێراق لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاوە هەندێك پەرەگراف و ماددەی باشی تێدایە و بەراورد بە دەستوورەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستوورێکی پێشکەوتووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گرفتی زۆری تێدایە و لە جێبەجێکردنیشیدا بە تەواوی ئەو گرفتانە دەردەکەون.

ئێستا جۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی دەستوور باس دەکرێت، کە پێیان دەگوترێت «دەستووری بەرنامە و دەستووری پرۆگرام»، ئەمەی عێراق بە دەستووری پرۆگرام هەژمار دەکرێت، بەو مانایەی ماددەکانی دەستوور هەر بە پرۆگرامی دەمێننەوە، بۆیە دەبینین هەرچەندە حزب و کاندیدەکان لە هەڵبژاردن و گرتنە دەستی دەسەڵات، بانگەشەی جێبەجێکردنی دەستوور دەکەن، بەڵام بۆیان جێبەجێ ناکرێت.

ئەگەر دەستوور، دەستووری یاساکان بێت، کاتێك کاندیدێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بانگەشە بۆ پرۆژە یاسایەك دەکات، یان حزبێك دەسەڵات وەردەگرێت، ئەو پرۆژە یاسایە دەکاتە یاسا و کێشەکانی پێ چارەسەر دەکات.

هەر بۆ بەبیرهێنانەوە، سەبارەت بە دەستووری عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستاکە دەستوور جێبەجێ دەکرێت و دەیان جاریش پێشێلی دەستوور کراوە، تا ئێستاش لەناو دەستووری




عێراق زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری هەن کە پێویستە یاسای بۆ دەربکرێت، بەڵام پشتگوێ خراون، لە هەموویشیان گرنگتر یاسای نەوت و گاز و یاسای ئەنجومەنی باڵای ئیتیحادی و زۆر یاسای دیکەن. بەداخەوە لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە وردە وردە بە ناوی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەستوور، خەریکە پاشەکشە لە مافی مەدەنی و کەسێتییەکان دەکرێت، هەموو ئەو بنەمایانەش کە تایبەتن بە ئازادی و دیموکراسی لە ناوەڕۆکەکانیان بەتاڵ دەکرێنەوە و پاشەکشە لە مافە نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی ناو عێراق بەردەوامیی هەیە.

**دەستووری عێراق لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاوە هەندێک پەرەگراف و ماددەی باشی تێدایە و بەراورد بە دەستوورەکانی وڵاتانی عەرەبی دەستوورێکی پێشکەوتووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گرفتی زۆری تێدایە و لە جێبەجێکردنیشیدا بە تەواوی ئەو گرفتانە دەردەکەون**

**ئەگەر دەستوور، دەستووری یاساکان بێت، کاتێک کاندیدێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بانگەشە بۆ پرۆژە یاسایەک دەکات، یان حزبێک دەسەڵات وەردەگرێت، ئەو پرۆژە یاسایە دەکاتە یاسا و کێشەکانی پێ چارەسەر دەکات**

## شڤان حەمدی

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# عێراق دەوڵەتێکی لاواز و ئەڵقە هەرە لاوازەکەی ناو هاوکێشەی گێژاوی ململانێ نێودەوڵەتییەکانە کە ئێستا لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت



**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا»، بەمجۆرە دید و بۆچوون و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر پرسێك دەکەین، کە زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، هاوکێشەیەکە کۆی ململانێکانی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێدا کۆبووەتەوە.

لەم گفتوگۆیە، ئاماژە بەوە کرا، کە هەرێمی کوردستان ئەڵقە هەرە لاوازەکەی ناو ئەم هاوکێشەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامی بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆردومانی دەکات و گرووپە چەکدارەکانی شیعەی وەلائیش بە درۆن و ڕۆکێت بۆردومانی دەکەن، لە بەرانبەر ئەم ئاماژەیە من دەڵێم: «عێراق وەك دەوڵەت» ئەڵقە هەرە لاوازەکەی ناو هاوکێشەی گێژاوی ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەیە و، ئەوە عێراقە وەك دەوڵەت ناتوانێت پارێزگاری لە سەروەریی دەوڵەتەکەی خۆی بکات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەوانەی ئێستا حوکمڕانیی عێراق دەکەن لە بەغدا، گەیشتوون بەو ڕاستییەی کە ناتوانن سەروەریی دەوڵەتەکەی خۆیان بپارێزن؟ بە خوێندنەوەی من بۆ واقیعی سیاسیی عێراق، دەگەینە ئەو ئاکامەی بڵێین: بەڵێ، دەسەڵاتدارانی بەغدا زۆر باش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەرانبەر هیچ کام لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان توانای پاراستنی سەروەریی وڵاتەکەیان نییە»، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەك ئاماژە پێ دەکەم:

- دوای هێرشەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر ماڵی هاووڵاتییەکی سڤیل لە هەرێمی کوردستان، لێژنەیەکی باڵا بە سەرپەرشتیی بەڕێز قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراقی فیدراڵی هاتنە شوێنی ڕووداوەکان و بە ئاشکرا بە میدیاکانیان ڕاگەیاند، کە بیانووەکانی ئێران بۆ لێدانی هەولێر هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە، ئایا حکومەتی عێراق توانی وەك پاکستان وەڵامی ئێران بداتەوە؟!

• تورکیا ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر شنگال و ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمەش پێشێلکردنی سەروەریی عێراق نییە؟ بۆچی دەوڵەتی عێراق هەڵوێستی نییە؟

• هەر لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، چەندین جار بە درۆن و فرۆکەی جەنگی هێرش کراوەتە سەر پارێزگای بابل و بەغدای پایتەخت، ئایا حکومەتی عێراق یاداشتنامەیەکی نارەزایی داوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ناوی هێرشبەرانی ئاشکرا کردووە؟

لێرەوە واقیعی سیاسیی عێراق پێمان دەڵێت، کێشەی سەرەکی کە بووەتە هەرەشە و ئالنگاری بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش، بە پلەی یەکەم ئەوەیە، کە عێراق دەوڵەتێکی لاواز و ئەڵقە هەرە لاوازەکەی ناو هاوکێشەی گێژاوی ململانێ نێودەوڵەتییەکانە کە ئێستا لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت و، هیچ شوێنێك لە عێراقدا بۆ دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئارام نییە، بە بەغدای پایتەختی عێراقیشەوە.

خاڵێکی دیکە کە بووەتە سەرچاوەی لاوازی بۆ عێراق وەك دەوڵەت و کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی دەستوور و پێدانی دەسەڵاتی ڕەهایە بە دادگای فیدراڵی کە ئێستا جێگەی دەستوور و کۆی دەسەڵاتەکانی (حکومەت و پەرلەمان و دادوەری» لە عێراقدا گرتووەتەوە و، بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، دەرهاویشتەی زۆر خراپتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت بۆ هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

لەناو هاوکێشەی سیاسیی ئێستای عێراقدا، ڕاستە جۆرە پەرتەوازەییەك لەناو هەر سێ کۆمەڵگەی (کورد و سوننە و شیعە) هەیە، بەڵام لە بەرانبەریشدا لەناو هەر سێ کۆمەڵگەکەشدا ئیرادەیەکی خێر دەبینرێت، کە نایانەوێت عێراق بەرەو هەڵدێر و هەڵدێری زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت و، ئەم ئیرادە خێرەش پێویستی بە پشتگیری و پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان هەیە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا لە ئێستادا ئەو پشتگیری و پشتیوانییە هەستی پێ دەکرێت، یان بوونی هەیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە سەردانە سەرکەوتووەکەی بەڕێز مسرور بارزانی و شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆن و، بەو دواییەشدا سەردانە سەرکەوتووەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی شاندی حکومەتی فیدراڵیی عێراق دەیداتەوە، کە هەتا ئێستا هەردوو سەردانەکە زۆر بە سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن، کە ئەمەش دەکرێت کۆمەڵێك گەشبینی بۆ داهاتووی عێراقی لەسەر هەڵبچنین.

پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا شیعەی ئەقڵانی و سوننەی ئەقڵانی و کوردی ئەقڵانی دەتوانن ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و سوود لەو پشتگیری و پشتیوانییەی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەربگرن، بۆ ئەوەی عێراق لەناو ئەو گێژاوە ڕزگار بکەن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەکرێت لەناو قووڵایی ڕووداوەکان چەند وەڵامی گەشبینانە بدۆزینەوە:

- لەسەردانەکەی بەڕێز مسرور بارزانی بۆ واشنتۆن و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنتونی بینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەم لایەنی ئەمریکی پشتیوانیی ٣٦٠ پلەیان بۆ هەرێمی کوردستان پیشان دا لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق کە بریتییە لە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی، هەم سەرۆك وەزیرانی کوردستانیش پشتیوانیی خۆی بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق دەربڕی.

- لەم گفتوگۆیە ئاماژە بەوە کرا کە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی هەبووە لە ڕەزامەندیی کۆشکی سپی و سەرۆك بایدن بۆ پێشوازیی سەرۆك وەزیرانی عێراق و شاندی یاوەری، ئەمەش مانای ئەوەیە هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

- پێش سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و ڕایگەیاند، کوردیش بەشێك دەبێت لە شاندەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەمەش زیاتر بە گەیشتنی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی خۆی بۆ سەرکەوتنی سەردانەکە ڕاگەیاند.

لە دوماهیدا، لایەنێکی دیکە کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەستی پێدەکرێت، جۆرێکە لە جیاکردنەوە لە نێوان بیرکردنەوەی لۆژیکانە و نالۆژیکانە بۆ ئایندەی عێراق، ئەوەی تێبینی دەکرێت، چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەشی زۆریان هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە، کە لەگەڵ لایەنە لۆژیکییەکەی هەرێمی کوردستان ڕێك بکەون کە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە هەمان شێوە پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش دەیانەوێت پشتیوانیی ئەو لایەنانە بن کە مەبەستیانە دەستوور جێبەجێ بکرێت و عێراق بە دروستی ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی.

**لەناو هاوکێشەی سیاسیی ئێستای عێراقدا، ڕاستە جۆرە پەرتەوازەییەک لەناو هەر سێ کۆمەڵگەی « کورد و سوننە و شیعە« هەیە، بەڵام لەبەرامبەریشدا لەناو هەر سێ کۆمەڵگەکەشدا ئیرادەیەکی خێر دەبینرێت**

**پێش سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و ڕایگەیاند کوردیش بەشێک دەبێت لە شاندەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق،**



**مەحفووز مایی**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو پرسەی کە دەبێت مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ بکرێت، سازش ناکەن

**مەحفووز مایی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەمجۆرە بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

تایتڵی گفتوگۆکە (هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێستا گێژاوی ململانێیەك هەیە کە جوگرافیای هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو جوگرافیایە و لەمەش زیاتر جەمسەرە بەهێزەکانی ناو ئەم ململانێیەش کە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانە، دراوسێی هەرێمی کوردستان و دراوسێی عێراقیشن و، هەموو ئەم ململانێیەش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. ئەوجا لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، ئەوا ناتوانێت وەك دەوڵەت هەڵوێستی تایبەتیی خۆی هەبێت، لە بەرانبەریشدا عێراق وەك دەوڵەت نەیتوانیوە وەك پێویست سەروەریی خۆی بپارێزێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی عێراق وەك دەوڵەت ناتوانێت سەروەریی خۆی بپارێزێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا شتێکی شاراوە ناڵێین ئەگەر بڵێین: ئێستا عێراق بە تەواوەتی لەژێر هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە و، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کۆمەڵێك بەرژەوەندیی خۆی هەیە، کە لەگەڵ عێراقێك یەك ناگرێتەوە کە فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی بێت.

بەڕێز ئەبو میساق ئەلمساری کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدرە و بە سوپاسەوە لەم گفتوگۆیە لەگەڵمان بەشدارە، زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکان و پێی گوتین: برایان ئەوەتان لا ڕوون بێت، ئێستا لە عێراقدا دوو جۆر شیعە هەیە (شیعەی ئەقڵانی و شیعەی چەکدار)، لەمەش زیاتر داوای لێ کردین، هاوپەیمانی

شیعەی ئەقڵانی بین و بە لێدوانەکانی شیعەی چەکدار ئیستفزاز نەبین.

من تەقدیری ئەم ڕاشکاوییەی ئەبو میساق دەکەم، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا شیعەی ئەقڵانی دەتوانێت کۆنترۆڵی شیعەی چەکدار بکات؟ هەر بەڕێزیان لەمەشدا پێی گوتین: «هەتا ئێستا نەمانتوانیوە کۆنترۆڵی شیعەی چەکدار بکەین». ئەم واقیعە زۆر ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت: عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە گرفتاری شیعەی چەکدارە کە ئێران سەرپەرشتی و ئاراستەیان دەکات، کەواتە گرفتی سەرەکی لە عێراقدا هەژموونی ئێران و گرووپە چەکدارەکانی شیعەن، کە ڕێگە نادەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بە دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستووردا کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکەن، باشترین نموونەش ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدایە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکانی خوشك و برا ئێزدییەکانمان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و، ئەوەشی ڕێگری لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال دەکات، گرووپەکانی شیعەی چەکدارە و شیعەی ئەقڵانیش لە ئاستیان دەستەوەستانە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوێستەی لەسەر بکەم، دانوستاندنەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بۆ پێکهێنانی حکومەتە کە لە سەرەتا پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانیی سیادە و تەیاری سەدر ڕێك کەوت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام دوای ئەوەی سەدر لە پرۆسە سیاسییەکە کشایەوە، لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێککەوتن کرا، کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی پێکبهێنرێت، ئەم حکومەتەش لەسەر پرۆگرامێکی وەزاری دامەزراوە، کە جیا لەوەی کۆی لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئیمزایان کردووە، پەرلەمانی عێراقیش دەنگی لەسەر داوە و پەسەند کراوە، بەڵام با پرسیارەکە ئەوە بێت، لە ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێك لە دەستبەکاربوونی ئەم حکومەتە، چەند خاڵی ئەو پرۆگرامە جێبەجێ کراوە؟ تەنانەت لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵەکانی (٢٠٠٣، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) هەتا ئێستاش پشکی هەرێمی کوردستان کێشەی بۆ دروست دەکرێت و فەرمانبەرانی کوردستان مووچەی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٣یان وەرنەگرتووە.

ئێمە کە گفتوگۆ دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، زۆر گرنگە واقیعی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستانە چۆنە، وەك خۆی بە بێ زیاد و کەم باسی بکەین، بۆ ئەوەی بە گفتوگۆیەکی بەرهەمدار دەربچین. هەندێك لە بەڕێزان باسیان لە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان و پێویستیی یەکڕیزی و یەکگوتاری کرد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پەرتەوازەییەی ناوماڵی کوردستانیش وەك پەرتەوازەییەکەی ناوماڵی شیعە کاریگەریی ئێرانی لەسەر نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی کوردستان دەیداتەوە، هەر بۆ نموونە کاتێك دادگای فیدراڵیی عێراق کۆمەڵێك بڕیار لە دژی هەرێمی کوردستان دەردەکات وەك «هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کوردستان، ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان و...هتد»، دەبینین لە هەولێر و دهۆك ئەو بڕیارانە سەرکۆنە دەکرێن و ڕەت دەکرێنەوە، بەڵام لە بەرانبەردا و لە شارەکانی دیکەی کوردستان ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت، کە ئەمەش زۆر ئاشکرا، دیارە هەژموونی کۆماری ئیسلامی لەو شارانەی کوردستان ئەو دیاردانەی دروست کردووە.

لە دوماهیدا دەخوازم بڵێم: سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو پرسەی کە دەبێت مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ بکرێت، سازش ناکەن، ئەم ڕاستییە بە کۆی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە گوتراوە و ڕێککەوتنی لەسەر ئیمزا کراوە. لە مانگی ڕابردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەکەیدا زۆر ڕاشکاوانە پەیامی خۆی بە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، ئەگەر ڕێککەوتنی هاوپەیمانی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پارتی ناچار دەبێت لەو هاوپەیمانییە بکشێتەوە.

دوای ئەم بەیاننامەیەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو لایەك بە عێراقییەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان و نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەو ئەقڵییەتەی کە تێدا گرووپەکانی شیعەی چەکدار تیایدا باڵادەستن، حوکمڕانی لە عێراقدا ناکرێت و، دەبێت ئەو ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان کۆنترۆڵ بکرێت.

**گرفتی سەرەکی لە عێراقدا هەژموونی ئێران و گرووپە چەکدارەکانی شیعەن، کە ڕێگە نادەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بە دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستووردا کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکەن**

**مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەکەیدا زۆر ڕاشکاوانە پەیامی خۆی بە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، ئەگەر ڕێککەوتنی هاوپەیمانی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پارتی ناچار دەبێت لەو هاوپەیمانییە بکشێتەوە**



## پ.د.نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی هەیە قەیرانی کردووەتە دەرفەت

پ.د.نەزاکەت حوسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەروو.

ئەوە دەزانین هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ناو بەشێک لەو ململانێ و گرژییانەی لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن. کە دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک کێشەی ئاڵۆزو فرەڕەهەندی لە بواری سیاسی و ئابووری و ژینگەیی بۆ هەرێم دروست کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆرجار قەیران و گرژی ومەترسییەکان دەرفەتیش دەڕەخسێنن و دەرگا دەکەنەوە. ئەوەی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کرا لەم هەرێمەدا و هەرێمی گەیاندە ئەم قۆناغە گەشەکردنە، هەمووی دەرفەت نەبوو، بەڵکو قەیرانی یەک لەدوای یەکی بۆ دروستکرا، بەڵام عەقڵییەتی حوکمڕانییەکەی هەرێم توانی بیکات بەدەرفەت، چونکە هەرێمی

کوردستان جەزیرەیەک نییە چواردەوری ئاو بێت، تاکو کردبێتیە ناوچەیەکی گەشتیاری یان سەرەڕێگایەکی بازرگانی، وڵاتێکی پیشەسازیی گەورەش نین تاکو خاوەن پێگەیەکی ئابووری گەورە بین لە ئاست جیهاندا و لە هاوکێشە سیاسی وئابوورییەکان کاریگەریمان هەبێت، بەڵکو ئێمە هەرێمێکین چواردەور دراوین بەگرژی وململانێ و ئاگر، بەڵام عەقڵییەتە حوکمڕانییەکەی کردوویەتیە ناوچەیەکی گەشتیاری، کە ساڵانە ملیۆنان گەشتیار لە وڵاتی جیاجیاوە دێنە کوردستان، هەزاران کۆمپانیاو کارگەی وەبەرهێنان هاتوون ئامادەن بێنە ئەم هەرێمە وەبەرهێنان بکەن. لە کۆنفرانسە جیهانییەکانی وەک میونشن و داڤۆس و لووتکەکان وەک دەوڵەت هەرێمی کوردستان نوێنەری بەشداری پێدەکرێت، بۆ هەماهەنگی وچارەسەری کێشە جیهانییەکان، لە بواری بازرگانیدا وڵاتانی دەوروبەر کێبرکێیانە کامیان بتوانێت زۆرترین گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ هەرێم واژۆ بکات. دروستکردنی ئارامییەک لەم ناوچەیە کردویەتییە ناوچەیەک بۆ چالاکیی زانستی و کۆنفرانس و دیبەیتی پرسە جۆراوجۆرەکان و هاتنی شاندە دیبلۆماسی و سیاسییەکان. جگەلەوەش بووەتە ناوەندێک کە زۆرجار سیاسییەکانی ناوچەکە بۆ کردنەوەی گرێ کوێرە سیاسییەکان چارەسەری گرفت و قەیرانە سیاسییەکان ڕوو لە هەرێم و سەرکردەکانی هەرێم و بەتایبەتی سەرۆک و ڕابەری کورد کاک مەسعود بارزانی دەکەن. ئەم گەشەسەندنانەش وایانکردوە نەیارەکانمان بەردەوام پلان لەدوای پلان و قەیران لەدوای قەیرانمان بۆ دروست بکەن، تاکو بوەستین و زیاتر گەشەنەکەین. بەڵام سەرباری کرانەوەی ئەم دەرفەت و دەرگایانە مەترسییەکانیش هەن، پشتیوانییەکانیش هەن. گرنگە بزانین چۆن سوود لە پشتیوانییەکان وەرگرین، بەردەوامی بە پشتیوانییەکان بدەین و لەمەترسییەکانیش خۆمان دەربازبکەین. بۆئەمەش دەبێت سوود لە خاڵە بەهێزەکانمان وەرگرین، کە بەبڕوای من خاڵی بەهێزمان پێش هەموو شتێک ئیرادەی گەلەکەمانە، وەبەرهێنانکردن لەم ئیرادەیە گەورەترین سەرمایەیە بۆمان، ئەویش بە بەهێزکردن و برەودان بەهەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لایان، نەهێشتنی بۆشایی لەنێوان حکومەت و خەڵک بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی ناحەزان و خۆفرۆشان لەم بۆشاییەدا وئەوانەی کە دەیانەوێت زۆرجار نارەزاییەکی خەڵک بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندییە کەسی یان حزبی و سیاسیی خۆیان، یان بوونە مەیدانێکی ئەم بۆشاییەی نێوان خەڵک و حکومەت، بۆ ئیشکردنی نەیاران و دەستی دەرەکی، ئەم ئیرادە و ئینتیما و هەستەش چۆن بەهێز دەبێت، پێش هەموو شتێک گوێگرتنی زیاتری حکومەتە لە خەڵک و زیاتر تێکەڵ بوون و نزیک بوونەوە لێیان و هەبوونی گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵیان لە ڕێگەی دیدار لەگەڵ چین وتوێژەکان یان لە ڕێگەی ڕاگەیاندن بزانین لەکوێدا ئەو درزە هەیە و درووست بووە، کە نەیاران خۆیان تێدا حەشارداوە پڕی بکەینەوە. ڕاگەیاندن ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی پردی پەیوەندیی نێوان حکومەت و خەڵک و دروستکردن و بەهێزکردنی ناسنامە و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی، بۆیە دەبێت پێداچوونەوە بە ڕاگەیاندنەکانمان بکەین وهەوڵی زیاتر بۆ هەبوون وکۆکردنەوەی ڕاگەیاندنەکان بکەین لەخزمەتکردنی ئەم بوارە. هێزی دیکە و خاڵی بەهێزمان دۆزینەوەی سێکتەری دیکەی سەرچاوەی ئابووریە وەک کشتوکاڵی و برەودانی زیاتر بەکەرتی گەشتیاری و وەبەرهێنان و بەرهەم هێنانی خۆماڵیی جۆراوجۆر و کاری دەستی. هێزی دیبلۆماسی و بەهێزکردنی پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ دۆستەکانمان و پشتیوانەکانمان، پاراستنی ئەو سروشتە فرەیی و پێکەوەژیانە سیمایەکی بەهێزی هەرێمە و جێگای سەرنجی چاودێران و وڵاتانی دەرەوەیە. کارکردن کاری پێکەوەیی و دانوستان و لێکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان کەمتر دەرفەت دەدات بۆ هاتنە ناوەوەی نەیاران و دەست تێوەردان. ئەوەش لە ڕابردوودا بینیمان کە ئیرادەی ئەم هەرێمە توانیویەتی قەیران و ململانێ بکاتە دەرفەت، بۆ ئایندەی هەرێمیش من ئەوە دەبینم کە بەدەست خۆمانە بەشێکی گرژییەکان لەناومان بەرێت یان سەرکەوتنمان پێبدات، دڵنیاشم ئەو ئیرادەشمان هەیە.

**هەرێمی کوردستان جەزیرەیەک نییە چواردەوری ئاو بێت، تاکو کردبێتیە ناوچەیەکی گەشتیاری یان سەرەڕێگایەکی بازرگانی، وڵاتێکی پیشەسازیی گەورەش نین تاکو خاوەن پێگەیەکی ئابووری گەورە بین لە ئاست جیهاندا**

**گرنگە بزانین چۆن سوود لە پشتیوانییەکان وەرگرین، بەردەوامی بە پشتیوانییەکان بدەین و لەمەترسییەکانیش خۆمان دەربازبکەین. بۆئەمەش دەبێت سوود لە خاڵە بەهێزەکانمان وەرگرین، کە بەبڕوای من خاڵی بەهێزمان پێش هەموو شتێک ئیرادەی گەلەکەمانە**



د.جەلال ئەحمەد

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# گرنگە حزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان بەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، بەرژەوەندیی نیشتمانی بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ « هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

ئێران یەکێکە لەو هێزە سەربازییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە هەرچەندە خۆی لە قەبارەی خۆی گەورەتر دێتە بەرچاو و ناتوانێت دەستبەرداری شەڕ بێت، بەڵام ئەنجامێکی سەربازی ئەوتۆی لە گۆڕەپانی شەڕی ئەم دواییەیدا دەست نەکەوتووە؛ بۆیە حەز ناکات گۆڕەپانی شەڕی لەگەڵ دوژمنەکانیدا فراوان بکات؛ چونکە باش دەزانێت لە ئەگەری زۆردا، ئەنجامی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەودا نابێت. ئێران کە تا دوێنێ لە ڕێی بریکارەکانییەوە، ئەمڕۆش لەڕێی مووشەک و درۆنەکانییەوە فۆڕمێکی تازەی لە شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا بەرپاکردووە، لە بەرژەوەندیدا نییە بچێتە شەڕێکی زەمینی ڕاستەوخۆو لەگەڵ ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیدا؛ لە لایەکەوە لە ناوچەکەدا جگە لە سووریا و گروپە بریکارەکانی لە عێراق و لوبنان و یەمەن بە حەماسی فەڵەستینیشەوە، وڵات و گروپێکی دیکە شک نابات لە ئەرزی واقعدا شەڕی زەمینی بۆ بکات، وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان بۆ ئیسرائیل بیکەن؛ لە لایەکی دیکەوە ڕەوشی سیاسی و ئابووری نێوخۆی ئێران هێندە سەقامگیرو لەبار نییە؛ لە ناوچەکەشدا ژمارەی دوژمنەکانی لە دۆستەکانی زیاترن. بۆیە لەو سەروبەندەدا ئێران بەشێوەیەکی کاتی دەچێتەوە قاڵبی خۆی دوای دڵنیابوونی لە هەڵوێستی نەگۆڕی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئیسرائیل لە هەر ئەگەرێکی سەربازیی نەخوازراودا کە ڕووبەڕووی ببێتەوە. دەسکەوتی هەرە دیاری ئێران ئەوە بوو، کە لە سەرێکەوە پەیامەکەی خۆی گەیاند، کە توانا سەربازییەکانی چەندە بەرەو پێش چوون و لەمەودوا دەتوانێت لەناوچەکەدا چی بکات؛ بەڵام سەرنەکەوت لەوەی بتوانێ وڵاتە عەرەبییەکان بخزێنێتە ناو شەڕێک کە لەسەر خاک و بەخوێنی ئەوان فراوانتر بێت؛ ئەوەی بەزیانی ئێرانیش شکایەوە

وڵاتانی کەنداو لە جاران زیاتر ئامادەی هاریکارین لەگەڵ ئەمریکادا.. کەواتە ناوچەکە وەک جاران چاوەڕوانی ڕووداو و پێشهاتی نوێی لێدەکرێت، کە پێناچێ لەبەرژەوەندیی ئێراندا بن.

زۆربەی چاودێرانی سیاسی ناوچەکەش لەو باوەڕەدان، کە لە ئەگەری گەڕی نوێی شەڕو ململانێی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا، عێراق پێشهاتی زیاتر بەخۆوە دەبینێ، ئێران دڵخۆش نییە بە بوونی هەرێمێک بە ناوی کوردستان کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پارێزگاری لە بوون و مانەوەی بکەن؛ لێرە بەدواوە هەر کارێک کە دەرهەق بە هەرێم بیکات، شەرعییەتدانە بە وێناکردنی هەرێم وەک مەترسی لەسەر ئاسایشی ئێران لە داهاتوودا؛ دەیەوێ ئەم پرسە بە ئۆکرایناکی نزیک لە بوون بە ئەندام لە ناتۆی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ڕووسیا بچوێنێ. بۆیە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی ئەمریکی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە هێرشەکانی ئێران و گروپە بریکارەکانی لە هەرێمدا، ئێران لەسەر هەرێم هەژماریان دەکات لە کاتێکدا لە ئێمە باشتر ئاگادارە، کە ئەمریکییەکان خۆیان لێرەن نەک داوای هاتن و مانەوەیان لێکرا بێت؛ باشیش دەزانی کە هەرێمی کوردستان ئەو هێزە سەربازییە کاریگەرە نییە، کە بتوانێ شەڕ بە دەوڵەتێکی وەک ئێرانی سەربازی بفرۆشێ؛ لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووریشدا هەرێم پێویستی هەم بە ئەمریکا و هەم بە ئێرانیشە.. کەواتە ئێران بۆ وا دەکات لە کاتێکدا دەزانێ لە ئەگەری بەردەوامی ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ بەغدا بەتایبەت لە پرسی دارایی و بە بازاڕکردنی نەوتی هەرێم لە لایەن بەغداوە، ئیدی بیانوویەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەما تا بڵێ ئیسرائیل وزەی پێویستی لە نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستانەوە دابین کردووە؛ دواتر ئیسرائیل و ئەمریکاش شتێکی ئەوتۆی وەهایان چ بە ئاشکرا یا شاراوە بۆ داهاتووی هەرێم نەکردووە و پێناچێ لەبەرنامەشیاندا بێت تا هەرێم بۆ بەرژەوەندیی ئەوان شەڕ لەگەڵ دراوسێکانی خۆیدا بکات.. دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە ئەو لایەنەی ڕەنگە لە گۆڕەپانی ئەو ململانێیانەدا زەرەرمەندی سەرەکی بێت، هەرێمی کوردستانە بەو دۆخ و ئامادەسازییەی ئێستای؛ ئەمە مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی کوردە هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا ئەمڕۆ.

با لێرەدا ئەو پرسیارە بورووژێنین ئایا کورد دەتوانێ ئەو مێژووە تێپەڕێنی و لە شەڕکەرێکی بێ دەستکەوتەوە ببێتە خاوەنی بەشێک لە دەستکەوتە هەمیشەییەکانی دوای شەڕ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە؛ کوردیش گوتەنی: شەڕ لە بادینان تۆز لە دەرکێ مە؛ شەڕەکە لە غەززەیە و تۆزەکەشی لەجیاتی ئەوەی بچێتە تاران، لە هەولێرە... لەو نێوەندەدا کورد نازانێ نە خەمی شەڕەکەی بێت، نە ئەو تۆزەی خەریکە دەگاتە دەرگای ماڵەکەی؛ لە کاتێکیشدا کە بەرچاوڕوونییەکی ئەوتۆمان نییە سەبارەت بە هاوکێشە و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەکە، لەناوخۆشدا پەرتەوازەین، دەبێ لەنێوان شەڕ و تۆزەکەیدا هەم لە خەمی شەڕەکان و ، هەم لە خەمی تەپ و تۆزیشیاندا بین لەبەردەم ماڵەکەماندا. کەواتە باشترین ڕیکار ئەگەر گەڕانەوە بێت بۆ عێراق بۆ تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە، بەڵام کام عێراق؟ ئەو عێراقەی هێزە باڵادەستەکان تیایدا بەرۆژ خۆیان بە خاوەنی هەموو ئێراقییەک دەزانن؛ بەشەویش وەک دوژمن و داردەستی دەرەکی سەیری هەندێکیان دەکەن! ئەو عێراقەی لەمبارەیەوە بەدیوێکی جیاواز لە لوبنان دەچێت، کە ئەو چۆن بەدەست حزبوڵڵاوە گیری خواردووە، ئێمەش بە دەست کەتائیبەکانییەوە! کەواتە دەبێ دان بەوەدا بنێین، کە ئەگەرەکانی بەردەممان زۆرن و ڕێوشوێنەکانی دەربازبوونیش لەم تەنگژە و گێژاوە سنووردار. بۆیە زۆر گرنگە هەموو حزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان بەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، بەرژەوەندیی نیشتمانی بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان و بەهێزترینیان زۆرترین قوربانی بدات بۆ لەیەک نزیکبوونەوە و دروستکردنی گوتارێکی یەک هەڵوێست لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا. کورد کە پێشتر لە ئەزموونی بوونە تەرەف لە ململانێی نێوان ئیمپراتۆرە باڵادەستەکانی ناوچەکە باجی زۆری داوە؛ بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواش شەڕکەرێکی ئازا و چاکین نەک هاوپەیمان و هاوئامانجی ستراتیژیی درێژمەودا؛ بەڵام کاتێک کە بۆت نەبێ لە دووڕیانێکدا بوەستیت و ئەگەر ئەو نەخشەڕێگەیەش ڕاست بێت، کە ئەمریکا بڕیاری لەپەلوپۆخستنی ئێرانی داوە؛ ڕێوشوێنی جدیش بگرێتەبەر بۆ پاراستنی زەمین و ئاسمانی هەرێم، لە بەرەی ئەمریکا هەژمار بکرێین باشترە هەتاوەکو ئەگەر زۆریش لەسەرمان بکەوێت، لە چوونە بەرەی ئێرانێک، کە بە بەبوونی هەر جۆرە وجودێکی سیاسی کورد قەڵسە.

**ئێران کە تا دوێنێ لە ڕێی بریکارەکانییەوە، ئەمڕۆش لەڕێی مووشەک و درۆنەکانییەوە فۆرمێکی تازەی لە شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا بەرپاکردووە**

**کورد کە پێشتر لە ئەزموونی بوونە تەرەف لە ململانێی نێوان ئیمپراتۆرە باڵادەستەکانی ناوچەکە باجی زۆری داوە؛ بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواش شەڕکەرێکی ئازا و چاکین نەک هاوپەیمان و هاوئامانجی ستراتیژیی درێژمەودا**



## فەرهاد محەمەد

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا سیستمێکی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدایک دەبێت

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ « هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا» بەمجۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە « هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا»، ئەگەر بە دیوێکدا هەڕەشە و ئالنگاری بۆ سەر هەرێمی کوردستان لێبخوێنرێتەوە، ئەوە بەدیوێکی دیکە کە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن لەناو ئەم گێژاوەدا وەرچەرخانی گەورە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە، سیستمێکی تازە بۆ ئەم ناوچە گرنگەی جیهان لەدایك بێت، ئەوە دەکرێت ئەم ناونیشانە وەرچەرخانێکی بەسەردا بێت و بگۆڕێت بۆ «هەرێمی کوردستان لەنێو سیستمی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا.

ئەوەی لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی ئەمساڵ «کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی لە میونشن، لووتکەی حکومەتەکان لە دوبەی» لە یەك دوو مانگی ڕابردوو گوێبیستی بووین و جێگەی بایەخی هەموو جیهانیش بوو لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێدەکەم:

- لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، تەنیا ڕۆژێك دوای هێرشە ڕۆکێتییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ماڵی هاووڵاتییەکی سڤیل لە هەولێر و لە ئاکامدا چەندین هاووڵاتی شەهید بوون و لەناویاندا ژینای ١١ مانگی تێدابوو، ئۆرسوۆلا ڤۆندەر لاین سەرۆکی کۆمسیونی ئەوروپا لە وتارەکەیدا لە کۆڕبەندی داڤۆس لە سویسرا ستراتیژیەتی تازەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانی ئەتڵەسی بەجیهان ڕاگەیاند و گوتی: ستراتیژیەتی تازەی یەکێتیی ئەوروپا ناتۆ بریتییە لە «نەهێشتنی مەترسی- De-risk»، ئەمەش بەو مانایەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانی ناتۆ ئامادەییان هەیە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە مەترسی دروست بێت سازشی لەسەر نەکەن و ، ئەو مەترسییە لە ڕیشەوە هەڵبکێشین، هەمان ڕۆژ ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ ئیسحاق هێرزۆگ سەرۆکی ئیسرائیل کە وێنەی کچێکی ٨ مانگی لە تەنیشت خۆی دانابوو، باسی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسی بۆ ئامادەبووان دەکرد، زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند « هەتا هەموو مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست لە ڕیشەوە هەڵنەکێشین شەڕی غەززە کۆتایی نایەت».

• لە لووتکەی حکومەتەکانی دوبەی کە لە ڕۆژانی ١٢-١٤ی شوباتی ٢٠٢٤ بەڕێوەچوو و، تیایدا ٢٥ سەرۆك دەوڵەت و سەرۆك وەزیران و نوێنەری ١٢٠ دەوڵەت بەشدار بوون و، لەناو سەرۆکەکاندا، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بانگهێشت کرابوو و ، وتاری سەرەکی لەو لووتکەیە بۆ بەڕێزیان تەرخانکرابوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند» ئەگەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهانمان لا مەبەست بێت دەبێت هاوکاری و لێکتێگەشتن لەنێوان دەوڵەتان دروست بێت هەروەك بەو هاریکار و لێکتێگەیشتنە بەسەر تیرۆریستانی داعش سەرکەوتین»، کە بێگومان هەرێمی کوردستان ڕۆڵی زۆر گەورەی لەو سەرکەوتنە جیهانییەدا هەبووە.

• لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی کە لە ڕۆژانی ١٥-١٧ی شوباتی ٢٠٢٤ لە شاری میونشنی ئەڵمانی بەڕێوە چوو، ناونیشانی ڕاپۆرتی ئەم کۆنفرانسە گرنگە بریتی بوو لە « ئایا هەموومان دۆڕاوین؟ — Lose- Lose?» بوو،

ئەم سێ ڕووداوە گەورە جیهانییە کە تەنیا لە ماوەی یەك مانگدا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ چەندین پەیامی گرنگیان بە جیهان و ناوچەکە دا، سەردانی ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤ی بەڕێز مسرور بارزانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا، گرنگیی ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەری بۆ واشنتۆن، تەنیا لەیەك ئاست و تایبەت بەیەك سێکتەری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو کۆی سێکتەرەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان لە ئەجێندای ئەو سەردانەکۆکرابووە و بەسەرکەوتوویی لە هەموو سێکتەرەکان بەڕێوەچوون، ئەم سەردانە وەرچەخانێك لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتۆن لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق هەیبوو، لە هەمان کاتیشدا وەرچەرخانێك بوو لە تێگەیشتنی هاوبەشی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا.

سەرنج و هەڵوەستەی گرنگ کە لەسەر سەردانەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی شاندی حکومەتی عیراق لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بۆ واشنتۆن و دیداری لەگەڵ جوزیف بایدنی سەرۆکی ئەمریکا ئەوە بوو، ئەم سەردانە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشە بەربڵاوە کۆمێدیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بۆ سەر ئیسرائیل، کە ئەمە یەکەمجار بوو لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩ ەوە ئێران ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، هەر بۆیە هەموو پسپۆران و چاودێرانی سیاسی پێیان وابوو، بەتایبەتی دوای هەمان شەو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاریدا بە پەلە کۆبێتەوە، هەموو پێیان وابوو کە ئەو هێرشەی ئێران کردیە سەر ئیسرائیل دەبێتە هۆکارێك، کۆشکی سپی ئامادە نەبێت پێشوازی لەبەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و شاندە یاوەرەکەی بکات.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو هێرشەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل نەك کاریگەری لەسەر سەردانەکەی بەڕێز سوودانی نەبوو، بەڵکو ئەو بەڕێزانە لەم گفتوگۆیە لەگەڵمان و نزیکن لە سەنتەری بڕیاری سیاسی لە عێراقدا سەردانەکەی ئەمجارەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە «سەرووی سەرکەوتوو» لەقەڵەم دەدەن، لەمەش زیاتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو دەسەڵات و نفوزی خۆی کرد بە گوشار بۆ ئەوەی ئیسرائیل سەبر بگرێت و وەڵامی هێرشەکەی ئێران نەداتەوە.


ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو دەسەڵات و نفوزی خۆی کرد بە گوشار بۆ ئەوەی ئیسرائیل سەبر بگرێت و وەڵامی هێرشەکەی ئێران نەداتەوە

خوێندنەوەی بارودۆخەکە بەم دیوەیدا چیمان پێدەڵێت:

١- کاتی خۆی هینری کیسنجەر دەیگوت «پێویستە ئێران وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بداتەوە بەوەی ئایا ئێران وەك دەوڵەت کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە پابەندە بە یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان یان سوپای پاسداران دەوڵەتێکی تایبەتییە لە دەرەوەی بڕیار و یاسا نێودەوڵەتییەکان؟» ئەم خوێندنەوەیە مەزەندەی ئەوە دەکات ئێران لەوە تێگەیشتووە چیتر ناتوانێت خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارە بدزێتەوە و فەرامۆشی بکات و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە هەر لایەکیاندا بێت، نەخشەی تازەی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات.

٢- پرسیاری دووەم پرسیاری ئەمریکایە و ئاراستەی عێراقی کردووە « ئایا عێراق دەیەوێت کودەتا بەسەر دەستووردا بکات ویلایەتی فەقیهی بە پشتگیریی کۆماری ئیسلامی ئێران یان عێراق ئامادەیە ڕێز لەو دەستوورە بگرێت و بناغەکانی دەوڵەتی فیدراڵی تەواو دەکات بە پشتگیری ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ڕۆژئاوا؟ ئەم خوێندنەوەیە وای دەبینی کە سەردانەکەی ئەمجارەی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە شاندە یاوەرەکەی شاندی فیدراڵی بوو و هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لەخۆی گرتبوو، وەڵامی ئەو پرسیارەی بە پشتگیریی ئەو لایەنانەی شیعە داوەتەوە کە بڕوایان بە سیاسەتی ئەقڵانییە، کە دەیانەوێت عێراقێکی فیدراڵی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە بونیاد بنێنەوە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەنگیان پێداوە.

# بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر ئەو زەوییەی لەسەری دەژین



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

هەڵبژاردنی وشەی «دایکە زەوی» لەبری زەوی، یان هەسارە، یان سرووشت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو مانایە دەگەیەنێت کە پێویستە مرۆڤ خۆی بە ڕۆڵەی دڵسۆزی ئەو زەوییە بزانێت کە لەسەری دەژی و سوود لە دەرامەتەکانی وەردەگرێت، هەروەها ئەو مانایەش دەدات کە پێویستە مرۆڤ لەکاتی سەرپێچیکردنی ژینگەیی و زیانگەیاندنی بەزەوی هەست بە تاوان و گوناە بکات لەپای بێباکیی بەرانبەر بە دایکە زەوی.

بۆیە لەم بۆنەیەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داواکارە مرۆڤی سەر ئەم هەسارەیە پێداچوونەوە بە ڕەفتارەکانی خۆیدا بکات، بۆ پاراستنی ئاو و خاك و هەوا و فرەجۆریی زیندەوەرەکان و ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی و سیستمی ئیکۆلۆژی کە بریتییە لە سیستمی گشتیی ژینگەیی هەسارەی زەوی کە ئاسایش و سەلامەتیمان لە ئاسایش و سەلامەتی ئەودایە و، پاراستنی خۆشمان لەپارێزگاریکردنە لەو.

یادکردنەوەی ڕۆژی زەوی لە (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ڕۆژی زەوی ناسێنراوە، لە وڵاتانی جیهانیشدا ساڵانە یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە، بۆنەیەکە بۆ بیرخستنەوەی خۆمان بە هەستکردن بە بەپرسیارێتیی هاوبەشمان بۆ کارکردن وەك کەسانی بەرپرسیار بەرانبەر بە ژینگە، بۆیە ناوەڕۆکی دروشمی ئەمساڵ (٢٠٢٤) بۆ ڕۆژی زەوی بریتیی بوو لە هەوڵدان بۆ پاراستنی هەسارەکەمان لە زیانەکانی پلاستیك وەك ڕەنگدانەوەیەك بۆ ئەو هەڕەشانەی ماددە پلاستیکییە یەك جار بەکارهێنراوەکان دەیکەن دژ بە زەوی، هەروەها هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی بڕ و جۆری دیکەی پلاستیکی ژینگەدۆست لەبری پلاستیکی زیانبەخش.

ڕاگەیاندنی ڕۆژی زەوی خۆی لەخۆیدا دانپێدانانە بەو ڕاستییەی کە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی، سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە، هەروەها ددانپێدانانێکیشە بە بەرپرسیارێتیی گشتی کە ڕاگەیاندنی کۆنگرەی زەوی لە



(ریۆدی جانیرۆ) لە ساڵی (١٩٩٢) داوای کردووە بۆ زیاتر تەبایی و کۆکبوون لەگەڵ سرووشت و زەویدا، لەپێناو دابینکردنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەم یادەدا کار دەکات لەپێناو هاندانی دانیشتووانی گۆی زەوی بۆ بونیادنانی ژینگەیەکی تەندروستی بەردەوام لە ڕێگەی سەوزکردن لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە ئەمڕۆ نیوەی زیاتری دانیشتووانی جیهان لەنێو شارەکاندا دەژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا، پێویستە ستایلی ژیانیش لە نێو شارەکاندا بگۆڕێن بە ئاراستەی ژینگەدۆستی و وەبەرهێنان لە بواری وزە نوێبووەوەکان و بونیادنانەوەی شار و شارۆچکەکان و، دەستکردن بە چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا و بە جوولەیەکی خێرا، کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە دەربکەوێت بۆ چارەسەرکردنی زیانە زۆرەکانی گردبوونەوەی دانیشتووان لە شارەکاندا و، چۆڵبوونی لادێ و گوندەکان و گۆڕان لە کەشوهەوادا، بۆیە پێویستە ئێمەش چەند هەنگاوێك بە ئەرکی خۆمان بزانین وەك:

گۆڕینی ستایلی ژیانکردن بە ئاراستەی کواڵێتیی باشتری ژیان لە شارەکاندا.

گەڕانەوە بۆ نێو سرووشت و هەڵسوکەوتی هاوڕێیانە لەگەڵ سرووشتدا.

پەرەپێدان بە کەلتووری سەوزکردن و چاندنی زانستییانە.

ڕووکردنە هاوردەکردن و بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلی ژینگەدۆست.

کاراترکردنی پرۆسەی وەبەرهێنانی سەوز و ژینگەیی.


بەهێزترکردنی هەڵمەتی هۆشیاری و یاساپارێزی بۆ پێگەیاندنی تاك و کۆمەڵگەی بەرپرسیار.

باش بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانیاندا.



کەنار محەمەد:

# وێڕای کاری مامۆستاییم و ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و دایکایەتی، حەزم بۆ کارکردن زۆرە



**کەنار محەمەد، خانمە دەسترەنگینێکی بەتوانا و بەسەلیقەیە و دانیشتووی شاری سلێمانییە و مامۆستای قۆناغی ئامادەییە و دایکی دوو کچی جوانە، وێڕای کاری مامۆستایی و ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و دایکایەتی، سەرقاڵی کاری دەستییە و لە ماڵەکەی خۆیدا کەلوپەلی جوانکاری و ئێکسسوارات دروست دەکات و بە شێوەی ئۆنلاین بەرهەمە دەستکردەکانی بەبازاڕ دەکات. لەم دیمانەیەشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان زیاتر باسی کارەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کەنار محەمەد، سەبارەت بە ئەزموونی کارەکەی دەڵێت: «جگە لە کاری مامۆستایی حەزم کردووە کارێکی سەربەخۆشم هەبێت، ئەمەش وەکو خولیایەکە لە منداڵییەوە هەمبووە، زیاتر حەزم لە چنین و دروستکردنی ئێکسسوارات بووە و حەزم لەوە بووە کەلوپەلەکانم خۆم دیزاینیان بکەم، لە جلوبەرگی کوردیشدا هەمیشە حەزم کردووە ڕەنگەکان تێکەڵ بکەم، کارەکەم بریتییە لە دیزاین و چنین و جگە لە جلوبەرگ، سەرمێز و پەردەکانی ماڵەکەم بە خۆم دروستیان دەکەم و دەیانچنم.

حەزم بۆ دروومان و دیزاین خولیایەکی منداڵیمە، سەرەتا مەکینەم نەبوو جلەکانی خۆم و منداڵەکانم بە دەست دەدووری، باوکم بە ڕەحمەت بێت ماوەی ٤٥ ساڵ بەرگدوور بوو، خوشکە گەورەکەشم بەرگدوورە، کە منداڵ بووم، زۆر سەیری فیلمی هندیم دەکرد، تا ئەو ئاستەی سوودم لە شێوەی جلوبەرگ و تێکەڵکردنی ڕەنگەکانیان وەردەگرت. کە گەورە بووم خۆم جلەکانی خۆمم دەدووری و دیزاینم دەکردن، کە خزم و کەس و هاوڕێکانم دەیانبینی دەستخۆشییان لێدەکردم و هانی بەردەوامبوونیان دەدام، بەتایبەت خێزان و خانەوادەکەی خۆم و هاوسەر و کچەکانم هاندەر و پاڵپشتم بوون، ئەوان هەمیشە کاتیان پێ بەخشیوم و هانیان داوم، ئەگەر ئەوان نەبوونایە، نەمدەتوانی بگەمە ئەو ئاستەی ئێستام، چونکە لە پاڵ کاری مامۆستاییم وانەی تایبەتیشم دەگوتەوە و بەردەوام قوتابی پۆلی ١٢م هەبوو. لێرەوە سوپاسیان دەکەم، بەتایبەت هاوسەرەکەم، چونکە زۆر هاوکارمە و بەردەوام پشتگیریم دەکات. وێڕای کاری مامۆستاییم و ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و دایکایەتی، حەزم بۆ کارکردن زۆرە، بەڵام هەست بە هیلاکی ناکەم جاری واهەبووە تا بەرەبەیان دانیشتووم و ئێکسسواراتم دروست کردووە.

گوتیشی: «هەمیشە هانی دەوروبەرم داوە کە کاتەکانیان بێسوود بەڕێ نەکەن و بەپێی توانای خۆیان کارێك بکەن، ئەگەر کارەکە بچووکیش بێت. من پێموایە مرۆڤ چ ئافرەت بێت، یان پیاو، ئەگەر بە کارێك سەرقاڵ بێت، وێڕای دەستکەوتە ماددییەکە، لە ڕووی دەروونیشەوە ئاسوودە و بێ گرفت دەبێت، بەردەوام هانی قوتابییەکانیشم دەدەم کە هەوڵ بدەن، چونکە هەموو تاکێك بەهرە و زیرەکیی تایبەتی هەیە و پێویستە کەسەکە هەوڵ بدات و بیدۆزێتەوە و پەرەی پێ بدات.»

کەنار محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «من دوو کچم هەیە، ئەوانیش وەکو خۆم خولیای کاری دەستییان هەیە و خاوەن پەیجی تایبەت بە خۆیانن، کچە گەورەکەم بەشی شیکاری نەخۆشییەکانی تەواو کردووە و لە نەخۆشخانە کاردەکات، بەڵام کاری دەستی فەرامۆش نەکردووە و بەردەوامە، کچەکەی دیکەشم قوتابی قۆناغی دووی بەشی بزنێسە لە زانکۆی کۆمار، شانبەشانی خوێندنەکەی کاری چاککردن و دیزاینکردنی نینۆك دەکات، هاوکات شێوەکاریشە، بە کورتییەکەی هەرسێکمان جگە لە کاری ئیداری کاری سەربەخۆمان هەیە و لە پەیجەکانمانەوە کارەکانمان ئاراستە دەکەین و نیشانی دەدەین.

مامۆستا کەنار لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ داهاتوو چ بەرنامەیەکت هەیە، گوتی: «خەون و خولیام پەرەپێدانە بە ئیشەکەم و دەمەوێت گەورەتری بکەم، هەروەها دەمەوێت کارەکانم لە بواری بەردی بەهادار و پیرۆز وەکو یاقوت و مرواری فراوانتر بکەم، کە لە کارەکانمدا بۆ ئێکسسواراتەکان بەکاریان دەهێنم، واتا شوێنێکم هەبێت تایبەت بەدیزاین و دروستکردنی ئێکسسوارات بە بەرد و موورووی ڕەسەن و ناساندنیان بە زانیاریدان دەربارەی ئەو بەرد و مووروانەی کە بەکاریان دەهێنم. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حەزێکی زۆرم هەیە بۆ دروستکردن و دیزاینکردنی تارای بووك و هەوڵی ئەوە دەدەم ڕۆژێك لە ڕۆژان شوێنێکی تایبەت بە تارای بووك بکەمەوە، یەکەم تارام بۆ خوشکەزاکەم دروست کرد و بە مرواری نەخشاندم و درێژییەکەی ١٦ مەتر بوو.

**سەرەتا مەکینەم نەبوو جلەکانی خۆم و منداڵەکانم بە دەست دەدووری**

**هاوسەر و کچەکانم هاندەر و پاڵپشتم بوون، ئەوان هەمیشە کاتیان پێ بەخشیوم و هانیان داوم**

**هەمیشە هانی دەوروبەرم داوە کە کاتەکانیان بێسوود بەڕێ نەکەن و بەپێی توانای خۆیان کارێک بکەن**

**ئەگەر بە کارێک سەرقاڵ بێت، وێڕای دەستکەوتە ماددییەکە، لە ڕووی دەروونیشەوە ئاسوودە و بێ گرفت دەبێت**



لۆرا خەلیل یەکێکە لە هونەرمەندە لوبنانییەکان کە ماوەیەکی زۆرە هاتووەتە نێو جیهانی گۆرانی و هونەری لوبنانی، هەرچەندە دەرکەوتنی وەک پێویست نییە، بەڵام ئەو کارانەی پێشکەشی کردوون بۆ ماوەیەکی زۆر لە دڵ و هزری جەماوەردا دەمێننەوە، بۆیە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

## لۆرا خەلیل:

# شێواز و ستایلی من جیاوازە لە هونەرمەندانی دیکە

*** ئێستا لە چ قۆناغێکی هونەریدایت؟**

- کاروانی هونەریی من بەردەوامە، ئەگەر بۆ ماوەیەك لە هونەریش دابڕابم، بەڵام ئەوە بۆ بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە و پەنا بە خودا دەگەم بەو قۆناغەی هەوڵی بۆ دەدەم، ئەمەش بە ئاسانی نایەتە دی.

*** جوانیی ڕووخسار بۆ تۆ چەند گرنگە؟**

- گرنگییەکەی ئەوتۆ نییە، چونکە من کە دەستم بە کاری هونەری کرد، وەك گۆرانیبێژ بوو نەك شاجوان یان نمایشکار، پێموایە هەمموو مرۆڤێکیش جوانە.

*** هونەر چۆن کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکان هەیە؟**

- هونەر دەرهاوێشتەی کۆمەڵگەیە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆش نابینم لە نێوان ئەو شتەی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی سیاسییە، بۆ نموونە ناکرێت لە شوێنێك شەڕ و کوشتن هەبێت و ئێمەش لە شوێنێکی دیکە گۆرانی بڵێین و سەما بکەین، بۆیە پێویستە لەسەر هەر هونەرمەندێك ڕێزی گەل و جەماوەرەکەی خۆی و ئەو بارودۆخەی پێیدا تێپەڕ دەبێت لەبەرچاو بگرێت، جا خۆشی و شادی بێت یان پێچەوانەکەی، سەنگ و قورسایی ئەو پەیامە بزانێت کە دەیگەیەنێت.

*** خۆشەویستی لە ژیانی تۆدا هەبووە؟**

- بێگومان هیچ کەسێك بێ خۆشەویستی ناتوانێت بژی، نامەوێ باس لە وردەکاری زیاتر بکەم، بە گشتی هونەر خۆی عەشقە کە هەمموو هەستەکانی خۆشەویستی و عەشق هەڵدەگرێت، ئەوەی عاشق نەبێت بڕوا ناکەم بتوانێت گۆرانی بڵێت.

*** چۆن توانیوتە درێژە بە کاروانی هونەریی خۆت بدەیت؟**

- زەحمەتێکی زۆرم بینی تا گەیشتم بەو ئاستەی ئێستا، بۆ هەمموو هونەرمەندانیش هەر بە هەمان شێوەیە، چونکە سەرکەوتن پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە.

*** ژیانی هاوسەرێتی چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانی هونەریی هونەرمەندانەوە هەیە؟**

- بێگومان دەبێ هونەرمەندان دان بەوەدا بنێن کە ژیانی هونەری تا سەر نامێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە ژیانی خێزانیی هونەرمەندە، بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم سەرەڕای خۆشەویستیم بۆ هونەر، ئەوا خێزانەکەم گرنگترین شتە لە ژیانی مندا.

*** چۆن دەڕوانیتە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری؟**

- خۆم نەشتەرگەرییەکی بچووکم ئەنجام دا و دژی ئەم جۆرە نەشتەرگەرییانە نیم ئەگەر پێویست بن.

*** ماوەیەك تۆ دووركەوتی لە هونەر، چۆن وات کرد کە دانەبڕێی لە هونەر؟**

- ڕاستە، بەڵام ئەو کاتەی کە دووریش بووم بەردەوام چاودێریی هونەر و هونەرمەندانم دەکرد، نامەوێ باسی کەس بکەم، بەڵام هەندێك دیاردە هەبوون پێیان دڵگران بووم.

*** هونەری ئێستا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، یان هونەرمەندان گۆڕاون؟**

- بێگومان هونەرمەندی ئەم سەردەمە و پێشوو جیاوازییان هەیە و لە داهاتووشدا جیاوازیی زیاتر دەبێت، چونکە هونەری هەر قۆناغێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، منیش بۆ خۆم هونەرێکی کامڵم هەڵبژاردووە هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بم.

*** میدیاکان هەوڵیان داوە دەست بخەنە نێو کاروباری تایبەتی ژیانی تۆوە؟**

- هەر کەسێك بمناسێت دەزانێت ڕێگە بە هیچ کەسێك نادەم باس لە ژیانی تایبەتیی من بکات بەتایبەتی میدیاکان.

*** دوور لە هونەر چۆن پێناسەی خۆت دەکەیت؟**

- ناکرێت جیاوازی بکەم لە نێوان لۆرای هونەرمەند و لۆرا وەك مرۆڤێکی ئاسایی، چونکە هونەر کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی منەوە هەبووە و بووە هۆی بەهێزکردنی کەسایەتیم، ئەمە جگە لەوەی ناوبانگێکی زۆری بۆ دروست کردم و لە نێو خەڵکدا وەك هونەرمەندێك ناسرام، ئەمەش مایەی شانازیی منە.

*** ئایا ڕق و کینە لە نێوان هونەرمەندانَدا هەیە؟**

- دەکرێ بڵێین ڕکابەرێتی نەك ئیرەیی پێبردن، ئەمەش کارێکی ئاساییە.

*** تۆ زیاتر لە چ هونەرمەندێکەوە نزیکی وەك ستایلی گۆرانیگوتن؟**

- شێوازی من لە گۆرانیگوتندا جیایە، ڕەنگە شێوازی هەندێك هونەرمەند لە یەکتر نزیك بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەر جیاوازە.

*** ئەو گۆرانییانەی پێشکەشیان دەکەیت قەناعەتت بە هەموویان هەیە؟**

-ئەگەر قەناعەتم پێیان نەبێت چۆن پێشکەشیان دەکەم.

*** لە هیچکام گۆرانییەکانی خۆت پەشیمان نیت؟**

- نەخێر، هیچ کاتێك پەشیمان نەبووم لە هیچ گۆرانییەك کە لە دەممەوە هاتبێتە دەرەوە و، هەموویانم بە دڵ گوتووە و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم.

*** زۆرترین ئەو ڕەخنانە چین کە لە تۆ دەگیرێن؟**

-هەندێك کەس ڕەخنەم لێ دەگرن کە زیاتر گۆرانی دەهۆڵی دەڵێم، چونکە زیاتر سەرنجم لەسەر ئەم جۆرە مۆسیقایە، وەڵامیش دەدەمەوە بۆچی کەلتووری ڕاستەقینەی لوبنانیمان لەبیر بکەم؟ ئەم مۆسیقایە گوزارشت لە هونەری ئێمە دەکات، لوبنانییەکانیش زۆریان خۆشدەوێت، بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریدا، چونکە کەشێکی ڕاستەقینەی خۆشی دروست دەکات، هونەری گۆرانیگوتنم هەمەچەشن کرد و خۆم لە یەك ڕەنگدا قەتیس نەکرد، بەڵام بینیم خەڵك منیان خۆش دەویست بۆ ئەم شێوازە گۆرانییە، کە هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ناسنامەی هونەری من بووە.





کازیوە شاهۆ ئەمین

یاریزانی کاراتێی یانەی وەرزشی خورماڵ:

# بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکاندا دەرگا واڵا کراوە بە ڕووی یاریزاناندا

*** بۆچی ژیانی وەرزشیت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیایەکی زۆرم بۆ وەرزش هەبوو.

*** لە نێو ئەم هەموو وەرزشەدا زۆرە چۆن بوو بڕیارتدا وەرزشی کاراتێ هەڵبژێریت؟**

- هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرزشی کاراتێ لە ڕووی جەستەیی و دەروونییە زۆر سوود بەخشە بۆ یاریزانان.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر شەڕانگێزییە؟**

- نەخێر یاریی کاراتێ لە تەواوی هونەرە جەنگیەکانی دیکە جیاوازترە، چونکە هەموو جووڵەکانی زانستین و دوای تەواوبوونی ڕاهێنان و یاریکردن، هەست بە ئاسوودەیی دەروون دەکەیت و شەکەتیی ماسوولکەکانت نابێت.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئێستا لە ساڵانی ڕابردوو زۆر پێشکەوتوو ترە، زیاتر بەرەوپێش چووە و دەرگایەکی باش واڵا کراوە بە ڕووی یاریزاناندا بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتی و ئاسایی و جیهانییەکان.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

-لە ڕابردوودا کچان ڕۆڵیان کەمتر بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا خەریکە زۆربەی یانەکان گرنگی بە کچان دەدەن و بەرەوپێش دەچن.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- لە ئێستادا سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان، کە لە ئایندەدا بەڕێوە بچێت.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- سەرکەوتن ئارامیی دەروونە و چێژی تایبەتی تێدایە لە هەموو بوارێکی ژیاندا، بەڵام لە یاریی کاراتیدا زۆر بە چێژتر و خۆشی هێنەرترە کە ئەو هەموو کاتەی بۆت تەرخان کردووە، لە ڕووی ڕاهێنان و یارمەتی ڕاهێنەران بەهەدەر ناچێت و بەری ڕەنج وەردەگریتەوە.




**یانەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجەی شەهید هەموو کات گرنگیی زۆر بە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی ئافرەتان دەدەن، یانەی وەرزشیی خورماڵیش لە دەڤەری هەورامان، یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە یارییە جەنگییەکان دەدات، لە شارۆچکەی خورماڵیش گرینگیی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدرێت، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن، لە یاریی کاراتێدا دەڤەرەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە چاوەڕوانی ئەنجامی باشی لێ دەکرێت لە داهاتوو (کازیوە شاهۆ)یە، کە وەکو یاریزان تەنیا یاریی بۆ فێرگەی کاراتێی یانەی وەرزشی خورماڵ کردووە، کازیوە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ خورماڵە و دەرچووی زانکۆی سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- بۆمن سەرەتایە، یەکەم جارە بەشداری لە پاڵەوانێتیی عێراقدا بکەم، بەڵام یاریزانانی باش لە کاراتێی کچانی کوردستاندا هەیە، بەتایبەت لە یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و چەمچەماڵ.

*** هیوا و ئاواتت لە وەرزشکردن چیە؟**

- نەك تەنیا کوردستان و عێراق، بەڵکو ئامانجمان بە پاڵەوان بوون و کێبڕکێی وڵاتانی جیهانییە.

*** بۆچی کچ بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکات؟**


- لە ئێستادا کچان لە ساڵانی ڕابردوو باشتر دێنە پێشەوە، بەڵام هۆکاری کلتووری و حەزی کچان و لە هەندێك شوێنیش گرنگی نەدانە بە وەرزشەکە.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردووی؟**

-لە ئێستادا یاریزانی فێرگەی کچانی یانەی وەرزشی خۆرماڵم لەگەڵ ئەو یانەیەدا ئاسودەم.

*** دوا پەیڤت چییە بۆ خوێنەرانی گوڵان؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ هاندانی کچان بۆ زیاتر ڕۆڵگێڕان لە هەموو کایەکانی ژیان و وەرزش بە تایبەتی، سوپاس بۆ دایك و باوك و ڕاهێنەرانم کە هەموو کات پاڵپشتی بەهێزن بۆمن.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرەدا باس لەو کەسانە دەکات، کە مێشکێکی بەتاڵیان هەیە، هەمیشە بە دەنگە دەنگ و هاوار دەکەن و دەنگیان بەرزە لە کاتی تووڕەبوون و بەردەوامیش دەمارگیرن، وەك بەرمیلێکی بەتاڵ وان، کاتێك دەجوولێیت، دەنگێکی زۆری لێوە دێت، هەروەها بۆ ئەوانەش کە خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەی زۆرن، کەسانی هێمن و لەسەرخۆن.



## دیمەنە سەیرەکان

**یەکەم سزای هاتووچۆ**

ئەمە دیمەنی یەکەم ئوتۆمبێلە کە یەکەم سزای سەرپێچیی خێرایی هاتوچۆی بۆ دانراوە، ئەو ڕووداوە لە ساڵی ١٨٩٩ بوو، جاکۆب شۆفێری تاکسییەك بوو لە شاری نیویۆرك، ئەو بە خێرایی ٢٠ کم/کاتژمێرێك ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە، خێرایی یاسایی لەو کاتەدا ١٣ کم/کاتژمێر بووە.

# بۆنی میسک چۆن ئامادە دەکرێت



جۆرێك لە ئاسکێك هەیە کاتێك لە دایك دەبێت، لە خوار سکیدا چەند شتێکی بچووك بەدیار دەکەون، لەگەڵ گەورەبوونی ئاسکەکە، ئەو شتەش بەرەبەرە پڕ و گەورە دەبێت و وەك گرێیەکی بچوکی لێدێت، بەمەش دەبێتە هۆی ئێش و ئازار بۆ ئاسکەکەو وای لێ دەکات ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ خۆڕزگارکردن لەو ئازارە، ئەویش بەخۆخشاندن لە دار یان بەرد یان لێکردنەوە لەلایەن ڕاوچییەکانەوە، لە ناو ئەو گرێ بچووکەدا شلەیەکی خەستی بۆن خۆش هەیە، دواتر وشك دەبێتەوە و بەکار دەهێنرێ لەدروست کردنی عەتردا.

## یاسا

**بەڵگەکانی سەلماندن»**

بۆئەوەی ئەو داوایەی پێشکەشی دادگا دەکرێ جا هەر دادگایەك بێت بۆئەوەی بتوانین داوایەکەمان بسەلمێنین ئەم ڕێگایانەی سەلماندنمان هەیە:-

١- سەنەدات

دوو جۆر سەنەداتم هەیە ئەوانیش:-

یەکەم/ سەنەداتی ڕەسمی، ئەو جۆرە سەنەدانە لە دادنووس دەکرێت، چونکــە کاتب عدل «دادنووس» لایەنی ڕەسمییە.

دووەم / سەنەداتی ئاسایی: ئەویش ئەو جۆرە سەنەدەیە کە لە نێوان دوو کەس دەکرێت و پەسەند نەکراوە لە لایەنی ڕەسمی.

٢ـ دانپێدانان: «الاقرار» ئەویش ئەوەیە کەسەکە خۆی دان بەوە دابنێت، بۆ نموونە لە بابەتی قەرز خۆی بڵێت من ئەوەندە پارەیە قەرزداری فڵان کەسم ئەوە پێی دەوترێت دانپێدانان»الاقرار» وە بۆ ئەم مەبەستە بنەمایەکی یاسایی هەیە کە دەڵێت...الاقرار سید الادله.

٣- لێپرسینەوە لە کاتی دادبینی لە لایەنی بەرامبەر پرسیار دەکرێت. یان ئەوەتا زۆر جار لەسەر بڕیاری دادوەر کەسی داوالێکراو یان داواکار استجواب دەکرێت،بۆئەوەی پر سیا ر ی لەبارەی ڕاستی و دروستی بابەتەکە لێ بکرێت.

٤- شاهید: کەسێکە کە بالغ و عاقڵ بێت و موسولمان بێت هەرچەند بەمەرج نەگیراوە موسلمان بێت گریمان دامان نا شاهید کەسێکی مەسیحییە سوێند ئەدرێت بە کتابەکەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی لەبەرئەوە وتمان شاهید باڵغ و عاقڵ بێت واتە ١٨ ساڵی تەواو کردبێت چونکە شاهید سوێند دەدرێت.

٥- قەرینە، کە پشتڕاستیەك هەبێ بۆ دەستپێك وەك دانی پارەی پێشەکی کە قەرینەیە لەســەر ئەنجامدانی «گرێبەستی کڕین».

٦- سوێند خواردن.

٧ـ معایەنە: کەشفێکە دادگا دەیکات.

٨ ـ شارەزا (خبیر): کەسی لێزان دادگا دایدەنێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەیەك کە لایەنەکانی داوا لەسەری ناکۆکن، بۆ نموونە لە بابەتی قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند دا، ئەگەر هاتوو بەهۆی کاری کەسێکی دیکەوە زیانی بەرکەوتبوو، شارەزا دادەنرێت بۆ ئەوەی بڕێك پارە وەکو قەرەبووکردنەوەی کەسی زەرەرمەند دیاری بکات و، پاشان شارەزا ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە پێشکەشی دادگا دەکات.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ئەزموونی کاری زیاتر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا، ئەمڕۆ ڕەنگە چاوت بە کەسێك بکەوێت و کاریگەریی لەسەر تەواوی ژیانت هەبێت و تێڕوانینت بۆ ژیان بگۆڕێت، هەمیشە هەوڵ بدە ئەرێنییانە بیربکەرەوە تا لە ڕووی دەروونییەوە ئارامبیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕووبەڕووی قورسییەکی زۆر دەبیتەوە لە کارەکەتدا و ڕەنگە زیانی گەورەت لە ڕووی دەروونییەوە بەربکەوێت، بەڵام هەوڵ بدە خۆڕاگر بیت، هەمیشە هاوسەنگی ڕابگرە لە نێوان پەیوەندییەکانتدا و بەردەوام بە لێیان، توڕەیی زۆربەی کارەکان ئاڵۆز دەکات، هەوڵ بدە خۆڕاگر بە و هاوسەنگی بپارێزە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەشێکی ئیجابی لە شوێنی کارەکەتدا وا دەکات زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت و هەنگاوی باشتر بنێیت، متمانەکردن بە خۆشەویستەکەت و تێگەیشتن لە نێوانتان داهاتووتان پرشنگدار دەکات، پەستانی کاری زۆر ماندووت دەکات و پێویستە پشوو بدەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە چانسی باشتر دێتەبەردەمت، بایەخدان بە خۆشەویستەکەت یارمەتیدەرە بۆ بنیاد بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر و پەیوەندییەکەت بەهێزتر بێت، بەپێی توانا کارەکانت ڕێك بخەرەوە و ئاگاداری ژەمە خۆراکییەکانت بە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


هەرگیز هاوپیشەکانت لە هاوکاریکردن بێبەش مەکە و هەوڵ بدە گیانی هاوکاری دروست بکەیت بۆ ئەوەی لە ڕووی پیشەییەوە هەنگاوی گەورە بنێیت، بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەردەبیت ئەم ماوەیە و پەیوەندیتان لە مەترسیدایە، دەبێت بزانیت جۆن گفتوگۆ دەکەیت.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چارەسەری کێشەکانی پیشەکەت و ڕووبەڕووبوونەوەیان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بنێیت، کە هاوکات بۆ داهاتوو سوودی دەبێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە پێویستە هەوڵ بدەیت گۆڕانکاری بکەیت و لە ڕۆتین دوور بکەونەوە، لەپێناو چالاکبوونی سوڕی خوێنتدا کاتێکی گونجاو بدۆزەرەوە بۆ وەرزشکردن.

بۆ زانیاریت

## کۆمەڵەی خۆر لە گالاکسیدا






کۆمەڵەی خۆر کە لە گالاکسی ڕێڕەوی شیریدا، لە ئەستێرەیەك کە (خۆرە). لەگەڵ حەوت هەسارە کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە پێکهاتووە، کۆمەڵەی خۆر بریتییە لە کۆمەڵێك هەسارە و مانگ و نەیزەك و گاز و خۆڵ کە بە دەوری ئەستێرەی خۆردا دەسوڕێنەوە، ئەم سیستەمە پێکدێت لە هەسارەی بەردین کە بریتین لە عەتارد، ڤینۆس، زەوی و مەریخ، زەبەلاحە گازییەکان لەوانەش موشتەری و زوحەل، هەروەها زەبەلاحەکانی سەهۆڵین لەوانە ئۆرانۆس و نەپتون، ئەوەی مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان و بیرکردنەوەی زۆر دەکات. کۆمەڵەی خۆر تەنها خاڵێکی بچووکە لە گەردووندا.

فیلم

## خانوویەک لە قودس - A House in Jerusalem




فیلمێکی دراما و ترسناکە، باس لە کچێك دەکات کە ماڵی لە وڵاتی بەریتانیاوە دەهێنێتە وڵاتی ئیسرائیل، لەوێوە بە هۆی مردنی دایکییەوە تووشی نەهامەتی دەبێت، لەو کاتەدا دیوێك دەناسێت کە کچێکە، هەر ئەو کچەش وای کردووە لە خێزانەکەی دابڕێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٣ خولەکە، لە دەرهێنانی (موئەیەد ئەلیان)، لە نووسینی سباستیان بۆك، فیلمەکە لە مانگی ٥ی ئەمساڵ لە بەریتانیا نمایش دەکرێت، لە نواندنی: مایلی لۆکی، مونا هاوا، ریبیکا کالدێر، سوعاد فارس، ماکرم خۆری، جونی هاریس.



## پەند و وتە

هێنری چارڵز بوکۆڤسکی، نووسەری ئەمریکی و ڕۆماننووس، لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری ئەندێرناچ لە ئەڵمانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٤ لە سان پێدررۆ لە ویلایەتی بینسیلڤانیا لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەسانی رۆشنبیر دەڵێ: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە شتێکی سادە بە شێوەیەکی گران دەڵێت هونەرمەند ئەو کەسەیە کە شتێکی گران بە شێوەیەکی سادە دەڵێت، ڕەنگە بلیمەتەکان توانای وتنی شتێکی قووڵیان هەبێت بە شێوەیەکی سادە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا، جگە لە پیاو و وشترێك، ئەسپێکیش هەیە، هەوڵدە بە وردی بیدۆزیتەوە و لەماوەی (٣٠) چرکەدا شوێنەکەی دیاری بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە ئەم ماوەیە ئاستی زانیارییەکانت زیاتر دەبێت و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێیت، هەوڵ بدە سوود لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرە لە پەیوەندی سۆزداریدا، بۆ ئەوەی دووبارە شکست نەهێنیت، ئاگاداربە واز لە گفتوگۆی توند و دەنگەدەنگ بهێنە، چونکە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیت هەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت چاڵاك بکە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدی بهێنیت و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێیت، ڕەنگە یەکێك لە پەیوەندییەکانت بگۆڕێت بۆ سۆزداری، ئەگەر خواستی خۆتی لەسەر بێت، هەمیشە وەرزش لە یاد مەکە، بەتایبەت کاتێك خواردنی زۆر چەور دەخۆیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

سود لە تێبینی و ڕەخنەی بەرپرسەکانت وەربگرە و هەوڵ بدە بە شێوەیەکی دروست لە کارەکانتدا جێبەجێیان بکەیت، خۆشەویستەکەت پێویستی بە پشتیوانیی تۆ هەیە لەم قۆناغەدا، تۆش یارمەتیی بدە، وا باشترە زیاتر بایەخ بە تەندروستی خۆت بدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەگەر بەم دواییانەدا کێشەی زۆرە ڕووبەڕووت بووەتەوە لە ڕووی پیشەییەوە، کە ڕەنگە پێشتر چاوەڕوانت نەکردبێت، دەبێت زۆر لەسەرخۆ ڕەفتار بکەیت، ڕێگەیەکی دروست بدۆزەرەوە بۆ گفتوگۆکردن و دەربڕینی هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت، خواردنی ناتەندروست کێشت زیاد دەکات وریا بە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکە و سوود لە پرۆژە نوێیەکان ببینە، بەهۆی ڕەفتار و مامەڵەکردنی خۆتەوە خۆشەویستیی هەمووان بەدەست دەهێنیت، بە هەموو جۆرێك لە هەر هۆکارێك خۆت بەدوور بگرە کە تووڕەت دەکات و زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کاتێك لە کارەکەت ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبیتەوە، دەبێت هەوڵ بدەیت پێش هەموو کارێك لەسەرخۆ بیت، بۆ ئەوەی بە زوویی چارەسەری بکەیت، ڕەنگە زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕووی سۆزدارییەوە تووشی کێشەت بکات، پێویستە هەوڵ بدەیت پشت بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ ببەستیت، ڕەنگە ئەم ماوەیە پێویستە بە پشوویەکی باش هەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking

The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars






Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس

بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

- 07502749592 - 07502749591
- www.infinitigps.com
- info@infinitigps.com
- khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
April 29, 2024 Issue,No.1411

